سادقی هیدایەت

نموونەی مەرگی نووسەر

نووسینو گۆڕینی:

حەمەکەریم عارف

سلێمانی ٢٠٠٧

سەرپەرشتیاری پڕۆژە: جەبار سابیر

ناوی کتێب: سادقی هیدایەت
ناوی نووسەرو وەرگێڕ : حەمە کەریم عارف
بابەت: لێکۆڵینەوە
تایپو هەڵەبڕی: نوسەر
نەخشە سازیو بەرگ: ناوەندی دیزاین (یانەی قەڵەم)
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپ: چاپی یەکەم(٢٠٠٧)
سەرپەرشتیاری هونەری: ئارام سدیق
سەرپەرشتیاری چاپ: ئاسۆ پێنجوێنی
ژمارەی سپاردن: (٨٢)ی وەزارەتی رۆشنبیری دراوەتیٚ.

لەچاپکراوەکانی پڕۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم

زنجیرەی ژمارە(١٧)

-١-

هەڵبەتە سەبارەت بە دەقی داهێنراوی ئەدەبی، دەبێ ئەوە رەچاو بکرێت کە نووسەر، دەق، رەخنەکر و خوێنەر پەیوەندییەکی ئۆرگانیان پێکەوە هەیە و لە حاڵی کارلێکدان و هەر یەکێك لەو لایەنانە نەخش و دەوری خۆی لە پێکهاتەی بەرهەم یان دەقەکەدا هەیە و بە زمانی تازەی رەخنەیی دەبێ بگوترێ کە هەر یەکێك لەو لایەنانە تاچ ئەندازەیەك بەرهەمە کە دەنووسێت یان دەقەکە دەخوڵقێنێ. بۆ وێنە بەلای ئەلیوت —وە (خوێنەر بە هەمان ئەندازەی خودی شاعیر مانای شیعرێك دیاری دەکات). هەڵبەتە ئەمە بۆ چوونێکی تازەیە و زۆر جیاوازە لە بۆ چوون و میتۆدە رەخنەییەکانی پێش خۆی.. جاران توێژەران و رەخنەگران، بە تایبەتی ئەوانەی کە (ناوەرۆك) و (فورم)— یان لێکدی دادەبڕی و لایەنی ناوەڕۆکیان لەسەر حیسابی فۆرم دەگرت، یئحتوبارێکی ئەوتۆیان بۆ زمان وەکو لایەنێکی دەق دانەدەناو زمانیان بە هۆیەك لە هۆیەکانی دەربڕینی ئەدەبی دادەنا کە گوایە هیچ رۆڵێکی لە دیاریکردنی ناوەڕۆکدا نییە. بەڵام تیۆری بونیادگەری — لەسەر بنەمای تیۆری زمان ناسی فەردینان دوسوسور — تەقریبەن سەلماندی کە زمان دەورێکی کارای لە دیاریکردنی مانا و نێوەڕۆکی بەرهەم و دەقی ئەدەبیدا هەیە، و لەم بارەیەوە زێدەرۆیش

کراوە. بەهەر حاڵ ئەگەر ئەم شۆڕشە زمانەوانییەی سوسوریش پەیدا نەبووایە، دیسان بۆچوونی ناوەڕۆك بازان، بە تایبەتی توندڕەوەکان، پەسند نەدەکرا، چونکە لە هیچ دیاردەیەکدا فۆرم و ناوەڕۆك بە تەواوەتی قابیلی لێکدی جیابوونەوە و جیاکردنەوە نین..

جا بابێینەوە سەر مەبەستی خۆمان، ئەوەی بەرهەرمێکی ئەدەبی لە بەرهەمێن مێژوویی یان سیاسی یان کۆمەڵناسی و یان... جیادەکاتەوە (ئەدەبییەتی) ئەوە بەرهەمەیە، جا ئەو (ئەدەبییەتە)ش لەوێوە پەیدا بووە کە ئەدەبیات بە زەبری (ئەوزار) یان (فەند)ی تایبەتی خۆی دەبووە مایەی ئەوە کە بابەتەکەی، مانا و ناوەڕۆکەکەی (ناباو) بێ، واتە روون و ئاشکرا نەبێ، تەنیا لەم رێگەیەوە بەرهەمێن خاڵیسە و بێ غەل و غەش چێ دەبوو بۆ وێنە ئەگەر بەرهەمێك تەنیا دەنگدانەوەی بیروبۆچوون و باوەڕێن نووسەرەکەی بێ، یان نمایندەی رووداووە دیارە باوە کۆمەڵایەتییەکان بێ، ئەگەر لە ئەنجامدانی ئەو مەبەستانەشدا سەرکەوتنی بە دەست هێنابێ ناچێتە خانەی بەرهەمی ئەدەبی خاڵیسەوە.

بەڵکو دەشێت بچێتە خانەی بەرهەمی بیوگرافی، ئۆتوبیوگرافی، کۆمەڵناسی و ئەو شتانەوە کە بە هەندێ کەرەستەی ئەدەبی (بۆ وێنە: کێش و قافیە) رازێنرابێتەوە.

هەڵبەتە ئەم بۆچوونە پاشان لە ئەنجومەنی زمانەوانی پراگدا (کە یاکوبسن دیارترین ئەندامی بوو) پەیگیری کرا، و پاشتر لەگەڵ پەیدابوون و دەرکەوتنی بونیادگەری و هەڵوەشاندنەوەگەرییدا — هەڵبەتە بە زمان و شیکردنەوەی پێشکەوتووتر — گەییە لوتکە خۆی.. کە لەم میتۆدەدا بایەخ و گرینگی نووسەر و هاندەرەکانی نووسەر بەرادەیەك لە توێژینەوەی بەرهەمێکدا کەم دەبێتەوە دەگاتە رادەی سڕینەوە و نەمان و بەمەش دەگوترێ مەرگی نوسەر هەڵبەتە (مەرگی نووسەر) ناوی یەکێك لە

گوتارەکانی رۆڵان بارت – ە کە بە ووردی لەو مەسەلەیە دەکۆڵێتەوە. واتە هەر کە پرۆسەی نووسین دەست پێدەکات ئیدی پەیوەندی نێوان خوێنەر و نووسەر دەپچڕێ و نووسەر لە مەرگی خۆی نزیک دەبێتەوە. رۆڵان بارت دەڵێت بەر لە رینیسانس کەسایەتی نووسەر لە ناوا نەبوو، بەڵکو (گوتیار) کارەکەی ئەوی نیشاندەدا و دەخستە روو. لێ لەوە بەدواوە، واتە لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمی رینیسانسدا ئیدی تایبەتمەندییەکانی نووسەر و ژینگەی نووسەر لە هەڵسانگاندن و توێژینەوەی بەرهەمی نووسەردا، گرینگییەکی زۆریان پەیدا کرد و لە ئەنجامی دەقی ئەدەبی هەر نووسەرێك لەبەر رۆشنایی رەوشت و رەفتار و راو بۆچوون و باری دەروونی و لایەنە جۆراو جۆرەکانی ژیانی خودی نووسەردا دەخرایە بەر شرۆڤە و هەڵسانگاندن و لێکدانەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە نەك هەر دەسەڵاتی نووسەر بەڵکو دەسەڵاتی رەخنەگریش بچەسپێ و هیچ دەورێك بۆ خوێنەر لە دیاریکردنی ناوەڕۆکی بەرهەمەکە (دەقەکە) نەمێنێ، واتە چەسپینی دەسەڵاتی نووسەر و روخنەگر لەسەر حەساوی خوێنەر بوو، چونکە کاتێ کە تایبەتمەندی شەخسی و کۆمەڵایەتی نووسەر لە ناوجەگەری دەقەکەدا حەسا و بکرێ، هەنگینێ مێژوونووسی ئەدەبی، توێژەری ئەدەبی و رەخنەگری ئەدەبی، کە لە خەڵکانی دیکە پتر ئاگاداری ئەو تایبەتمەندییانەی نووسەرن، رۆڵی (رونکەرەوەی) دەقەکە دەبینن بە گوتەیەکی دیکە رەخنەگر دێ بە خوێنەر دەڵێ کە (مەبەستی) نووسەر لە دەقەکەیدا ئەم یان ئەو شتەیە. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەگەر نووسەر و تایبەتمەندییەکانی نووسەر وەلابنرێن، ئیدی مەسەلەی رونکردنەوە و شرۆڤە، بەتاڵ دەبێتەوەو ئەو بایەخەی نامێنێ.

بەمجۆرەیە کە نووسینێك وەکو یەکەیەکی یەکپارچە دەردەکەوێ و تەجەلی دەکات چونکە هەر دەقێك لایەنی جۆراوجۆری هەیە کە رەگی

دەچێتەوە سەر گەلێك سەرچاوەی رۆشنبیریی.. تاقە خاڵێك کە لایەنە هەمە جۆرەکانی دەقێك کۆبکاتەوە و بگرێتە خۆ خوێنەرە – نەك نووسەر وەکو تا ئێستا باو بووە – خوێنەر بریتیە لە هاماج و کەش و هەوایەك کە هەموو ئەو دەستەواژانە دەگرێتە خۆ کە دەقێك یان نووسینێك پێك دەهێنن، بێ ئەوەی هیچ یەکێك لەو دەستەواژانە لە دەست بچن.

لە روانگە کلاسیکییەکەوە نووسەر بەر لە بەرهەمەکەی هەیە: نووسەر دەخوێنێتەوە، فێر دەبێ، تاقی دەکاتەوە، رەنج دەبات و لە ئاکامدا بەرهەمەکەی چێ دەبێ. واتە پەیوەندییەکی زەمانی – مێژوویی لە نێوان نووسەر و دەقی نووسینەکەیدا هەیە وەکو ئەوەی نووسەر باوك بێ و نووسینەکە فەرزەند بێ، یان نووسەر نیهاد بێ و نووسینەکەی گوزارە، بەڵام لە روانگە و بۆچوونی تازەی ئەدەبییەوە، لەبەر هەمێن تازەی رۆژگاری ئێمەدا ئەم مەودا زەمانییە لە نێوان نووسەر و دەقدا نییە، ئیدی دەق ئەو بەرهەمە نیە کە پاش ساڵانێك لە کارو کۆشش لە بۆتەی ئەزموونی تاکێکەوە پەیدا بووبێ و هەڵقوڵابێ، بەدەستی ئەو (نووسەر) مشت و ماڵ درابێ، وەکو راپۆرێك لە لایەن ئەوەوە عەرز کرابێ. نووسین، ئیدی – جگە لە زمان، کە لە زمانەوانی تازەدا، هەر سەرچاوەیەك یان سەرەتایەکی دی رەت دەکاتەوە – هیچ سەرچاوە و سەرەتایەکی دیکەی نییە، نووسەر ئێستا هەیە و نووسینەکەش هەنووکە دێتە نووسین. لە راستیدا نووسەر زیاتر سەیری بەرهەم دەکات تا بینووسێت. (یەکێتی دەقێك لە دەست پێکیدا نییە بەڵکو لە مەخسەد و مەبەست و ئامانجیدایە) واتا یەکێتی لەوێدا نییە کە لێیەوە دەست پێدەکات، بەڵکە لەوێدایە کە پێی دەگات. کەواتە یەکێتی بەرهەمێك لە خوێنەردا بەرجەستە دەبێت نەك لە نووسەردا. بەڵام ئەم مەبەستە – ئەم خاڵەی کە دەق دەیگاتێ – شەخسی نییە، چونکە خوێنەر بەواتای گشتی وشە، تاکێکی تایبەت و

دیاریکراو نییە، و ژیاننامە و چین و باری سایکۆلۆژی و دەروونی تایبەتی نییە. بەڵکو تەنیا فاکتەرێك – ـە کە لە یەك بنکەدا، لە یەك خاڵدا هەر هەموو ئەو رەگەزانە کۆ دەکاتەوە کە دەقێکیان پێك هێناوە. (رەخنەی کلاسیك هەرگیز بایەخی بە خوێنەر نەداوە و بە هەندی نەگرتووە، لە روانگەی کلاسیکەوە نووسەر تاقە کەسی (کارا و کاریگەر و دیاریکەرە) لە ئەدەبیاتدا... جا بۆ ئەوەی ئایندەی نووسین دروست بکەین پێویستە ئەفسانەی (نووسەر) سەرنگون بکەین: دەبێ لە دایکبوونی خوێنەر بە بەهای مەرگی نووسەر بێ.)

دیارە ئەم روانگە و بۆچوونە، لە بنەڕەتدا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکردوە و لە ئاخر و ئۆخری سەدەی بیستەمدا – بە تایبەتی لە بواری تیۆری ئەدەبی بونیادگەری و بونیادشکێنیدا – گەییوەتە لوتکەی خۆی و تەواو رەواجی پەیدا کردووە و برەوی سەندووە و بووە بە مۆدی رۆژ و هەڵبەتە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە هیچ برە و سەندنێك تا سەر نامێنێ و .. هیچ هەقیقەتێك بە دەقی خۆیەوە نامێنێ و لە ناو پرۆسەی گۆڕاندا دەگۆڕێ، و هەر کۆنێکی ئەمڕۆکەش بگری تازەی دوێنێ بووە، هەر تازەیەکی ئەمڕۆکەش دەبێ بە کۆنەی سبەینێ و هیچ دیاردە و روداوێك لەم سوننەتەی ژیان ناخەڵەسێت و دەرباز نابێت.

بەم پێیە و لەبەر رۆشنایی بۆچوونەکانی رۆڵان بارتدا ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە تا رۆشنبیریی و ئەدەبیات لە کۆمەڵگەدا بەرینتر و گشتی تر بێ، واتا دیموکراتیك تر بێ، دەوری رێژەیی وەرگر و خوێنەر (واتە تێکڕای مەردم) لە پێکهێنان و پێناسەی ئەدەبیاتدا پتر دەبێ و رۆڵی نووسەر کەمتر دەبێ. لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا ئەدەبیات بە رێژەیەکی زۆر (جەماوەری)یە، یانی زیاتر لە داستان و ئەفسانە و شیعر و مەتەڵ و ئاواز و گۆرانی عامیانەپێکهاتووە، لە حاڵەتی وەهادا ئەدەبیات (خاوەن) و

(دانەر) و (بێژەری) دیار و ئاشکرای نییە، بەڵکو لە رێگەی نەقڵ بێژ و گوتیار و شایەرانەوە دەگەیەنرێتە خەڵکی.

لێ کاتێ لەسەر بناغەی هەمان ئەو نەقڵ و سرود و داستان و ئەفسانانە.. بەر هەمێن حەماسی و لیریکی و وەسفی و ئەو شتانە هاتە رۆنان و تۆمار کران، ئیدی خاوەنەکانیان لە عەوامی خەڵك و هەروەها لە نەقڵ بێژان و شایەران و سروود بێژان جیاکرانەوە و هاتنە ناسین. ئەوەبوو بەرهەمێن ئەدەبی بەناوی هومەر و سوفوکلیس و بیلی تیس و فیرجیل.. و أمری القیس و فەرەزدەق و ئەبو نواس... و رودەکی و رابیعە و فەررخی و فیردەوسی... و رونیسار و رابلیە و شکسپیر هاتنە ناسین. بەڵام جارێکی دیکە و لە قۆناغێکی بالاٌتردا – بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، بە تایبەتی لە ولاٌتانی پێشکەوتوودا – کە خوێنەواری و کتێب خوێندنەوە و تەنانەت سینەما و رادیۆ و تەلەفزیۆن پەرەی سەند و گەلێك لە خوێنەران بە رێژەی جۆراوجۆر هەم لە خوڵقان و هەم لە نەقدی بەرهەمێن ئەدەبی و هونەریدا شارەزاییان پەیدا کرد، ناوەڕۆك و رەمز و ئەوزار و تەکنیکی ئەدەبی کەمدابێژێك حاڵەتی تایبەتی و ریزپەڕی خۆی لە دەست داو بەهەمان رێژەش خوێنەری ئەمڕۆش لە خوڵقاندن و نەقدی بەرهەمێن ئەدەبیدا – بە تایبەتی لە بەرهەمێن ئەدەبی سەردەمی خوێدا – بەشێکی گەورەتر بەدەس دێنێ و بەشدارییەکی پتر دەکات.

بە هەرحاڵ کە دەق بە وشە سپێردراو، وشە لەناو پێکهاتەی دەقدا بوو بە تانوپۆی زمان و خوێنەریش پەی بەرەمز و رازی برد، ئیدی دەستکراوەتر دەبێ لە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ دەقەکەدا و پێویستی بە نووسەر نامێنێ، و نەمانی نووسەریش رەنگە نەمانی رەخنەگری بە دوادا بێ و ئیدی هەم دەسەلاٌتی نووسەر و هەم دەسەلاٌتی رەخنەگر

هەرەس دەهێنن و خوێنەری جددی لە دایك دەبێ و بە خۆی هەموو بۆشاییەکان – ئەگەر بۆشایی رووبدات – پڕ دەکاتەوە و بە خۆی نێوەڕۆك و مانا و بایەخی دەقەکە دیاری دەکات.

-٢-

دەڵێن هەر کەسێك – و لە ئەنجامدا هەر نووسەرێك – لە بنەڕەتدا زادەی سەردەم و شوێنی خۆیەتی، یانی زادەی کۆ فاکتەرێن کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و پەروەردەیی و مێژوویی ئەو شوێن و سەردەمەیە کە تیایدا پەروەردە دەبێ و بەرهەمی خۆی تیادا دەخوڵقێنێ.. هەڵبەتە ئەم رێسایە ناتوانێ بە وردی مانا و چەمکی بەرهەمی نووسەرێك یان مەبەست و نیازی نووسەرێك دیاری بکات. ئەمە جگە لەوەی، وێڕای ئەوەی کە ئەو فاکتەرانە هەر یەکێکیان بە رێژەیەك دەوریان لە خوڵقانی بەرهەمێکدا هەیە، دابەزینی بەرهەمێك بۆ ئاستی نموونەیەکی دەروونناسی، یان تیۆرییەکی کۆمەڵایەتی، یان بەرنامەیەك یا شیکردنەوەیەکی سیاسی، ئیدی هیچ شتێك بۆ ئەدەبیات نایەڵێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر تاوان و سزا – ی دۆستۆفسکی تەنیا رەنگدانەوەیەکی حاڵەتە وردە دەروونییەکان بێ و دادگا – ی کافکا وێنە گرتنێکی فۆتۆگرافی کۆمەڵێك مەسەلەی روونی کۆمەڵایەتی بێ ئەدی رۆڵ و فایدەی ئەدەبیات چییە؟ هەر هەموو ئەم فاکتەرانە بەشێوە و رێژەی جۆراوجۆر دەور لە خوڵقانی بەرهەمێکدا دەبینن، لێ بەرهەمێکی ئەدەبی – ئەگەر بەراستی ئەدەبییەتی تێدا بێ – نایەتە خوارەوە بۆ ئاستی هیچ یەکێك لەوانە، واتە نابێ بەهیچ یەکێك لەوانە، ئەگەر ببێ ئەوا لەسەر حیسابی ئەدەبییەتەکەیە و لە ئەدەبییەت

دەکەویّ. کەواتە دەرگا بە پلەی جۆراوجۆر و جیاواز بۆ رەخنە و رەخنەگر کراوەیە. و خوێنەریش بە رێژەی جیاواز بەشداری لەم رەخنەیەدا هەیە و لەوەشە لە هەندیّ جارا بەتەواوەتی جێی رەخنەگر بگرێتەوەو (کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەرانبەر بە مەرگی رەخنەگر و پاشان مەرگی نووسەر دەوەستێتەوە).

بەهەر حاڵ پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکریّ کە جاران گەلێك لە تایبەتمەندییە جۆراوجۆرە فەردی و کۆمەڵایەتییەکانی نووسەرێکیش لە رێگەی رەخنەگرەوە دەگەییە خەڵکی، واتە خەڵکی زیاتر لە رێگەی شەرح و شرۆڤەو توێژینەوەی رەخنەگر لە کەسایەتی و ژینگەی کۆمەڵایەتی نووسەر، نووسەریان دەناسی بەتایبەتی کە هیچ ژینامە و بیرەوەرییەك دەربارەی ئەو نووسەرانە لەبەردەستدا نەبووە، و ئەمە پتر لە رێگەی زەینی رەخنەگر و خوێنەرەوە مانای پەیدا کردووە و بەم شێوەیە ئەو ژینامەو بیرەوەریانەش قابیلی تەئویل و لێکدانەوەی جیاوازن" بەڵام خاڵی گرینگ ئەمەیە کە لە زۆر بوارا، گەلێك لە (زانیارییەکانی) رەخنەگرو خوێنەر دەربارەی ژیان و ژینگەو تایبەتمەندی فەردی و کۆمەڵایەتی نووسەر لە خودی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەوەوە هەڵێنجراوە. بەمجۆرە خودی نووسەریش تا ئەندازەیەکی زۆر لە رێگەی بەرهەمەکەیەوە دەناسرێت، ئەمە لە حاڵێکدایە کە بەرواڵەت وا پێدەچێت کە ئاشنایی دەگەڵ تابەتمەندی فەردی و کۆمەڵایەتی نووسەرو ژینگەی کۆمەڵایەتی نووسەردا، ماناو چەمکی بەرهەمەکەی دیاری کردووە. بەهەر حاڵ زۆر جار بەرهەمی نووسەر کاریگەری خۆی هەیە لە ناساندنی نووسەردا. واتە نووسەر بوونێکی رێژەیی لە بەرهەمیدا هەیە و بەرهەمەکەی دەبیّ بە کلاّورۆژنەیەك بۆ ناساندنی. سادقی هیدایەت یەکێکە لەو نووسەرانە.

***

مەسەلەی حوزوری رێژەی سادقی هیدایەت لە بەرهەمەکانیا دەکرێت بە دوو شێوە بخرێتە روو: یەکەم هاندەرو نیازو نییەتی هیدایەت لەم بەرهەم یان لەو بەرهەمیدا یان لە کۆی بەرهەمەکانیا چی بووە، و ماناو چەمکی چیرۆکەکانی چییە. دووەم: شەخسی خۆی" خودی خۆی تا چ رادەیەك لە چیرۆکەکانیا حازرە، واتە تەبع و تەبیعەت و خوو خدەو ئەتوار و، بیرو بۆچوونە کۆمەڵایەتییەکانی بە چ رێژەیەك لە چیرۆکەکانیدا رەنگی داوەتەوەو بەرجەستە بووە؟!

سەبارەت بە هاندەرو نیازو نییەت و مەبەستی نووسەرو ئەوجا ئەو ماناو چەمکەی خۆی لەناو بەرهەمەکەیدا پێی قایلە و مەبەستیەتی، لە باشترین حاڵەتدا هەر نووسەر خۆی دەتوانیّ دیاری بکات و ئەم شتەش یەجگار کەمەو ئەوجاش ئەو بەرهەمە قسەو لێکدانەوەو شەرحو شرۆڤەی دیکەش هەڵدەگرێت. سەبارەت بە پرسیاری دووەم ئەمە قابیلی لێکدانەوەو توێژینەوەیە چونکە هەم ژیان و بیروبۆچوون و ژینگەی نووسەر بە جۆرێك لە جۆران لەبەرهەمیا رەنگدەداتەوەو خۆ سەبارەت بە یەکێکی وەکو هیدایەت، ئەوا زانیاری – جیا لەبەرهەمە ئەدەبییەکانی – لەبەر دەستدا هەیە.

لێرەدا زیاتر چیرۆکەکانی هیدایەتمان مەبەستە تا کارەکانی دیکەی. کارە چیرۆکڤانییەکانی دەکرا بەسەر چوار جۆردا دابەش بکرێن چێرۆکێن ریالستی و رەخنەوانی وەکو (طلب امرزش، علویە خانم)، نمایشنامە و چیرۆکە ناسیونالیستی و رۆمانتیکەکانی وەکو:(پروین دخترساسان، اخرین لبخند)، چیرۆکێن تەنزئامێزو تەنزنامەکانی وەکو (حاجی اقا، قضیە زیربتە، و وغ وغ ساهاب)، چیرۆکە سایکولوژییەکانی وەکو (بوف کور، سەقطرەخون)، زندەبەگور، مردی کەنفش را کشت، عروسك پشت پردە).

هەڵبەتە ئەم خانەبەندییە بەو مانایە نییە کە هیچ جۆرە تێکەڵاوی و ویکچوونێك لە نێوان ئەو چیرۆکانەدا نیە، بەڵکو تەنیا بۆ ئەوەیە کە هەر گرووپێك لەو چوار گرووپە ئەوەندەیان تایبەتمەندی و خاڵی هاوبەش لە نێوان دا هەیە کە لە گرووپەکانی دی جیا بکرێتەوە.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکە ریالیستی و رەخنەوانییەکانی هیدایەت ئەوەیە کە حوزوری نووسەر وەکو ژیانی تایبەتی و سایکولوژی و تەبع و تەبیعەت و بۆچوونە کۆمەڵایەتییەکانی، بەشێوەیەکی گشتی و لە چاو گرووپە چیرۆکەکانی دیکەیدا یەجگار کەم و ناچیزەیەو هەستی پێ ناکرێت. ئەم چیرۆکانە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان و داب و نەریت و ئەتوارو رەوشت و هەڵس وکەوتی خەڵکی ئاسایی شارنشینی سەردەمی ئەوە (هیدایەت) بەڵام ئەمانە لە قاڵبی بەرهەمی ئەدەبیدان نەك لە قاڵبی راپۆرتی رۆژنامەوانی و تێبینی و شەرح و شیکردنەوەی کۆمەڵناسی. هیدایەت بەزمان و تەکنێکن چیرۆکڤانی رەوشت و داب و نەریت و رەفتار و پەیوەندی و باوەڕو گیروگرفتی ئەو خەڵکە بەرجەستە دەکات و پێشانی دەدات. هەڵبەتە لەم چیرۆکانەدا هیچ لایەنگیرییەکی چینی چەوساوە بەدی ناکرێت و هیچ رێچکەو رێبازو بەرنامەیەکی سیاسی زەق هەست پێناکریٚ" خۆ ئەگەر بەرێکەوت و بە شێوەیەکی رەوتەنی و بەلەز جۆرە، داوەری و قەزاوەتێك بەدی بکریٚ، ئەوا داوەرییەکی سەلبی یە، چونکە گەلێك لە کاراکتەرانی ئەم چیرۆکانە خەڵکانی دووڕوو، درۆزن، بەد خوو بەد رەوشت و جار جار دزو پیاو کوژان، ئەمەش زادەو بەرەنجامی خەسڵەتێن ریالیستی و رەخنەوانی خودی چیرۆکەکانە. بەهەر حاڵ نووسەر داوەرییەکی ئەوتۆ سەبارەت بە گوفتارو کرداری ئەوانە ناکات و خۆ ئەگەر رەخنەگر یان خوێنەر داوەرییەکی لەو بابەتەی بەمیشکدا بیٚ، ئەوا داوەری ئەوە نەك هی نووسەر.

بەرهەمە ناسیونالیستی و رۆمانتیکەکانی هیدایەت، پێچەوانەی گرووپی پێشووە. واتا ئامادە بوون و حوزوری سۆز و باوەڕێن نووسەر لەم بەرهەمانەدا – کە ژمارەشیان زۆر نییە – بە رادەیەکە کە هەندێ جار کار دەگاتە شیعاراتبازی و تەنانەت حنێو دان. ئەم بەرهەمانە رەنگدانەوەی ئەو ناسیونالیزمە رۆمانتیکیەیە کە رەگی لە سەدەی نۆزدە و بناوانە قوڵەکانی شۆڕشی مەشروتە دایە، بەڵام لە گەرمەی جەنگی جیهانی یەکەمدا – و بە تایبەتی پاش کۆتایی جەنگ – تەقییەوە و کارێکی زۆری کردە سەر هەموو لایەنی کۆمەلایەتی و شارستانی ئێران. لایەنی رەسمی و دەوڵەتی ئەم ناسیونالیزمە بە خێرایی بوو بە ئایدولوژی دەسەلاتی حوکمران. بەڵام لایەنە رۆشنبیری و نا رەسمییەکانی لە نێوان رۆشنبیران و نووسەران و شاعیران و خوێنەوارانـدا – تەنانەت لەناو ئەوانەشدا کە وەکو هیدایەت لە گەڵ دەسەلاتی حوکمران تەبا نەبوون – رەواجی پەیداکرد و پەرەی سەند.

بە هەرحاڵ بیر و بۆچوونی ناسیونالیستی و رۆمانتیکی نووسەر بەشێوەیەکی زەق لە نمایشنامەێن پروین دختر ساسان و مازیار، و هەروەها لە کورتە چیرۆکێن سایه مغول، آخرین لبخند دا، دەردەکەوێ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێت بگوترێ چونکە ناسیونالیزمی رۆمانتیکی یەکێك بووە لە دیاردە بڵاوو باوە کارێگەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو زەمانە، بۆیە نووسەر (هیدایەت) لە بەرهەمەکانیا کاری لەسەر کردووە، واتە مەرج نییە ئەو هەستە ناسیونالیزمییە لەلای نووسەر هەبووبێ، یان لەو هەستەدا شەرێك بووبێ. بەڵام کاتێ کە تەمەشای هەندێ بەرهەمی ناچیرۆکی وەکو سەفەرنامەی أصفهان نصف جیهان و پێشەکی ترانەهای خیام دەکەین و بە هەمان شێوە و بگرە تۆختریش ئەو هەستە بەرجەستەکراوە، ئیدی هیچ گومان لەوە دانامێنیٚ کە راوبۆچوونی خودی

هیدایەت لە نمایشنامە و چیرۆکە ناسیولیستییە ڕۆمانتیکییەکانیدا حازرە.

لە گرووپی سێیەمی بەرهەمەکانی هیدایەت – شدا، واتە لە چیرۆکە تەنز ئامێز و تەنزنامەکانیدا، ئەم حوزوری بیروبۆچوون و ئەندێشە و باوەڕە شەخسییانەی نووسەر کەمدابێژێك زەق و دیارە. بەڵام ئەگەر ئەو بیروبۆچوونە شەخسییانە لە بەرهەمە ناسیونالیست و ڕۆمانتیکییەکانی کەمتر نەبێ، ئەوا لە رووی ناسکی و ئەدەبییەتەوە گەلێ لەو بەرهەمانە باڵاتر و لە پێشترە.ئەم بەرهەمانە دوو لایەنی گرتۆتە خۆ، یەکێکیان رەخنەی ئەدەبییە و ئەوی تریان رەخنەی سیاسی.

تەنز و رەخنەی سیاسی هیدایەت – ش رەنگدانەوەیەکی بۆچوون و سۆزەکانی خودی هیدایەت خۆیەتی چونکە لە چەند بەرهەمێکی جیاوازی نووسەردا تووشی هەمان باوەڕ و هەست و سۆز دەبینەوە و لەوێشدا گاڵتە بە ئەنجومەنی دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ئەدەبی دەکات. لە زۆربەی تەنزەکانی هیدایەتدا خوێنەر و رەخنەگر هەست بە ئامادەبوون و حوزوری خودی نووسەر دەکات و..

شۆرەت و ناوبانگی هیدایەت زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ گرووپی چوارەمی چیرۆکەکانی کە زیاتر سەر و سەختیان لەگەڵ حاڵەت و باری دەروونیدا هەیە. لەوانە: بوف کور سەقطرە خون، زندە بەگور، مردی کە نفش راکشت، عروسك پشت پردە، هوسباز، فردا و گەلێکی دیکە، لە باری تەکنیکەوە چەند چیرۆکیکی کەم لەمانە، شەقڵ و تایبەتمەندی مودیرنیستی وەرگرتووە و زۆر بەشیان لە ریالیزمی تەقلیدییەوە نزیکن.. بە هەرحاڵ بابەتی سەرەکی ئەم چیرۆکانە بە زەمان و شوێنی تایبەتییەوە بەندنین، بۆیە ناکرێت سیفەتی شەرقی یان غەربییان پێ بدرێت. هەڵبەتە شۆرەت و نێوبانگی هیدایەت پتر بەم چیرۆکانەوە – یەتی نەك تەنیا لەبەر

ئەوەی کە (بوف کور) شاکاری ئەوەو چەند چیرۆکێکی سایکولوژی لە باشترین بەرهەمێن ئەون، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە خودی هیدایەت بەم چیرۆکانە و کاراکتەرێن ئەم چیرۆکانە و بابەتێن ئەم چیرۆکانەوە پێناسە دەکرێت و دەناسرێت، ئەم حاڵەتە گەییوەتە رادەیەك کە هیدایەت لە ژینگە و کات و شوێنی خۆی هاتۆتە دابڕین و خەڵکانێکی زۆر لەناو ئەو چیرۆکانەدا بۆی دەگەڕێن و گەلێك لەو ئەفسانانەی لەمەڕ ژیان و گوتار و کرداری دروست کراون، لەو دەقانەوە" لە دەقی ئەو چیرۆکانەوە هەڵێنجراون. گوتمان ٢-٣ چیرۆکی دەرونی کەم دابێژێك مودرنیستین و ئەوانەی دیکە ریالیستین. بەڵام لە زۆر لایەنەوە هەم کەش و هەوا و فەزای چیرۆکەکان لێکدەچن و هەم رەگەزێن بنەڕەتی چیرۆکەکان و هەم ئەو مەسەلە و بابەتانەی کە گوتیاران (راوی) و کاراکتەرەکان روو بەرووی دەبنەوە و مامەڵەی لە تەکدا دەکەن.

فەزا و کەش و هەوا لەم چیرۆکانەدا بەرێژەی جۆراوجۆر سەنگینە" ژینگە ئاڵۆز و راز ئامێزە، و بابەت و مەسەلەکان بەتەم و نارروونە – و زۆر جار لە حەلکردن و چارەسەرنایەن. خۆڵاسە لە کۆتایی هەر چیرۆکێکدا، بنیادەمێك، سەگێك، پشیلەیەك یان دەمرێت یان خۆکوژی دەکات، یان دەکوژێ، یان ون دەبێت و بێ سەر و شوێن دەبێ، یان هەڵدێ و سەری خۆی هەڵدەگرێت، یان بەلای کەمەوە تێك دەشکێت. بابەت و مەسەلەکانیش؟ مەسەلەی بوون – و نەبوونە، دنیا، جەبر و ئختیار، مەودای کێماسی و کەماڵ، بردنەوە و دۆڕان، سەرکەوتن و بەسەردا کەوتن. مەردایەتی و نامەردی پەیوەندی و دابڕانی پیاو لە ژن. بە هەرحاڵ ناکرێ خولیا و کەڵکەڵە و مەبەستەکانی نووسەر بەووردی و بە تەواوەتی لە هیچ بەرهەمێکی ئەدەبیدا دیاری بکرێت، واتە ناکرێ ئەو مانا و چەمکە رۆشن بکرێتەوە کە دەقاودەق نووسەر مەبەستی بووە. جا ئەمە بە تایبەتی

دەربارەی ئەم جۆرە بەرهەمانە دروستە، کە بە حوکم و زەبری شێواز و تەکنیك و کەرەستەی ئەدەبی بەتەم و مژوو ئاڵۆز و پڕ پێچ و پەنایە، بەڵام کەشفکردنی حوزوری ڕێژەیی نووسەر (یانی راو بەهاو مەسەلە فەلسەفی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکانی نووسەر) لەم جۆرە بەرهەمانەدا لە گوینە، هەم لە ڕێگەی بەراوردکردنی ئەم بەرهەمانە لەگەڵ یەکدیدا، و هەم لە ڕێگەی بەراوردکردنی ئەم بەرهەمانە لەگەڵ بەرهەمە ناخەیاڵییەکانی نووسەردا.

بۆ نمونە گەر تۆزێ بەوردی سەرنج بدەین دەبینین کە زۆر رەگەزی بنەڕەتی (بوف کور)، کەم و زۆر لە چیرۆکە سایکۆلۆژییەکانی دیکەی هیدایەتدا، چ لەوانەی پێش (بوف کور) نووسراون و چ لەوانەی پاش (بوف کور) نووسراون بەدی دەکرێن. بە هەرحاڵ نووسەری هەموو ئەم چیرۆکانە، هیدایەتە، بۆیە لێکچوونی نزیکی بیروبۆچوون و بەهاو داوەرییەکانی ناو ئەم چیرۆکانە بمانەوێ و نەمانەوێ جۆرە رەنگدانەوەیەکی حاڵات و بیرەکانی خودی هیدایەتە.

زندە بەگۆڕ

یەکێکە لە چیرۆکەکانی سەرەتای هیدایەت. لە ٢٦ ساڵیدا لە پاریس نووسیویەتی. ئەمە سەرگوزەشتە و حیکایەتی خوێنکارێکی ئێرانییە کە لەبەر هەندێ هۆی نادیار لە ژیان تێر بووەو چەند جارێك هەوڵی خۆکوژی دەدات تا لە کۆتاییدا خۆی دەکوژێت.. ئەگەر تەماشای هەندێ نامەی هیدایەت بۆ مەحمودی برای و بۆ دکتۆر تەقی رەزەوی بکەین هیچ گومانێك لەوەدا نامێنێ کە هەوڵە خۆکوژییەکانی هیدایەت لە ئەوروپادا، هەوێن و بنەمای چیرۆکی (زندە بەگۆڕ) ە، هەرچەند چیرۆکەکە ئەدەبییەتی خۆی هەیەو بریتی نییە لە شەرح و شرۆڤەیەکی سادەی حاڵەت و تەجرەبەکانی شەخسی هیدایەت.

(بوف کور)ش هەر (زندە بەگور)ە و رەنگە بەزەبری شێوازەکەی قووڵییەکی هونەری زیاتری وەرگرتبێ بەڵام مەرگ و ئارەزووی مەرگ سەرانسەری چیرۆکەکەی تەنیوە. تا چاو هەتەر دەکات هەر مەرگە و تا گوێ دەبیستێ هەر دەنگی مەرگە و بەشەر لەو چیرۆکانەدا مەرگە مەرگ، مەرگ لە فریوو و تەفرەکانی ژیان نەجاتی دەدات.

بە هەرحاڵ لە ئەنجامی بەراوردێکی خێرای نێوەرۆکی هەر چوار گرووپە چیرۆکەکانی هیدایەتەوە ئەوەمان بۆ بە دیار دەکەوێ کە کارێگەری و رەنگدانەوەی بیر و بۆچوونەکانی و بەهاکانی لە چیرۆکە ناسیونالیستی رۆمانتیکی و تەنز و تەنزنامە – کانیدا، هەروەها سۆز و ئاکار و

ئەزموونەکانی و کەسایەتی خۆی لە چیرۆکە سایکۆلۆژییەکانیدا بەڕێژەی جۆراوجۆر هەستی پێدەکرێت.

بە هەرحاڵ بەپێی تەقسیمبەندی رۆڵان بارت بۆ بەرهەمێن ئەدەبی، بەرهەمی ئەدەبی دەکرێت بە دوو بەشەوە، بەشی خوانشی (بۆ خوێندنەوە) و بەشی نگارشی (بۆ نووسین) واتە لە بەشی یەکەمدا خوێنەر تەنیا بە شداریی خوێندنەوە دەکات، و لەبەشی دووەمدا خوێنەر بەشداری نووسین دەکات، بە هەرحاڵ ئەمە حوکمی بنجبڕش نییە. بەرهەمی خوانشی ڕێژەیەکی زۆر لە راوبۆچوون و بەهاکانی نووسەر دەگرێتە خۆ، و خوێنەر ناتوانێ لە (نووسینەوەی) بەرهەمەکەدا رۆڵێکی تەواو بدینێ. جا لەبەر رۆشنایی ئەم راو بۆچوونانەدا بەرهەمە ناسیونالیستی و رۆمانتیکەکانی هیدایەت خوانشی ترین بەرهەمی هیدایەتن، چونکە حوکم و بەهاو داوەرییەکانی خودی نووسەر زۆر بەفراوانی و بەخەستی لەو بەرهەمانەیدا دەبینرێن، هەڵبەتە ئەمە نابێتە مایەی ئەوەی کە خوێنەر بەزەرورەت ئەو راوبۆچوون و بەهاو کەڵکەڵانە پەسند بکات... بەشێوەیەکی گشتی تا ئەدەبییەتی بەرهەمێك لاوازتر بێ خوێنراوتر دەبێ (ئەگەر چی لەوەشە بەرهەمێکی خوانشی لە کوللییەتدا لە بەرهەمێکی نگاریشی باشتر بێ) هەڵبەتە ئەو حوکمانەی سەرێ سەبارەت بە تەنز و چیرۆکە تەنز ئامێزەکانی هیدایەت زۆر کەمتر تەتبیق دەبێت.

یەکێك لە گیروگرفتەکانی هەڵسەنگاندنی چیرۆکەکانی هیدایەت ئەوەیە، کە لە کاتێکا پێویستە چیرۆکی ریالیستی و رەخنەیی خوانشی تر بێ و چیرۆکی سایکۆلۆژی نگارشی تر بێ، کە چی ئەم رێسایە سەبارەت بە چیرۆکە ریالیستی و چیرۆکە سایکۆلۆژییەکانی هیدایەت بەزەرورەت دروست نییە. ئێمە لە بەراوردی چیرۆکەکانی هیدایەتدا ئەوەمان بۆ بەدیارکەوت کە شەخسی هیدایەت وەکو راوبۆچوون و ئایدۆلۆژیا و

داوەری ئەوەندە بەرجەستە و بەرچاو نییە، کەچی حوزوری لەناو چیرۆکە سایکۆلۆییەکانیدا تا ئەندازەیەکی زۆر دیارە و هەستی پێدەکرێ. لەگەڵ ئەمەشدا دەستی خوێنەر لە شەرح و تەعبیر و لێکدانەوە و شرۆڤە – و بە مانایەکی دی لە (نووسین)ی (بوف کور)، سەقطرەخون، مردی کە نفش راکشت، و زندە بەگور کراوە ترە تا لە علویە خانم، طلب آمرزش و حاجی مراد و مردە خورها.

دەکرێت ئەم ناکۆکییە رواڵەتییە بەپشتیوانی ئەم خاڵانە بێتە روونکردنەوە" حوزوری هیدایەت لە چیرۆکە سایکۆلۆژییەکانیدا لە بنەڕەتدا حوزورێکی عاتیفی و دەروونناسییە نەك حوزوری ئەقڵی و کۆمەڵایەتی لەم بەرهەمانەدا ئێمە لە تەماسی نووسەر لەگەڵ زاراوەێن گەورەی زەمینی و ئاسمانی – بوون، نەبوون، ئەشق، ئەخلاق، چارەنووس و ئەو شتانە – نزیك دەبینەوە.

ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هەر یەکێك لە ئێمە ئازادە کە بە مەزەندە و بۆ چوونی خۆی مانا و چەمکی ئەو بەرهەمانە، و نووسەری ئەو بەرهەمانە بدۆزێتەوە و کەشفی بکات و شەرح و شرۆڤەی بکات.. بە هەر حاڵ دەکرێت بگەینە ئەو ئەنجام و رێسایەی کە حوزوری عاتیفی و دەروونناسی نووسەر لە نووسینەکانیدا ناکاتە سڕینەوەی نگارشی بوونی ئەو بەرهەمە، لەبەر ئەوەی:

١– زاراوەێن ئەقڵی و کۆمەڵایەتی بناغەی کارەکە پێك ناهێنێ

٢– ئەو شێواز و تەکنیك و ئەوزارە ئەدەبییانەی کە لە بەرهەمەکەدا بەکار براون لە جێی خۆیاندا و بەدەوری خۆیان کاریگەریان بەسەر خوانشی بوون یان نگارشی بوونی ئەو بەرهەمەوە هەیە کە تیایدا بەکار هاتوون. واتە تەکنیك و شێواز و کەرەستە ئەدەبییەکان خوانشی بوون یا نگارشی بوونی دەقەکە دیاری دەکەن.

-٣-

وەختێ هیدایەت مرد ئیدی گەلێك ئەفسانە و حیکایەتی بە پەڕو باڵ دەربارەی خۆی و ژیانی هاتە هەڵبەستن و هۆندنەوە، لە ئەنجامیشدا ئەوە روون نەبووەوە کە ئەو ژیانە چ بوو کە بەم مەرگە کۆتایی هات.

بێگومان ئەویش مرۆڤێك بوو لە چوارچێوە گشتییەکەدا وەکو هەر مرۆڤێکی دی حیسابات و گیروگرفت و گرفتاری خۆ هەبوو، یانی لە مەسەلە و گرفتارییە گشتییەکاندا وەکو هەر مرۆڤێکی سەردەمی خۆی وابوو، لێ لە وردەکاری و تایبەتمەندییەکاندا لە زۆربەی خەڵکی جیاواز بوو. جا ئەم جیاوازییە خۆی لە خۆیدا خاڵی وەرچەرخان و دابڕان و سەرچاوەی سەر یەشەکانە، چونکە کە ئەویان نەناسی لێی ترسان، کە لێی ترسان، دەریانکرد، و حاشایان لێکرد و نکوڵییان لێکرد و ترساندیان، ئەم هەڵوێستە ستەمامێزە بووە هۆی ئەوەی کە هیدایەت زیاتر لێیان بترسێت و دەست لەسەر ئەو شتانە دابگرێ کە ئەوانی دەترسان. بە هەرحاڵ وەختێ مرد ئەو ترسەیان لە دڵدا رەوییەوە و ئەوجا هاتن بەرهەمەکانیان کرد بە چەکێك بۆ ترساندنی خەڵکی دی..

بە هەرحاڵ ئەمە شتێکی تازە نەبوو، کۆمەڵ لە سەرەتاوە ئەو بابەتە خەڵکە دەکوژن و پاشان دەیانکەن بە شەهید. ئەوەتا سەرپەرشتیاری

گشتی (المفتش العام) لە رۆمانی برایانی کارامازۆفدا لە زیندندا بە تاپۆیەکەی مەسیحی گوت کە ئەو جیهانێکی دابوو بەیەکدا، و ئەوان – بە ناوی ئەوەوە – نەزمێکیان بۆ جیهان گەڕاندبووەوە (ئێستا بۆ چی گەڕاوێتەوە کە ئێمە بخەیە زەحمەتەوە؟)

بێگومان لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە بگوترێ هیدایەت بێ غەل و خەوش و عەیب بووەو هەرچی دەگوت و دەکرد هەر لەسەر هەق بوو، و هەر کەسێ لە بارەیەوە بڵێ لەل لە خاچ بدرێ.

مەسەلەکەمان ئەمەیە کە نووسەر تا چ ئەندازەیەك بەرهەکەمەی (خۆی دەینووسێت). واتە رۆڵی رێژەیی نووسەر، رەخنەگر و خوێنەر لە دیاریکردنی مانا و چەمك و بەها و گرینگی بەرهەمدا چییە. لە کۆندا رۆڵی خودی نووسەر، ژیانی، چینی، ژینگەی کۆمەڵایەتی، ئاکار و مەبەستەکانیان دەخستە ریزی پێشەوەی تۆژینەوە و هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە. لە سەدەی بیستەمیشدا رێبازە جیاوازەکانی رەخنە“ رەخنەی کلاسیك و ریالیزمی سوسیالیستی و رەخنەی شیکاری دەروونی – هەریەکەیان، وێڕای جیاوازی و ناکۆکیان دەگەڵ یەکدیدا – لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمێن ئەدەبیدا تاکیدیان لەسەر تایبەتمەندییە فەردی و کۆمەڵایەتییەکانی نووسەر دەکرد. بەڵام ئەم رەوت و رێبازە لە هەندێ تییۆریانی دیدا – لە فۆرمالیستانی روسی و ئەنجومەنی پراگ –وە بیگرە تا رەخنەی نوێی ئینگلیزی – ئەمریکایی – بەرە بەرە وەلانرا، تا ئەو شوێنەی کە بونیادگەرایان و بونیادشکێنان – بەگوتەی رولان بارت – (مەرگی نووسەریان) راگەیاند.

بە هەرحاڵ لە کۆنیشدا، لە هەندێ قۆناغاندا حەساوی زۆر بۆ گوێگر و خوێنەر کراوە و دەوریان لە پێك هێنان و تێگەیاندن و لە دوا ئەنجامدا لە (نووسین)ی بەرهەمێکی ئەدەبیدا هەبووە. هەر بۆیە حیکایەت و ئەفسانە

کۆنەکان – بەر لەوەی شێوەی ئەدەبیاتی نووسراو وەربگرن – دانەر و نووسەری دیاریان نەبووە. (مەرگی نووسەر). کەچی لە قۆناغەکانی کلاسیکدا – بۆ نموونە لە یونان و رومی کۆن، لە ئێرانی پاش ئێسلام، و لە ئەوروپای پاش رینیسانس – رۆڵی – نووسەر و گوتیار زاڵ بووە. لە دنیای ئەمڕۆدا – دیسانەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە – دیسانەوە خوێنەر رۆڵێکی چالاکتر و دیارتری لە خوڵقاندنی بەرهەمی ئەدەبیدا وەرگرتوەتەوە. جا لەم بوارەدا دەبێ رۆڵی رەخنەگریش رەچاوبکرێ، چونکە زۆرێ لەو رۆڵەی دراوەتە پاڵ نووسەر لە حەقیقەتدا رۆڵی رەخنەگرە. ئێمە بە زۆری شەخسی نووسەر و ئەو دەورەی دەیبینێ لە رێگەی رەخنەگرەوە دەیناسین. کەواتە ئەگەر قەرار بێ مەرگێك – هەڵبەت بە مانا استعارییەکەی – لە ئارادا بێ ئەوا (مەرگی رەخنەگر) لە پێش (مەرگی نووسەردایە). کاتێ کە رەخنەگر (مرد) نووسەریش خۆ بەخۆ (دەمرێ)

-٤-

بەرهەمێن هیدایەت – جگە لە لێکۆڵینەوەکانی لەمەڕ دەقێن پەهلەوی و کەلتووری عامیانەی فارسی – دەتوانرێ بکرێ بە چوار گوروپەوە. چیرۆکێن ناسیونالیستی و حیکایەت و دەقێن تەنزئامێز، بەرهەمێن ریالیستی و چیرۆکە سایکۆلۆژییەکان. هەڵبەتە ئەم خانەبەندییەش، خانەبەندییەکی یەکجارەکی و بنجبڕ نییە، واتە چیرۆکەکان بە تەواوەتی لێکدی دانەبڕاون. بەڵکو لە راستیا هەست و کەڵکەڵە ناسیونالیستیەکانی هیدایەت لە گەلێك لە بەرهەمە جۆراو جۆراەکانیدا کەمدابێژێك دیار و بەرجەستەیە.

چیرۆکە ناسیونالیستیەکانی هیدایەت رەنگدانەوەی ئەو هەستە توند و رۆمانتیکیانەیە کە لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا لە نێو رۆشنبیران، هونەرمەندان و خوێنەوارانی مودێرنی ئێرانیدا رەواجی پەیدا کرد، و پاشان لە سەردەمی پەهلەویدا گۆڕاو بوو بە نیمچە ئایدولۆژییەکی دەوڵەتی.

یەکێك لە دیاردە گرینگەکانی ئەم هەستە توندە خۆ بەستنەوەی توند و خەیاڵی بە ئێرانی بەر لە ئیسلامەوە بوو کە هەمیشە لەگەڵ ئێرانی هاوچەرخدا – واتە ئەو ئێرانەی کە ١٣ سەدە موسوڵمان بووە – بەراورد دەکرا، هەڵبەتە ئەنجامی ئەم بەراوردە زۆربەی کات ئەوە بوو کە دەبێ لە کەلتوری ئیسلامیدا بۆ رەگ و ریشەی هەژاری و داماوی و لاوازی و

پاشکەوتوویی ئێران – ی سەردەمی قاجارییەکان بگەڕێی. ئیدی ئەمەش جۆرێك لە رقی سەبارەت بە عەرەب لێدەکەوتەوە بەو حەساوەی نەتەوەی عەرەب هەم داهێنەری ئیسلام بووە و هەم فاکتەری تەسلیم بوونی کۆمەڵگەی کۆنی ئێران بووە.

هەڵبەتە لەناو بەرهەمەکانی هیدایەتدا، نمایشنامەی (پروین دختر ساسان و مازیار)، کورتە چیرۆکی (آخرین لبخند) هەروەها بەشێك لە پێشەکی (ترانەهای خیام و سەفەرنامەی (أصفهان نصف جیهان) نمایندەی ئەم جۆرە هەستە توندە ناسیونالیستی و رۆمانتیکییەن.

راستە هیدایەت هەرگیز بە تەواوەتی دەستبەرداری هەستی ناسیونالیستی نابێ، بەڵام لە ناوەڕاستی سەردەمی رەزا شاوە – کە ئەم جۆرە هەستانە بوونە دەستمایەی گەورەی بانگەشەو پرو پاگەندەی دەوڵەتی – ئیدی هیدایەت نەك هەر چیرۆکی ناسیونالیستی نانووسێت بەڵکو لە کورتە چیرۆکی (میهن پرست)دا ئەم جۆرە بانگەشە دەوڵەتییە دەداتە بەر تەوس و توانج و بە تەواوەتی خۆی لە ناسیونالیزمی دەوڵەتی جودا دەکاتەوە. لە (توپ مروارید)دا هیدایەت پاشماوەی هەستێن ناسیونالیستی خۆیشی وەلاوە دەنێ وگاڵتەی پێدەکات.

(توپ مروارید) لە گرووپی دووەمی بەرهەمەکانی هیدایەتە. واتە نموونەیەکە لە نووسینە تەنز ئامێز و پڕ تەوسەکانی. تەوس و توانج و تەنز چ لە قسەو گفتوگۆدا و چ لە نووسیندا یەکێك بوو لە تایبەتمەندییەکانی هیدایەت. لە راستیدا لە زۆر بەرهەمی تەنزئامێزی خۆیدا، لە سنووری ئاسایی و باوی تەنز هێوەتر دەڕوات و کار دەگاتە گاڵتەپێکردن و داشۆرینی راستەوخۆ.

بێگومان چ بەرهەمێن ناسیونالیستی و چ تەنزەکانی هیدایەت، لە رووی دەروونناسیشەوە قابیلی باس و تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەن. لە بەرهەمە

ناسیونالیستییەکانی هیدایەت دوو لایەنی دەروونناسی بە دی دەکرێ: یەکیان لایەنی دەروونناسی کۆمەڵایەتییەو ئەو دیکەیان ئەو توندی و زبری و توڕەییەیە کە لە بەیان و دەربڕینی ئەم هەستە ناسیونالیستیانەدا پەنهانە. دەکرێ بگوترێ کە لایەنی دووەمی باری دەروونناسییەکە لەناو بەرهەمە ناسیونالیستییەکانی هیدایەتدا زاڵترە. تەنز بۆ هیدایەت وەسیلەیەکە هەم بۆ پۆشینی رق و توڕەیی و هەم بۆ دەربڕینی ئەو رق و توڕەییە بە شێوەی پێکەنیناوی و هێرش ئامێز. تەنز خۆی لە خۆیدا چەکێکی بەڕەڤانییە کە هیدایەت هەم برینەکانی پێ دەپێچێت و دادەپۆشێت و هەم تۆڵەی خۆ پێ لەو کەس و شتانە دەکاتەوە کە بە سەرچاوەی ئەو پەریشانییەیان دەزانێ کە گیرۆدەی بووە.

دیارە گرووپی سێیەمی بەرهەمێن هیدایەت، واتە چیرۆکە ریالیستییەکانی کەمتر لە دوو گرووپی هەوەڵ قابیلی شیکاری دەرونییە، دیارە هیچ بەرهەمێکی هونەری – بە تایبەتی چیرۆك – لە حاڵەتی دەرونی بەدەر نابێ و بەمەش بە جۆرێك لە جۆرەکان دەکەوێتە بازنەی تۆژینەوە و شیکاری دەرونییەوە.

واتە هەرچەندە بەرهەمە ریالیستییەکانی هیدایەت هەوێنی دەروونناسی فەردی و کۆمەڵایەتی بەهێزیان تێدایە، بەڵام ئەو ناوەڕۆك و هەوێنە زیاتر بەندە بە خودی چیرۆکەکەوە تا بە نووسەری چیرۆکەکەوە (هیدایەت) بۆ نموونە چیرۆکێن علویە خانم، طلب آمرزش، محلل، و ...) بەرهەمە ریالیستییەکانی دیکەی هیدایەت پڕن لە هەوێنی دەروونناسی پەیوەست بە خودی چیرۆکەکانەوە، بەڵام باری دەرونی نووسەر و تەنانەت بیر و باوەڕە کۆمەڵایەتییەکانی هیدایەت – ش لە میانەی ئەم بەرهەمانەوە بە دەست نایەت.. لەم جۆرە چیرۆکانەدا کە بابەتەکانیان پتر رەخنەی کەلتووری – کۆمەڵایەتییە، هیدایەت – بە پێچەوانەی زۆر لە نووسەرانی

سەردەمی خۆیەوە زیاتر دەوری بینەرێکی ورد و وردبین دەبینێ کە خۆی تێکەڵی چیرۆکەکە ناکات. نە وەکو محمد مسعود لە میانەی ئەم جۆرە چیرۆکەیەوە دەست بە هاوار دەکات و نە وەکو حجازی دەکەوێتە پەند و ئامۆژگاری حەکیمانە، و نە وەکو جهانگیر جلیلی لە داخ و خەفەتی نەخوێنەواری و جەهل و فەسادی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە گریان.

گرووپی چوارەمی چیرۆکەکانی هیدایەت کە ناومان لێنان چیرۆکێن سایکۆلۆژی، ئەم چیرۆکانە چ ریالیستی بن چ سوریالیستی بن و چ هی دیکەبن، دیارترین و گرنگترین خەسڵەتیان ئەمەیە کە مەسەلەی فەلسەفی، ئەنتۆلۆژی، سایکۆلۆژی و – تا ئەندازەیەکی کەمتر – کۆمەڵناسی بابەتی سەرەکیان پێکدێنێ. دەتوانرێ ئەم تایبەتمەندییەی چیرۆکە سایکۆلۆژییەکانی هیدایەت لە دوو ئاستدا بدینرێ: یەکێکیان ئەوەیە کە بایەخ و گرینگی چیرۆکڤانی ئەم بەرهەمانە لە چیرۆکی گرۆپەکانی پێشوو کەمترە. دووەمیان ئەوەیە کە کات و شوێنی چیرۆکەکە هەرچی یەك بێ ئەوا بابەتی چیرۆکەکە، یان لایەنی سەرەکی چیرۆکەکە یۆنیڤێرسەڵە (عالەمییە عامە) گشتییە، لەم روەوە پەیوەست بەکات و شوێنێکی تایبەت نییە. بۆ نموونە چیرۆکی (زندە بەگور) کە لە چیرۆکەکانی هەوەڵی هیدایەتە، لە فەرەنسا نووسراوە، لە سێ لایەنەوە رواڵەتی ریالیستی هەیە. یەکێکیان لە لایەنی هونەرییەوە، دووەمیان لەم لایەنەوە کە چیرۆکەکە شوێن و کاتێکی هەیە کە خوێندکارێکی ئێرانی لە چاوچێوەیدا خۆ دەکوژێ، سێیەم لەم لایەنەوە کە ئەم چیرۆکە لەسەر بناغەی هەوڵی خۆکوژییەیەکی هیدایەت کە لەو کاتانەدا روویداوە رۆنراوە و نووسراوە.

بە هەرحاڵ بابەتی(زندە بەگور) هەمان بابەتە کە زۆر جاران لە بەرهەمێن سایکۆلۆژی هیدایەتدا، کە شوێن و کاتی تایبەتیان نییە، دوو بارە بووەتەوە هەر یەکێك لەم چیرۆکانە ئەگەر چی تایبەتمەندی خۆیان هەیە،

بەڵام لە هەر هەموویاندا باس هەر باسی مەرگ و ژیان، کێماسی و کەماڵ، سەرکەوتن و شکست، بەهاکانی کۆمەڵ، بایەخی مرۆڤانی دیکە، جەبر و ئیختیار، هەق و ناهەقە.

ئەوەی لەو چیرۆکە سایکۆلۆژیانەی کە بەر لە (بوف کور) نووسراون مایەی سەرنج بێ ئەوەیە کە هەر یەکێك لەو چیرۆکانە کەم دابێژێك جۆرە زەمینەیەکی بۆ لە دایکبوونی بوف کور خۆش کردووە، لەتۆ وایە هەوەڵجار بوف کور نووسراوە و ئەوجا شوێنەوار و ماکی لەو چیرۆکانەدا بەجێ هێشتووە. بۆیە دەکرێ ئەم چیرۆکە سایکۆلۆژیانە بە جۆرە بەرنامەیەکی درێژخایەن بزانرێ کە بەرە بەرە دەچێتە پێشێ و لە (بوف کور)دا دەگاتە لوتکەی خۆی.

هەڵبەتە مەبەست ئەوە نییە کە وەختێ نووسەر لە ساڵی ١٩٢٩دا (زندە بەگور)ی نووسی بەرنامەیەکی لەم جۆرەی لە زەین و مێشکدا هەبووە و ئەنجام لە ساڵی ١٩٣٦دا بە نووسینی (بوف کور) تەواوی کردووە. بەڵکو مەبەست ئەمەیە کە (بوف کور) بە هیچ جۆرێ زادەی رۆژ و دوو رۆژ نییە، بەڵکو لە رووی بونیاد، جەوو دەروونناسی و فەلسەفە و ئەنتۆلۆژی و زۆر وردەکاریی دیکەوە قەرزار باری ئەو هەوێن و تیمانەیە کە لە چیرۆکە سایکۆلۆژییەکانی پێشووی هیدایەت و لە یەك دوو شوێنیشدا لە پێشەکی ترانەهای خیامدا هەن. واتە ئەگەر بمانەوێ بۆ سەرچاوەکانی (بوف کور) بگەڕێین، دەبێ زیاتر لە چیرۆکەکانی پێشووتری هیدایەتدا بۆی بگەڕێین تا لە بەرهەمەکانی کافکا، ئەدگار ئالن پو، جیرار دونیرڤال و ئەوانی دی.

(عروسك پشت پردە)، (سەقطرە خون) و (مردی کەنفش راکشت) باشترین نموونەی ئەو چیرۆکانەن کە لە رووی بونیاد، فیکر و ئەندێشە، لە رووی هەست و سۆزەوە، و لە کەش و هەواو هاماجدا وەکو (بوف کور) وان.

زۆربەی چیرۆکە سایکۆلۆژییەکانی هیدایەت، ڕێك وەکو تراژیدییەکانی شەکسپر، کە دەگەنە کۆتایی، یەك دو جەنازە لەسەر شانۆکە دەکەون.

بەڵام بە هەرحاڵ دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بەر لەوەی هەندێ لایەنی سایکۆلۆژی یا کۆمەڵناسی یا هەر زاراوەیەکی دیکەی لەو بابەتە عەکس بکاتەوە و بنوێنێ، بەرهەمێکی ئەدەبییە. داگرتنی بەرهەمێکی ئەدەبی بۆ ئاستی زاراوە و تێوری سایکۆلۆژی کارێکی تا ڕادەیەك ئاسانەو و پێویستە بە هۆشیارییەوە خۆتی لێ بپارێزی.

گوتمان بوف کور لوتکەی چیرۆکە سایکۆلۆژییەکانی هیدایەتە و ماکی لە چیرۆکە سایکۆلۆژییەکانی پێشووتری هیدایەتدا دیارە و هەیە بە تایبەتی لە (عروسك پشت پردە)، (سەقطرە خون)، (مردی کەنفش راکشت).. (بوف کور) بە مانا تەقلیدییەکەی چیرۆك، چیرۆکێکی ریالیستی نییە، بە هەرحاڵ حیکایەتی ئەم چیرۆکە لە دوو زەمانی جیاوازدا ڕوو دەدات. حیکایەتی (زن اثیری) پەیوەستە بە سەردەمی هاوچەرخەوە، و حیکایەتی (زن لکاتە) لە سەدەکانی ناڤیندا، و لە سەردەمی زێڕینی شاری ڕەیدا ڕوودەدا.

* * * *

بە هەرحاڵ ئەدەبییەت پێگەی ڕاستەقینە و هونەری هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دیاریی دەکات. واتە بەرهەمێکی ئەدەبی بەر لەوەی هەر شتێك –ی تر بێ، بەرهەمێکی ئەدەبییە، نەك بەرهەمێکی دەروونناسی یا بەیاننامەیەکی سیاسی، یان تێورییەکی کۆمەڵایەتی – ئەگەرچی لەوەشە لە ناوەڕۆکدا ماکێکی ئەوانەشی تێدا بێ. هەڵبەتە مشت و مڕە کۆنەکەی (هونەر بۆ هونەر، یا هونەر بۆ کۆمەڵ) لە بنەڕەتدا غەڵەت خرا بووە ڕوو. هونەر هەم بۆ هونەرە و هەم بۆ هونەریش نییە: بۆ هونەرە چونکە لە

غەیری ئەم شێوەیەدا هونەر نییە. بۆ هونەر نییە، چونکە ناسینی هونەر پێویستی بەوەرگر و موخاتەب هەیە. واتا خوێنەر و بینەر و بیستەر هونەر دەکەن بە هونەر. هەر بە هەمان پێوانە هونەر هەم بۆ کۆمەڵە و هەم بۆ کۆمەڵیش نییە: بۆ کۆمەڵە چونکە نەك هەر موخاتەبی هەیە، بەڵکو کاریگەری تێوریان و زاراوە و دیاردەێن کۆمەڵایەتیشی بە سەرەوە هەیە (ئەگەر لە ڕێگەی زەین و زەینیاتی داهێنەرەکەشەوە بێ). بۆ کۆمەڵ نییە، چونکە تایبەتمەندییەکانی لە ڕۆژنامەوانی ڕووت، لە بانگەشەی سیاسی، لە مێژوونووسی، لە کۆمەڵناسی و ئەو شتانە جیاوازە، بێگومان هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بگری کەم دابێژێك کاریگەری ئەو بابەتانەی پێوە هەیە، بەڵام ئەمە بەرهەمەکە ناکات بە بەرهەمێکی نا ئەدەبی.

بۆ نموونە (زستان)ی) أخوان ثالث دەکرێ لە ڕوانگەی سیاسی و دەروونناسییەوە شی بکرێتەوە، بەڵام (زستان) هۆزانە“ بەیاننامەیەکی سیاسی یان تێوری دەروونناسی نییە. (بوف کور)ی هیدایەت گەلێك جار و بەشێوەی جۆراوجۆر لە ڕوانگەی سیاسی، دەروونناسی و کۆمەڵناسییەوە خراوەتە بەر ڕەخنەو شیکردنەوە، بەڵام (بوف کور) ڕۆمانە، هیچ یەکێك لەو بابەتانە نیە.

بابەتێکی گرینگ لە بواری ئەفراندندا هەیە کە پێویستە ئاماژەیەکی کورتی بۆ بکەین ئەویش ڕۆڵ و بایەخی ژیانی هونەرمەندە لە خوڵقاندنی بەرهەمەکەیدا. ئەم بابەتە بە تایبەتی لە ڕۆمان و چیرۆکدا مشت و مڕی زۆری لەسەر چێ بووە. سەردەمانێ گەلێك لە ڕەخنە ئەدەبییەکان لەسەر بناغەی ژیانی خودی نووسەر ڕۆدەنرا، یان بە پێچەوانەوە ژیاننامەنووسان بەرهەمی نووسەرێکیان دەکرد بە سەرچاوەی سەرەکی کاری خۆیان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا قوتابخانەی (ڕەخنەی نوێی انگلیزی – ئەمریکایی) مەسەلەی ژیانی شاعیر و نووسەر، و

تەنانەت (نیاز و مەبەستی) شاعیر و نووسەریان خستە بەرپرسیار بە پەیدابوون و دەرکەوتنی (بونیادگەرایی) بایەخ و رۆڵی خودی نووسەر لە لێکۆڵینەوەی بەرهەمێن ئەدەبیدا زیاتر هاتە خوارەوە و وەختێ نۆرە هاتە سەر (بونیادشکێنی) یەکێك لە پێشەنگای ئەم تێوەرییە ئەدەبییە (رولان بارت) (مەرگی نووسەر)ی راگەیاند. ئەگەر ئەم بۆچوونە دروست بێ کە (بەرهەم) نووسەر دەنووسێت، نەك نووسەر بەرهەم بنووسێت)و ئەگەر ئەم بۆچوونەی گەلێك لە (بونیادشکێنان) – کە مەرج نییە لەگەڵ بۆچوونەکەی پێشدا جیاواز بێ– قەبوڵ بکرێ کە رۆڵی سەرەکی و بناغەیی بە خوێنەرە نەك بە نووسەر، ئەوا ئاشکرایە کە زانست و ئەزموون و راو خولیا و زەینیات و تەنانەت نیاز و مەبەستی نووسەر ناتوانێ رۆڵی سەرەکی لە خوڵقاندنی بەرهەمدا هەبێ. بە هەرحاڵ ناکرێ زیاد لە پێویست دەست لەسەر ئەمە دابگیرێ و بە حوکمی رەها بزانرێ، چونکە لە کاری زۆر زۆر هونەریشدا کەم دابێژێك سێبەری نووسەر، گەر کەسێك بیەوێ بۆی بگەرێ، دەدۆزرێتەوە. جا ئەم حاڵەتە (حوزوری نووسەر لە بەرهەمدا) لە هەندێ بەرهەمی هیدایەتدا (لە چیرۆکە سایکۆلۆژییەکان)یدا دەبینرێ چیرۆکە سایکۆلۆژییەکانی هیدایەت لەو جۆرە چیرۆکانەن کە لە رووی دۆز و ناوەرۆکەوە – کەم دابێژێك – خاڵی فەلسەفی، ئەنتۆلۆژی، دەروونناسی و ئەو بوارانەی لە خۆ گرتووە، بەڵام هیچ یەکێك لەو خاڵانە بەو رادەیە زاڵ و زەق نین کە بتوانرێ بە بەیاننامەیەکی ئەو بوارانە حەساو بکرێ. بە گوتەیەکی دی هەموو ئەم بەرهەمانە بەرهەمی ئەدەبین بەڵام بۆتیقای بەرهەمەکان پتر لەسەر بناغەی ئەو بوارانە وەستاوە. لە ئەنجامدا ئەم چیرۆکانە – بۆ نموونە (بوف کور، زندە بەگور، سەقطرە خون، سگ و لکرد، مردی کەنفش را کشت و – بە هەموو ئەو جیاوازییانەوە کە لە نێوانیاندا هەیە، لە دوو تایبەتمەندی گشتیدا یەك دەگرنەوە، یەکێکیان

ئەوەیە کە نێوەرۆکی چیرۆکەکانیان و هەروەها هەندێ جار کاراکتەرسازیان، سادە و سنوور دارە. دووەمیان ئەمەیە گەرچی زەمینەی کەلتووری، کۆمەڵایەتی و مێژوویان بێ چەند و چون ئێرانییە – ئەو مەسەلە و پرسانەی لەو چیرۆکانەدا خراونەتە روو کات و شوێن ناناسن، و لە دوا شیکردنەوەدا لە خانە و سنووری هیچ کەلتوور و شارستانیەت و کۆمەڵگەیەکی تایبەتیدا ناگیرسێنەوە.

* * * *

ژن بە کورت و کرمانجی، لە چیرۆکەکانی هیدایەت یا فریشتەیە یان قەحبەیە لایەنی نێگەتیف زۆر لە لایەنی پۆزەتیف زاڵتر دەردەکەوێ. پیاویش لەم جۆرە چیرۆکانەیدا بە زۆری لە رووی پەیوەندی سیکسییەوە لەگەڵ ژندا بێ تەجروبەو ناشییە. شەرم، گومان لە دروستکاری ژن، و ترس و نیگەرانی لە پەیوەندێین سۆزداری دەگەڵ ژندا لە تایبەتمەندییە دیار و بەرجەستەکانی پیاوە. واتە پیاو لە رووی پەیوەندێین سێکسی و سۆزدارییەوە دەگەڵ ژنی واقیعیدا، دەگەڵ ژندا وەکو لە بووندا هەیە، لەگەڵ ژنی مرۆڤدا، لەگەڵ ئەو بوونەوەرەدا کە دەکاتە کۆمەڵێك لایەنی لاواز و کۆمەڵێك لایەنی بەهێز، زۆر نامۆ و بێگانەیە و بەدووی ژنێکی ئایدیالدا وێڵ – ن کە بیان پەرستێ.. لەبەر ئەمە سەیر نییە کە هەم لە چیرۆکی (صورتکها) و هەم لە چیرۆکی (س. گ. ل. ل.)دا بە راشکاوی دەگوترێ کە پیاو (ئاشقی ئەشقە) دیارە ئەم (ئاشقی ئەشقە) لە رووی دەروونناسییەوە دەکاتە (ئاشق بوونی خۆ) واتە جۆرێکە لە (نارسیسم) کە خۆی لە خۆیدا زادەی بێ متمانەییەکی توندە بەخۆ و بە هەرحاڵ ژن لە بەرهەمەکانی هیدایەتدا – بەلای کەمەوە لە رووی سیکسی و سۆزدارییەوە – وەکو بوونەوەرێکی بیگانە و نەناسراو دەمێنێتەوە. ئایا لە ژیانی خودی هیدایەت –شدا ژن بوونەوەرێکی نەناسراوو بێگانە بووە؟

* * * *

یەکێك لە گرفتە خەتەرەکانی کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵات ئەوەیە کە هێندە پێشنەکەوتووە کە بتوانێ بە هۆشیارییەوە بەرهەمی هونەری، بیر و بۆچوون و بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت خودانی ئەو بەرهەم و بۆچوونانە بخاتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنەوە و هەر لایەنێك لە لایەنەکانی هەر روداوو دیاردەیەك بە پێوەر و پێوانەی تایبەتی خۆی هەڵسەنگێنێ و لە مەحەکی رەخنەی بدات. لە لای ئێمە یان سپییە یان رەش، یان رەفزە یان پەسند، یا با بژییە یان با بڕوخێ، لەمەش خراتر ئەوەیە رۆژێك پەسندەو رۆژێکی دی رەفزە، رۆژێ بابژییەو رۆژێکی دی با برۆخییە.دیارە ئەمە هەڵەیەکی کوشندەیەو هەر گرووپ و دەستەو میللەتێك وابێ لە کاروانی شارشتانیەت دوا دەکەوێ و ناتوانێ بەشداری لەبەرهەمهێنانی مێژوودا بکات.

بۆ نموونە هیدایەت تا لە ژیاندا بوو هەمیشە بێزاوو دەرکراو بوو. ئەگەر بەگژ دەسەڵاتی باوی ئەدەبی و سیاسی دا نەچووبایە، ئەویش مامۆستایەکی موحتەرەم دەبوو و کتێبەکانی رەواج و بازاڕیان دەبوو، دەیتوانی جێ و رێ و پارەی خۆی هەبێ و پشت بەدایك و بابی نەبەستێ. ئەگەر بەگژ حزبی تودەدا نەچووباو ملی بۆ ئامانجە سیاسییە ستالینییەکان و رچە و رێبازە هونەرییە جیدانۆفییەکان بدایە، دەریان نەدەکرد و – لەگەڵ کافکادا – بەنائومێدو بەزیوویان حەساو نەدەکرد.

بەرهەر حاڵ هێشتا کفنەکەی بەتەواوەتی زەردنەبوو بووکە ئالەتی بت سازی و بتپەرستی لە چەند لایەکەوە کەوتە کار. بەخۆی لەناو ناوان دا نەمابوو و چیتر لە کەس نەدەبووە مووی لووت، مردنەکەیشی کرا بە شتێکی جوان و شیك و مۆدێلێکی باڵا" ئەوەبوو کە لە زەرفی ٢-٣ ساڵ دا هیدایەتی بێزراوی دەرکراوی تەنیا و دەربەدەر بوو بە بتێك کەس

جورئەتی نەدەکرد لە گوڵ کاڵتری پێ بڵێ. کار گەییە ئەوە چ بەقسە و چ بە نووسین مەرگی هیدایەتیان دایە پاڵ ئیمپریالزم.

هیدایەت لە رۆژی ٣/دیسمبر / ١٩٥٠دا لە تارانەوە رووی کردە پاریس و رۆژی ٩/٤/ ١٩٥١ جەنازەکەیان کەشفکرد، هیدایەت بەمەبەستی سەرهەڵگرتن لە ئێران وەدەرکەوت نەك بەمەبەستی خۆکوژی، بەڵام کەبینی رێگەی سەرهەڵگرتن گیراوە، خۆی کوشت.

دوا بەرهەمی چاپکراوی هیدایەت (پیام کافکا)یە کە بێ ئومێدی و بێزاری و بێ تاقەتی هیدایەت بەڕوونی لە بن دێڕەکانی ئە بەرهەمەدا، کە لە ساڵی ١٩٤٨دا بڵاوبووەوە، بەرجەستەو دیارە.

شەوی ٩/٤/ ١٩٥١ جەنازەکەی هیدایەت کەشفکرا پاش ئەوەی هەموو کون و کەلەبەرەکانی بە چاکی گرتبوو، بەلوعەی غازی موبەقەکەی کردبووەوە و لەسەر ئەرزەکە راکشابوو. ئەوانەی کە بوو بوونە مایەی کەشف بوونی جەنازەکەی، ژن و مێردێکی ئەرمەنی ئێرانی بوون کە لە پاریس نیشتەجێ بووبوون، ماڵباتی ئەم پیاوە ئەرمەنییە لە تاران لە نزیکی ماڵی باوانی هیدایەت دوکانی خۆراك فرۆشییان دەبێ، ئەم پیاوە (صادق خان)ی لەوێوە دەناسی. هیدایەت لەو ماوەیەی کە لە پاریس دەبێ چەند جارێك لە ماڵی ئەم ژن و مێردە ئەرمەنییەدا شامی کرد بوو. ئەمجارەیان هیدایەت ئەوانی دەعوەت کردبوو کە ئێوارە بۆ شام میوانی ئەو بن. جا ئەمەی کە ئایا لە کاتی دەعوتکردنەکەدا لێبڕابوو خۆی بکوژێ و ویستبێتی جەنازەکەی لە لایەن ئەوانەوە بدۆزرێتەوە، یان پاش دەعوەتەکە بڕیاری دابوو خۆی بکوژێ ئەمە دیار نییە. بەهەر حاڵ ئەم ژن و مێردە لە دەرکەدەدەن و کەس وەڵامیان ناداتەوە. بەڵام بۆنی غاز دەکەن . ئیدی بەم جۆرە خودانی ماڵەکە پۆلیس ئاگادار دەکاتەوە.

بەشی دووەم

سادقی هیدایەت لە دیدی نووسەرانی بیانییەوە

-١-

سادق هیدایەت لە رووی نێوبانگی جیهانییەوە لە زۆربەی نووسەرە ئێرانییەکان بەختەوەرترە. زۆربەی بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانە ئەوروپاییەکان. رۆژهەڵاتناسان چ بە وەرگێڕانو چ بە لێکۆڵینەوەی بەرهەمەکانی بایەخی زۆریان داوەتێ.

هەڵبەتە ئەمە شتێکی سەیر نییە، چونکە هیدایەت بە راستی رێبەرو ئاڵاهەڵگری چیرۆکی نوێی ئێرانە، وێڕای ئەوەی چەندین ساڵە مردووە کەچی هێشتاش نەوەی سەردەمی خۆیو ئەوانی پاش خۆیشی سەرەڕای جیاوازی دیدو بۆچوونی فیکری و سیاسیان، هەر شوێن پێی هەڵدەگرنو بەو نموونەیەی دەزانن کە شوێن پێی هەڵبگیرێ. ئاڵاهەڵگرانی چیرۆکی نوێی ئێرانی زۆر بوون، لەوانە: سادق هیدایەت، محەمەد عەلی جەمال زادە، بزرك علوی، سادق چوبكو جەلال ئال ئەحمەد. بەڵام بەڕای رەخنەگرانی ئێرانو ئەوروپاش سادق هیدایەت مامۆستای هەموویانەو بەڕاستی بەداهێنەری چیرۆکی نوێی ئێرانی دێتە ژماردن.

هیدایەت دەربارەی خۆی دەڵێ: "بە هەر حاڵ مێژووی ژیانی من شتێکی سەرنج راکێشی تێدا نییە، رووداوێکی ئەوتۆی تێدا نییە کە شایانی ئاوڕلێدانەوە بێ، پلەو پایەیەکی گرینگم نییە، خاوەن شەهادەو کارنامەی گەورە نیم، لە ژیانی قوتابێتیمدا هەرگیز قوتابییەکی دیار نەبوومە، بەڵکو بەپێچەوانەوە تەمەڵو سەرنەکەوتوو بوومە. بەر پرسیارەکانم لێم رازی نەبوون، رەنگە ئەگەر وازم هێناباو استعفام دابا زۆریان پێ خۆشبایە".

پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٥١داو لە پاریسو لە پڕێکا خۆی کوشت، ئیدی خەڵکانێکی زۆر کەوتنە بایەخ پێدانو کۆکردنەوەی بەرهەمەکانیو هەڵسەنگاندنیان.

هیدایەت لە ١٩٠٣/٢/١٧ لە تارانو لەخێزانێکی ئۆرستۆکراتی لە دایك بووە، هیدایەت نەوەی رەزا قولی هیدایەتیە کەدانەرێکی نێوداری ئێرانە ئەوەی دەربارەی ژیانی هیدایەت دەگێڕدرێتەوە ئەوەیە کە هەر لە منداڵییەوە لە ژیانی ئۆرستۆکراسی بێزار بووەو خوا خوای بووە لەو خێزانە دوور بکەوێتەوەو هەرگیز نەیویستووە لە رێگای ئەو خێزانەوە ببێ بە خاوەن پلەو پایەو سەروەتو سامان، ئەگەر بیویستایە دەبوو.

هیدایەت لە ساڵی ١٩٢٥دا خوێندنی ئامادەیی لە قوتابخانەیەکی فەرەنسایی لە تاران تەواو کرد، پاشان نێردرا بۆ بەلجیکا تا ئەندازەی رێگاوبان بخوێنێو ببێ ئەندازیار. پاش ساڵێك هەر لەوێوە لەگەڵ کۆمەڵە هاوڕێیەکیدا گواسترانەوە بۆ فەرەنساو چوونە کۆلیجی ئەندازەی تەلارکاری، بەڵام هیدایەت زوو پەی بەوە برد کە ئەندازەو حەزو ئارەزووەکانی ئەو دوو دنیای جیاوازن، بۆیە خوێندنی بالای تەواو نەکردو وازی هێنا، هیدایەت زمانی فەرەنسایی بە چاکی دەزانی، هەروەها هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بەشی ئەوە دەزانی کە سوودیان لێ

وەربگرێ، پاشان خووی دایە موتالاکردنی ئەدەبیاتو زانستی زمانو مێژووی هونەرەکان.

هەر چەندە کاری دایەرەکان لەگەڵ تەبیعەت و سروشتی ئەودا نەدەگونجاو وەختی زۆری لێ دەگرت، بەڵام چونکە چ رێگایەکی دی شك نەدەبرد تا بژێوی خۆی پێ دابین بکا، بۆیە وەختێ لە ساڵی ١٩٣٠دا لە پاریس گەڕایەوە لە بانقی میللی ئێران دامەزرا، پاش ماوەیەکی کەم گواسترایەوە بۆ دایەرەی بازرگانی گشتی، پاشان چووە کۆمپانیای ئینشائات، لە ساڵی ١٩٣٧دا نەقڵ بوو بۆ دایەری مۆسیقای میللیو بەشداری لە دەرکردنی گۆڤاری مۆسیقادا کرد، پاشان لە کۆلیجی هونەرە جوانەکاندا بووە بە وەرگێڕو تا ساڵی ١٩٥٠ لەسەر ئەم کارەی بەردەوام بوو و هەر لەو ساڵەدا چوو بۆ پاریسو ئیدی نەگەڕایەوە.

هیدایەت هێندە دەست کورت بوو، ناچار بوو بەرهەمەکانی بە چەند نووسخەیەکی کەم چاپو بڵاوبکاتەوە، یەکەم چاپی چیرۆکی "بۆف کور" بریتی بوو لە "١٥٠" دانە، هەر چەندە هەوادارانی زانستو ئەدەبیات زۆریان هەوڵ لەگەڵدا دەداو دەیانویست یارمەتی بدەن، بەڵام چ یارمەتییەکی قەبووڵ نەدەکرد.

-٢-

وەختێ هیدایەت لە ساڵی ١٩٣٠ لە پاریس گەڕایەوە، نووسەران: بزرگ علوی، مجتبی مینویو مسعود فرزادی ناسی، ئەم چوار نووسەرە یەکیان گرتو دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوەی گیروگرفتە ئەدەبیو فیکریو هونەرییەکان. کە ئاشنایەتیو پێوەندییان زیادی کرد، کۆمەڵەیەکی ئەدەبییان بە نێوی "ربعه"وە پێکهێنا، پاش ماوەیەکی کەم کۆمەڵەکەیان پەرەی سەندو ئەندامانی دیکەی وەك پرویز خانلری، عبدالحسین نوشینو معین باشیانو هی دی لەدەور خڕبوونەوە.

مینوی سەبارەت بە پرانسیپیی هیدایەتو گروپە ئەدەبییەکەی دەڵێ: "لە پێناوی ئازادی خۆدا دەخەبتین، هیدایەت تەوەری گروپەکەمان بوو هەریەکەمان خۆیبوونو کەسێتی خۆی هەبوو و خوانی خۆشەویستی هونەریو ئەدەبیات کۆی کردبووینەوە، ئەمە جگە لەوەی گەلێك لایەنی لێکچووشمان لە نێواندا هەبوو، گازینۆو ریستورانەکان جێگای زۆربەی کۆبوونەوەکانمان بوون، حەز ناکەم قسەکان بەوە لێك بدەنەوە کە جاڕی خراپەکاریو ئەنارشیزممان دەدا- هەندێ جار زۆرمان دەخواردەوە، ئەوجا دەنگمان لێ هەڵدەبڕیو قسەی توندمان دەکرد، رەخنەی تیژمان دەگرت، زۆرجار رێککەوتووە لەسەر ئەو دەنگ هەڵبڕینو توندوتیژییە بەر

لۆمەو تانەوتەشەری خەڵکی کەوتووین، بەڵام ئەم کارەیان لەوە تێ نەدەپەڕی کە فەرمانبەرانی دەوڵەت یاری شەترەنجمان لێ قەدەغە بکەن، یا بۆ هەر شوێنێ بچین زەلام بنێرنە تاقیبمان".

هیدایەت لە رۆژگارێکی یەکجار سەختو تووشو نالەباری مێژووی وڵاتەکەیدا گەڕایەوە، لە ساڵانی ١٩٢٠- ١٩٣٠دا بێ کاریو هەژاریو دەست کورتیو ئەم بابەتە ناسورانە سەریان کردبووە گەلانی ئێران، بچووکترین ناڕەزایی بە توندی و لە رێگای زەبرو زەنگەوە دادەمرکێنرایەوە، دیارە خەباتی قەڵەم بەدەستانیش لە زەبرو زەنگ بەدەر نەبووە.

هیدایەت ملی بۆ زوڵمو زۆرداری و چەوساندنەوە نەدایە خەت، بۆ ئەوەی لە گۆشەگیری رزگاری بێ لە ساڵی ١٩٣٦دا رووی کردە هیندستان، لەبەر دەست کورتیو بۆ ئەوەی نەبێ بەبار بەسەر دۆستەکانییەوە دوای ساڵێك گەڕایەوە بۆ تاران، تا ئەو کاتە نەیدەتوانی چ بەرهەمێکی خۆی لە تاران بڵاوبکاتەوە.

پاش ئەوە "٥٠" نووسەر گیرانو بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە مەحکەمە کران و چ تۆمەتێکی ئاشکرایان لەسەر ساغ نەبۆوە، بارودۆخی وڵات ئاڵۆزتر بوو، تیرۆر رووی لە زیادی کرد، هیدایەت هەر بە هیوا بوو و لە ئازادی ئومێد بڕ نەبوو.

بزرگ علوی لە وتارێکیا دەربارەی هیدایەت دەڵێ: "هیدایەت پیاوی بەرگریو خەبات بوو، دۆستەکان چاك دەزانن هیدایەت لە رۆژگاری تەنگانەداو لەو سەروبەندەدا کە هێزی شەڕو تاریکی زاڵ بوو، چۆن بە دڵ و گیان ژانی ئازادیخوازانی دەلاواندو خۆی خستبووە تالوکەوە".

هیدایەت لە ماوەی ئەم دە ساڵە دژوارەدا خەباتی فیکری خۆی بۆ رەخنەی ئەدەبی تەرخان کردو بیروبۆچوونەکانی خۆی لە رێگای رەخنەوە

خستەڕوو، ئەوەی سەلماند کە چەند لە گەلەوە نزیکە، چەند بە وردیو قووڵی لە دەقە فارسییەکان گەیشتووە.

لە ساڵی ١٩٤٢دا کتێبی "ترانەهای خیام"ی بڵاوکردەوە، پێشەکییەکی تێرو تەسەلی بۆ نووسیو لەو پێشەکییەدا جگە لە باسی ژیانو بەرهەمەکانی شاعیر، باسی بۆچوونە ئیلحادییەکانو ئازایەتی شاعیری کردووە کە چۆن توانیویەتی پۆخلەواتی کۆمەڵگاکەی خۆی بخاتەڕوو، ئەوجا وەکو یەکێك ژێراوژێر بە گومانو ئیلحادی شاعیر خۆشحاڵ بێ، پشتیوانی لەم بۆچوونەی دەکا کە دەڵێ:

ئەگەر ئەوانەی هێشتا نەهاتوونە دنیاوە
دەزانن حاڵمان چییە بەدەست ڕۆژگارەوە
هەرگیز نایەن.

وتاری: "چەند پەیڤێك لەمەڕ وەیسو رامین" لێکۆڵینەوەیەکە کە لە پشت ئەم چیرۆکە کۆنەوە گەلێ مانای نەتەوەیی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، هیدایەت کە دەستی بە کۆکردنەوەو لێکدانەوەی هونەرە میللییەکان کرد، توانی سەرنجی خەڵکیان بەلادا رابکێشێت. لە ساڵی ١٩٣١دا نامیلکەیەکی بچکۆڵەی بەنێوی ئەفسانە بڵاوکردەوە کە بریتییە لە شیعرو گۆرانیو مەتەڵو وازی میللی، لەم نامیلکەیەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە: "دەستووری شیعر لەلای رەمەکی مەردم هێشتا رێچکەی بەر لە ئیسلامی بەرنەداوە". هیدایەت توانی بایەخی هونەری میللی بخاتەڕوو، و گەلێ لێکۆڵینەوەی لەم بارەیەوە لە گۆڤاری "سخن"دا بڵاوکردەوەو زۆربەی نووسەرانی گروپی "ربعە" لەم رووەوە یارمەتیان داو هاوکاریان لەگەڵ کرد.

لەو سەروبەندەدا کە لە هندستان بوو، زۆر لێکۆڵینەوەی تێرو تەسەلی دەربارەی زمانی کۆنی ئێرانی "پەهلەوی" نووسیو لە ساڵی ١٩٣٦دا

چەند وتارێکی دەربارەی زانستی زمان بڵاوکردەوە. لە ساڵی ١٩٣٩دا نامیلکەی "نەفرەتی زیندوو"ی لە پەهلەوییەوە کردە فارسی، لە هەمان ساڵدا قورسترین کتێبی ئەم مەیدانەی بڵاوکردەوە کە بریتییە لە لێکدانەوەی مەزنترین دەقی ئەدەبی فارسی ناوەڕاست "پەهلەوی" بەناونیشانی "کارنامەی اردشیر بابکان" لە ساڵی ١٩٤٣دا کتێبی "یادگار جاماسب"ی لە پەهلەوییەوە کردە فارسی کە هەندێ خاڵی ئایینی تایبەتی دەربارەی ئێرانی کۆن تێدایە.

هەموو ئەم کارانە هەستی نەتەوەییان لەلای سادق هیدایەت قووڵ کردەوە. لە ساڵی ١٩٤٠دا گەلێ گفتوگۆ کەوتە نێو رۆشنفکرانی ئێران دەربارەی چاك کردنی ئەو ئەبجەدییە ئێرانییەی کە لە عەرەبییەوە وەرگیراوە. هیدایەت وتارێکی تێرو تەسەلی بە نێوی "خەتی پەهلەویو ئەبجەدییەی فۆنەتیك" نووسیو لە کۆتایی وتاری نێوبراودا ئەوەی دەست نیشان کردووە کە گۆڕینی ئەبجەدییەی ئێستای فارسی کارێکی پێویستەو دەبێ لە پاڵ رەچاوکردنی کەڵك وەرگرتن لە زانستی فۆنەتیك پشت بە ئەبجەدییەی لاتینی ببەسترێ. هیدایەت هەر لەو وتارەدا سەرنجی خەمخۆرانی ئەو مەیدانەی بۆ ئەزموونی تۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاستو ئازربایجانی شورەوی راکێشاوە.

هیدایەت گەلێك نووسینی هەن دەربارەی ئینسانیاتو هونەرەکانی ئێران، لەوانە وتاری: "هونەری ئێرانی لە ژووری میدالیاتدا"، کتێبی "نیرنگستان" کە دەربارەی بیروباوەڕی میللیو پەندی پێشینانو عادەتو رەوشتی ئێرانییەکانە، کتێبی: "اصفهان نصف جهان" کە دەربارەی بارودۆخی تەبیعەتی ئەسفەهانو شوێنەوارو هەواڵی خەڵکانی وێندەرە.

چاك بوونو بووژانەوەی بارودۆخی رامیاری لە نێوان ساڵانی ١٩٤٢-١٩٤٥دا یارمەتی گەشەکردنی هونەری گەلێ نووسەری بەهرەمەندی

ئێرانیدا. هیدایەتیش لەم سەروبەندەدا ئەستێرەی کەوتە بەرزی‌و لە زۆربەی خەباتگێڕە کۆمەڵایەتییەکان کارامەتر بوو. خۆی‌و گەلی چەوساوەی بە تامەزرۆی پاشەڕۆژی ئازادی دەناسی. لە ساڵی ١٩٤٢ەوە گەلێك چیرۆك‌و کورتە رۆمانی بڵاوکردنەوە کە بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ پۆخڵەواتی کۆمەڵایەتی گەلی ئێران کردبوو، وێڕای ئەوەی پێوەندی نێوان ئێران‌و شورەوی هەمیشەو بە بەردەوامی بەرقەرار نەبووە، بەڵام هیدایەت هەمیشە لەو روانگەیەوە روانیویەتی سەربەستی‌و پیرۆزی‌و رەسەنی فیکر کە هەڵقوڵاوی ناو جەرگەی گەل بن. بەشداری تەواو کردنی کارەکانی کۆمەڵەی پێوەندی زانستیی نێوان ئێران‌و شورەوی کرد، هەندێ لە نووسین‌و وەرگێڕانەکانی لە گۆڤاری "پیام نو"دا کە ئۆرگانی کۆمەڵەی نێو براوبوو، بڵاوکردەوە. لە ساڵی ١٩٤٤دا بەرەزامەندییەوە بانگهێشتی بەشدار بوونی لە ئاهەنگی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی زانستگای تاشقەند قەبووڵ کرد، پاش ئەوەی دوو مانگ لە ئۆزباکستان مایەوە، خۆشحاڵی خۆی سەبارەت بە پێشکەوتنی هونەرو زانست‌و ئەدەبیات لە کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاستی شۆڕەوی دەربڕی. لە ساڵی ١٩٤٦دا یەکەم کۆنگرەی نووسەرانی ئێران لە سایەی دروشمی: "خەبات لە پێناوی ئەدەبیاتی نوێ‌و پرشنگدار"دا بەرپا کراو هیدایەت بەشداری تێداکردو یەکێك بوو لە ئەندامانی ئەو دەستەیەی کە سەرۆکی کۆنگرەیان هەڵبژارد، بۆ یەکەمجار زۆربەی نووسەرانی نێوداری ئێران لەو کۆنگرەیەدا گردبوونەوە تا باسی گیروگرفتە بنەڕەتییەکانی ئەدەبیاتی فارسی بکەن، بە تێکڕای دەنگ لەسەر ئەوە رێککەوتن کە کار لە پێناوی خزمەتی گەل‌و رۆشنبیرانی گەلدا بکرێ.

ئەم ئازادییە زۆری درێژە نەکێشا، ئەوە بوو لە ساڵانی ٩٤٧- ٩٤٨داو لە ئەنجامی رووداوەکانی ئازربایجانەوە جارێکی دی هێزە فکرییەکان

کەوتنەوە ژێر فشارو سانسۆر. توڕەیی هیدایەت بوو بە نائومێدی و خەم، ئەوە بوو "پیام کافکا"ی بڵاوکردەوە. هەندێ لە رەخنەگران پێیان وایە ئەم بەرهەمەی هیدایەت جۆرە جاڕدانێکە بۆ گەڕانەوەی هیدایەت بۆ باوەشی نائومێدییە کۆنەکەی، هەندێکی دی وای دەبینن گوایە دژ بەوانە بوو کە راپەڕینی چەپیان لە ئێراندا رێکخست، بەڵام وەختێ گەلی ئێران راپەڕی‌و داوای ئاشتی‌و ئازادی کرد، هیدایەت بە دڵ‌و بەگیان تێدا بوو، بەڵام بەهۆی گیروگرفتی دەوامی دایەرەوە نەیتوانی بە دەنگی "جولیوکوری"یەوە بچێ تا لە یەکەم کۆنگرەی ئاشتی جیهاندا بەشداری بکا، ئەوە بوو بۆی نووسی: "ئیمپریالیستان وڵاتەکەمانیان کردووە بە زیندانێکی گەورە، قسەکردن تاوانە، بیرکردنەوەی دروست تاوانە، پیرۆزبایی کۆششی ئێوە لە پێناوی بەرگری لە ئاشتی دەکەم".

-٣-

(باستور فالیری رادو)ی رەخنەگری فەرەنساوی پێی وایە وەختێ بەرهەمی هیدایەت دەخوێندرێتەوە سێ ناو دێنە بیر: دوستوفسکی، ئەدگار ئالن پو، کافکا، ئەمەی دواییان پێویستی بە هەڵوەستەیەکی تایبەتی هەیە.

ئەوی راستی بێ هیدایەت لە گەلێ سەرچاوەو رێبازەوە بەرهەمی وەرگێراونەتە سەر زمانی فارسی یەکەم کەس بوو کە بەرهەمی چیخەڤ وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی، لە ساڵانی ٩٣٢- ٩٣٤دا هەندێ لە چیرۆکەکانی چیخەڤ کردن بە فارسیو بڵاوی کردنەوە، بەڵام بە زۆری بەرهەمەکانی کافکای وەرگێڕا، مسخو محاکەمەکەی وەرگێڕاوەو لە ساڵی ١٩٤٨دا پەیامی کافکای بڵاوکردەوە کە لەو نووسینەدا پشتیوانی رەفزی ژیان لەلای کافکا دەکا، شتێکی بەڵگە نەویستە کە هیدایەت زۆر دڵبەندی سارتەر بووە، بە تایبەتی کتێبی "هیَلَنج" هەروەها چیرۆکی "دیوار"ی کردە فارسی.

خوێنەر وای بە خەیاڵا دێت کە هەندێ دەستەواژەی هیدایەت لە بەرهەمەکانی سارتەرەوە وەرگیراون وەك:

"تاریکی.. ئەو مایە خەستە شلەی گشت شوێنو شتێ دەلەوتێنێ"، ئاخۆ دۆزەخ لە کورتە رۆمانی "بوف کور"ی هیدایەت هێمایە یا سێبەری ئەو پیاوە نییە کە خۆی لە چوار دیواری ژوورەکەیدا زیندان کرد.... ئاخو ئەوە دۆزەخەکەی سارتەرمان وەبیر نایەنێتەوە؟"

هنری ماسیە بەراوورد لە نێوان هیدایەتو جیرادی نرفالی نووسەری فەڕەنسایی دەکا، هەموو ئەو هەست و نەستانەی دەربارەی نرفال زانراون لەلای هیدایەتیش ناسراوەو زانراوە، ئەو لێکچوونەی لە نێوان بەرهەمەکانیاندا بەدی دەکرێ دەگەڕێتەوە بۆ لێکچوونی ژیانی تایبەتی هەردووکیان، دیارە لێکچوونی بەرهەمەکانیان ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هیدایەت کەوتبێتە ژێر کارتێکردنی ئەوەوە، روجیە لیسکو جارێ هیدایەت لە تاران دەبینێو لێی دەپرسێ: "جیرار دی نرفال"ت ناسیوە؟ لە وەڵامیا دەڵێ: بەڵێ، بەڵام بەداخەوە زۆر درەنگ ناسیم.

هیدایەت وەرگێڕانی بەلایەنێك لە چالاکییە هونەرییەکانی خۆی زانیوە، بۆیە وەرگێڕانەکانی رەوانو بێ گرێو جوان بوون.

گریسنسن-ی رۆژهەڵاتناس بەخۆی دەڵێ جارێکیان -بە پێچەوانەی کارە زانستیو لێکۆڵینەوە قەبەکانی- کۆمەڵە چیرۆکێکی ئێرانی بەزمانی فەرەنسی نووسیوەو ناردوویەتی بۆ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "سخن"و داوای کردووە هیدایەت بیانکا بە فارسی، هیدایەتیش هەندێکی لێ وەرگێڕانو پێشەکیو روون کردنەوەی بۆ نووسیون.

هیدایەت ئاوێتەیەك بوو لە رۆشنبیریی ئێرانی کۆنو رۆشنبیریی ئێرانی ئیسلامی، لە پاڵ لێکۆڵینەوەی "ترانەهای خیام"دا، لە چیرۆکە زۆرو زەبەندەکانیشیدا گەلێ شیعری فارسیو قسەی نەستەقو پەندی پێشینانو رستەی خوازراو لە کەلەپورەوە بەدی دەکرێن، چیرۆکی "ئەو پیاوەی خۆی کوشت" چاکترین نموونەیە بۆ ئەو رایەمان.

-٤-

کمیسرۆف-ی رۆژهەڵاتناسی شورەوی ئەو "١٠٠" بەرهەمە ئەدەبییەی هیدایەت کە لەماوەی ٢٢ ساڵدا نووسینی دابەش دەکا بەسەر دوو قۆناغدا، قۆناغی یەکەم: ١٩٢٥- ١٩٤١، قۆناغی دووەم: ١٩٤٢- ١٩٥٠.

"زەندە بگور" یەکەم چیرۆکی هیدایەتە کە لە ساڵی ١٩٢٩دا لە پاریس بڵاوکرایەوەو پاشان لە هەمان ساڵدا لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکێکی دیدا کە لە پاریس نووسیبوونی بە هەمان ناوونیشان "زەندە بگور" بڵاوی کرەوە، لە ساڵی ١٩٣١دا کۆمەڵە چیرۆکی "انیران"ی بڵاوکردەوە، لە ساڵی ١٩٣٢دا کۆمەڵە چیرۆکی "سەقترە خون"ی کە بریتییە لە پازدە چیرۆك بڵاوکردەوە، لە ساڵی ١٩٣٣دا چیرۆکی "علویە خانم"ی بڵاوکردەوە کە پڕە لە وەسفی عامیانەو گفتوگۆی میللی. لە هەمان ساڵدا کۆمەڵە چیرۆکی "سایە روشن"ی کە بریتییە لە حەوت چیرۆك، بڵاوکردەوە. دیارە نرخو بایەخی هونەری ئەو سێ کۆمەڵە چیرۆکە لە یەك ئاستدا نین، لە ساڵی ١٩٣٤دا لە تاران نامیلکەی "وغ وغ ساهاب"ی بڵاوکردەوەو ناوی خۆی لەسەر دانەنا، کەچی هەر زوو زانرا کە ئەم نامیلکە پڕ لە داشۆرینو پلارو توانجە دژ بە لێکۆڵینەرو زاناو وەرگێڕو نووسەرو بڵاوکەرەوەو کتێب فرۆشانی ئەو سەردەمە تەنیا لە نووسینی نووسەرانی وەك سادق هیدایەتو مەسعود فەرزاد دەچێتو هەر قەڵەمی وان شتی ئەوەندە بەبرشتی لێ دەوەشێتەوە.

لە ساڵی ١٩٣٦دا کورتە رۆمانی "بۆف کور"ی بۆ یەکەمجار لە شاری بومبی بڵاوبووەوەو سەرکەوتنێکی چاکی وەدەست هێنا، پاشان لە ساڵی ١٩٤١دا لە تاران چاپی دووەم کرایەوە.

هیدایەت لەو سەروبەندەدا کە لە بومبی بوو دوو چیرۆکی بە زمانی فەرەنسی نووسین، "گێژاو، رین" مونتیە دەڵێ: چیرۆکی دووەمیان لە ژمارە دووی جورنال دی تهران بڵاوکرایەوە، بەڵام چونکە دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی نێوبراو دەستکاری دەقەکەیان کردبوو ئیدی هیدایەت زویر بوو و داوای کرد چیرۆکەکەی دیکەی بڵاونەکەنەوە، پاشان هەردوو چیرۆکەکە لەگەڵ وەرگێڕانی فارسییاندا لە ساڵی ١٩٥٤دا لە کۆمەڵە چیرۆکی "پروین دختر ساسان"دا بڵاوکرانەوە.

کارتێکردنی ئەدەبیاتی ئەوروپاو رۆژئاوا لەم ماوەیەدا بە ئاشکرا بە هونەری هیدایەتەوە دیارە، ئەم کارتێکردنەش بە روونی لە کۆمەڵە چیرۆکی "سایە روشن"دا دیارە، بەتایبەتی لە چیرۆکی: "عروسك پشت پردە"و "افرینگان".

هیدایەت چیرۆکی دی هەن کە رەنگدانەوەی بارودۆخی نیگەرانی رۆحن، هەمیشە وایان باس دەکا کە ئاوێتەیەکن لە هەژاریو شۆڕشو نەخۆشی، لەم ماوە بەپیتو بڕشتەی چالاکی هونەریدا سەیر دەکەین هیدایەت بە ئاشکرا روو دەکاتە واقیع، لە کۆمەڵە چیرۆکەکانیا بە راستگۆیی تەواوەوە وەسفی ئەو پاڵەوانە ئێرانیانە دەکا کە رووبەڕووی پۆخڵەواتی کۆمەڵایەتی سەردەم دەبنەوە وەکو چیرۆکی: "ئەو ژنەی مێردەکەی ون کرد" لە کۆمەڵە چیرۆکی "سایە روشن"دا، هەروەها چیرۆکی "محلل" لە کۆمەڵە چیرۆکی "سەقطرە خون"دا هەڵبەتە رەخنەگران راو بۆچوونی جیاوازیان دەربارەی روانگەی هیدایەت بۆ ژیان لە ئەدەبو هونەری ئەم سەردەمەیدا هەیە، رەخنەگرە فەرەنساوییەکان پێیان وایە هیدایەت نائومێدی و رەش بینی لە

نێو خوێنەرەکانیا بڵاودەکاتەوە، بەڵگەشیان چیرۆکی: "زندەبگور"و رۆمانی "بوف کور"ە. قارەمانی چیرۆکی "زندە بگور" خەڵقەندەیەکی بێ هیوایە، چ ئومێدێکی بە ژیان نەماوە گەرچی بەجەستە زیندووە، بەڵام دەروون مردووە.

گەلێك دەستەواژەی تووڕەییو رەفزو بێهودەیی ژیان لە چیرۆکی هیدایەتدا بەرچاو دەکەون، لە چیرۆکی "زندە بگور"دا قارەمانەکە بەغاز خۆی دەکوژێت، هەر چەندە رەخنەگرە فەرەنساوییەکان پێیان وایە ئەم چیرۆکە سەراپا رەشبینییە، کەچی کمیسرۆف بە پێچەوانەوە پێی وایە ئەم دوو بەرهەمە رەنگدانەوەی سەر لەبەری بەرهەمەکانی نووسەر نینو رەخنەگران ئاوڕیان لە هەندێ وردەکاری ناو ئەو چیرۆکانە نەداوەتەوە کە گەلێ شتی نهێنی دەربارەی پاڵەوانەکانی بەرجەستە کردووە، چیرۆکی "زندەبگور" بەم شێوەیە دەست پێدەکا: "گۆجو ئیفلیجو بێ جوولە لە جێدا کەوتووم، بە ئاستەم هەناسە دەدەم، فرمێسك بە چاوما دێنە خوارێ، دەمم تاڵە، سەرم دێشێو جەستەم شەکەتو نەخۆشو کە نەفتە.." ئەم خەڵقەندە کڵۆڵە نائومێدە، لە مەرگ دەگەڕێ، مەرگ بەو شتە دەزانێ کە لە ژانو ئازارەکانی رزگار دەکا، خۆی ئازار دەدا، دەیەوێ ژەهر بخوا، بەڵام مەرگ ناتوانێ سنوور بۆ تواناکانی دابنێ، وەختێ قارەمانەکە لە خۆیو ئازارەکانی بێزار دەبێو ئازار تەنگی پێ هەڵدەچنێ هاوار دەکا: "بیرم کەوتەوە کە ئاگر لە دەوروبەری دووپشك دەکەنەوە، بە خۆیەوە دەداو خۆی دەکوژێ! ئایا من بازنەیەکی ئاگرم بە دەورا نەکێشراوە؟".

رووداوەکە لە رێگای راناوی قسەکەرەوە، دەگێڕدرێتەوە، بۆیە هەموو رەخنەگرەکان وای بۆچوون کە ئەم چیرۆکە ژیاننامەی نووسەر خۆی بێ، وای تێگەیشتوون کارەساتێکی فەردی تایبەتی نووسەرە، رەنگە ئەم رەنگە ئەم بۆچوونە لە گوین بێو زادەی ئەو حاڵەتە بێ کە نووسەر لە

سانسۆری سەر بەرهەمەکانی دەترسا. بەڵام ڕەوتی گشتی چیرۆکەکە ئەو بۆچوونە ڕەت دەکاتەوە، دەنگی ڕەفزو نائومێدی لەم چیرۆکەدا، خۆی لە خۆیدا ڕەفز کردنی ژیانی پڕ لە شەکەتی و ماندێتییە، ئەم زیندووە ناتوانێ لە گۆڕستانی زۆرو ستەمدا بژی، کێشەو ملمڵانێی نێوان چاکەو ژیان و مەرگ تێکەڵ بە بوونی بووە، هەندێ جار وەئاگا دێتەوە، کە لاوازی ویست و ترسنۆکی خۆی دەبینێ دەکەوێتە سەرزەنشت کردنی خۆی و پرۆژەی ژیانێکی نوێ دەخاتە بەردەم خۆی و چاو دەبرێتە ئاسۆی ژیانێکی چاک و پڕ لە سەرفرازی، ئەوجا چەشنی ئەسفەندیاری قارەمانی ناو شانامەکەی فیردەوسی دەکەوێتە وەسفی خۆی... بەڵام دەرفەتی ژیانی ئازادو داهێنانی هونەری بۆ ناڕەخسێ، هەرچی شتی چاکە هەیە لەخۆیدا دەیکوژێ و دەبێ بە مردوویەکی زیندوو.

هەر چەندە کمیسرۆف بەرگری لە ئامانجی چیرۆکەکە بکا، هەرگیز ناکرێ گیانی ڕەش بینی لە تەواوی بەرهەمەکانی هیدایەتدا، بەتایبەتی لەم ماوەیەدا فەرامۆش بکرێ، ژیانی بەلاوە پووچە، زۆربەی قارەمانی چیرۆکەکانی بەزیوو هەڵاتوون. نموونەی بەزین و هەڵاتن لە گەلێ چیرۆکیدا دووبارە دەبێتەوە وەك چیرۆکی "لالە، صورتکها، گرداب، سایە، مغول، محلل"، ژیان لەلای هیدایەت بنکەی سەرنەکەوتنە، تێکڕای قارەمانەکانی دەجەنگن و بەشیان سەرنەکەوتن دەبێ و لە ئاکاما دووچاری یەك جۆرە نائومێدی دەبن، دەڕووخێن و دەربەدەرو ئاوارە دەبن یا زۆربەیان لە ڕێگای خۆ کوشتنەوە دەست بەرداری ژیان دەبن. هەندێ جار کە شۆڕش لە چیرۆکەکانیا بەرپا دەبێ، تەمەنی زۆر کورتەو چەشنی بڵقی سەر ئاو زوو بە زوو دەنیشتێتەوە، چاکترین دیاردەی ئەم ئەڵها ڕەش بینییە ئەوەیە کە هیدایەت بە عەشقەوە نێوی مەرگ دەبات. قارەمانی چیرۆکی "زندە بگور" کە هاتۆتەدنیاوە، ئامادەییەکی تەواوی هەیە بۆ مردن و هاوار دەکات، "چ

کەسێ، نییە فێری نەخشەدانان بێ بۆ خۆ کوشتن، خۆ کوژی لەلای هەندێ کەس تێکەڵ بە مۆخیان، بە ڕەچەڵەکیان و بە سروشتیان بووەو ناتوانن لێی لابدەن، ئیدی حوکمی قەدەرە....".

قارەمانی چیرۆکی "قەڵای نەفرەت لێکراو" دەڵێ: "هەموو هەر تەنیاین.. پێویست ناکا هەڵخەڵەتێین، ژیان زندانە، بەڵکو کۆمەڵە زندانێکی جیاوازە بەڵام هەندێکمان هەوڵ دەدەین دیوارەکانی ئەم زندانە بنەخشێنین، بەوەش دەمانەوێ ئولفەتی لەگەڵ بگرین، هەندێکی دی هەوڵ دەدەین هەڵێین و بە خۆڕایی دەستی خۆ بریندار دەکەین، هەندێکی دی دەیکەین بە پرسەخانە... بەڵام کاکڵەی شتەکە ئەوەیە دەبێ خۆ هەڵخەڵەتێنین... بەڵام وەختێ دێ مرۆڤ لە خۆ هەڵخەڵەتاندنیش بێزارو وەڕس دەبێ تەنانەت مەرگیش چ لە زەتێك لەگەڵ خۆیدا هەڵناگرێ، بەڵکو لەزەت لە نەمانی گشتی دایە... هەر لەسەر هەمان نەزم سەیر دەکەین لە چیرۆکی "افرینندگان"دا ڕۆحەکان کۆدەبنەوەو موناقەشە دەکەن و ئەوە روون دەبێتەوە کە چ شتێ نییە بەنێوی پاداشت یا سزاوە، ڕۆحیش دەمرێ.

گرینگ نییە هیدایەت ڕەش بین بێ و چ ڕەخنەگرێکێش هەقی ئەوەی نییە داکۆکی لێ بکا، ڕەش بینی تۆمەتێك بوو دەدرایە پاڵی، هەڵوێستێکە بەرانبەر بە ژیان وەکو هەر هەڵوێستێکی دی کە خەڵکانی دی دەینوێنن، هیدایەت توانی قۆناغی دووەمی ژیانی ئەدەبی خۆی لەسەر بناغەی تەنزو ساتیر بینا بنێ و خەوشەکانی کۆمەڵ بخاتە بەرچاوان.

هیدایەت لە قۆناغی دووەمی چالاکی ئەدەبی خۆیا بەلای ریالیزمدا دای دەشکێنێ، گیروگرفتی کۆمەڵایەتی زەق و کێشەکانی خەڵکی و نیشتمان کۆڵەگەی چیرۆکی ریالیستی ئەم سەردەمە بوون، گۆڕانی بارودۆخی ئێران لەو سەردەمەدا زەمینەی گەشەکردنی شەپۆلی ریالیستی لەلای هیدایەت

خۆشـکردو وای لێهـات کـە زۆربـەی بەرهەمـەکانی لـە جـەماوەرەوە هەڵدەهێنجا.

هیدایـەت لـە سـاڵی ١٩٤٣دا کۆمەڵـە چـیرۆکی "سـگ و لگـرد"ی بڵاوکردەوە، لە گەرمەی دووەم شەڕی جیهاندا، یانی لە ساڵی ١٩٤٤دا کۆمەڵە چیرۆکی "ولنگاری"ی بڵاوکردەوە. ئەم کۆمەڵە چیرۆکە چیرۆکی وای تێدایە پڕ لە هێماو وروژاندنی بیرو گوزارشت کردن لە مەیدانەکانی ژیانی رۆژانەو رەخنەگرتن لە چینی بۆرژوا، هیدایەت لە چیرۆکی "اب زندگی"دا پشتیوانی لە هێزە پێشکەوتوخوازەکان دەکا کە لە ململانێیەکی خوێناویدا بوون دژ بە فاشیزمو نازیزم، لە ساڵی ١٩٤٥دا رۆمانی "حاجی اقا"ی بڵاوکردەوە کە لە رووی قەوارەوە قەبەترین بەرهەمێتی. هیدایەت لەو چیرۆکەدا هێرش دەکاتە سەر کۆنەپەرەستێتی ئێرانو لەشەخسیەتی بازرگانێکی شێوە کۆنو نەزانو چەوسێنەردا دەیخاتەڕوو، چیرۆکی "فردا"ش گوزارشتە لە ژیانو گوزەرانی سەختو دژوارو نالەباری کرێکارانی ئێران.

"تۆپ مروارید" چیرۆکێکی تری هیدایەتە کە دوای مردنی خۆی بڵاوبووەتەوەو لەو چیرۆکەیدا بە ئاشکرا گاڵتە بە ئیمپریالیزم و سەرمایەدارانو کلکەکانیان دەکا. هەر چەندە هیدایەت بەر لە خۆ کوشتنەکەی گەلێك لە بەرهەمەکانی خۆی سووتاندووە، بەڵام گومانی تێدا نییە کە هەندێ نووسینو نامەی لەلای خزمو دۆستەکانی ماونو لێکۆڵەرەوانی ئەدەبی هاوچەرخی فارسی بە تەواوی نائومێد نەبوون لە دۆزینەوەو بەدەست هێنانی ئەو بەرهەمانە، ئەوی راستی بێ هەندێ لەو بەرهەمانە بڵاوبوونەتەوە، لێکۆڵەرەوەکان بایەخێکی زۆر بە بڵاوکردنەوەی، کەلەپووری هیدایەت دەدەنو دەیانەوێ پێناسەیەکی بابەتیانەی تەواوی بەرهەمەکانی بدەنە دەستەوە.

ئەوەی لە بەرهەمی ئەم سەردەمەی هیدایەتدا دەبینرێ ئەوەیە کە دژی داگیرکەرانی بێگانەو بنەماڵەی فەرمانڕەوایەو هەوادارو لایەنگری گەلی چەوساوەی نێو کێڵگەو کارخانانە.... پێ دەچێ هەوڵی دابێ هاووڵاتیان بۆ بەرگری لە نیشتمان هان بدا.

هەردوو شانۆگەری: "پروین دختر ساسان"و "مازیار" پڕن لە هەستی نیشتمانپەروەری، هەر چەندە رووداوەکانیان باسی رابوردووە، بەڵام ناوەڕۆکیان باسی ئێستایە. ناوەڕۆکی راستەقینەی ئەو دوو شانۆگەرییە بریتییە لە کێشەی ئێرانییانو خەباتیان دژ بە داگیرکەرانی بێگانە، هیدایەت هەر بەوەوە نەوەستاوەو هێرشی کردۆتە سەر نیشتمانپەروەری ساختەش.

چیرۆکی: "میهن پرست"ی هێرشە بۆ سەر نیشتمانپەروەری ساختەو ریاو ریاکاریو لافو گەزافی گەوجانەو بۆشو بەتاڵ، ئەو شتانە لە ساڵەکانی سیدا لە ئێران ببوون بە مۆدو باو. هیدایەت شان بەشانی جاڕدانی بیری نەتەوەییو جۆشدانی هەستی میللی، قینی خۆی بەسەر ئیمپریالیزمیشدا دەڕێژێو لە: "خردجال"دا چینی بۆرژواو دەوڵەمەندان وەکو کەرو گورگو مەڕ تەماشا دەکا، بە تایبەتی ئەو دەوڵەمەندانەی بەلایانەوە گرینگ نییە نۆکەری هەر کەسێ بکەن بە مەرجێ جێی خۆیان لەق نەبێو بەرژەوەندییان نەکەوێتە خەتەرەوە، هەر لەو چیرۆکەدا ئیشارەتی ئاشکرای تێدایە بۆ نۆکەرانی ئینگلیزو ئەوانەی هاوکاریان لەگەڵ دەکەن، هەروەها بە بەردەوامی هێرشی کردۆتە سەر تەماح و هەڵپەی ئەمریکا لە ئێراندا، لەچیرۆکی "فردا"دا نووسەر بە زمانی کرێکارانی کارخانەوە لە سیاسەتی ئیمپریالیزمو دەسەڵاتی سەرمایەداران دەدوێو ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن سەربازێکی بەدمەستی بێگانە ژنە ئێرانییەك دەفڕێنێو چ کەسێك لە پیاوانی دەسەڵاتی سوپایی داکۆکی لە ئافرەتەکە ناکەنو وەختێ کرێکارێك بە جواب دێو دەیەوێ ئافرەتەکە رزگار بکا،

سەربازی بێگانە دەیگرن و دەیبەنە شوێنێکی دوور، نیوەگیانی دەکەن و پاشان بۆ ماوەی سێ مانگی خشت دە زیندانی داوێن، ئایا ژنەکە لێرەدا رەمزی ئێران نییە؟ بۆ زیاتر ناسینی هەستی هیدایەت بەرانبەر بە ئیمپریالیزم دەتوانی بە سەرنجەوە سەیری دوا بەرهەمی بکەی واتە "توپ مروارید" لەم بەرهەمەیدا دەڵێ: "

"کۆلۆمبس بەنیازی داگیرکردنی زەوی تازە کەوتەڕێ، تووشی چەرمەسەری زۆر هات، ئازووقەی هاتە کزی و تەواو بوون، چ تارماییەکی زەوی و وشکایی بەدی نەکرد، نائومێدی بەسەریا زاڵ بوو، وای لێهات ئامادەبوو دەست بەرداری گەشتەکەی ببێ و بگەڕێتەوە بەمەرجێ تیا نەچێ و بەزیندوویی بمێنێ، کوتوپڕ کەناری لێ بەدیار کەوت، سەیری کرد کاپتنە نیشتمان پەروەرەکان دەوری تۆپێکی بەرزیان داوە و دەرەقسن و هەڵیان کردۆتە گۆرانی و ستران، لە پڕ تۆپەکە ناڵەی کرد، دەریاوانەکانی سەر کەشتییەکە هەموو بەلادا هاتن و شەپۆڵ هەڵی لوشین. کۆلۆمبس زۆر ترسا، هاوکارەکانی خۆی تێگەیاند جۆرە فێڵ و دەهوییەکی شەڕە لای عەرەب، ئەوجا گەیاندنییە کەنارو ئاڵای سپیان هەڵکرد. کۆلۆمبس رووی تێکردو گوتی: بڕیارم دابوو کەلێنێکی گەورەتان تێ بخەم، بەڵام چونکە گەییوومەتە ولاتێکی دۆست ، ئیدی ئامادەم بێ هیچ مەرجێ خۆم بەدەستەوە بدەم، دەم راستی هۆزی هندە سوورەکان وەڵامی دایەوە گوتی:

کوڕی خۆشەویستم تۆ لێت تێك چووە، وڵاتی عەرەب و ئێرە؟ ئێرە کۆستاریکایە لە وڵاتەکانی "دنیای نوێیە" ئێمە نیازمان خراپ نییە، لێرەدا ئاهەنگی ساڵانە لە دەوری ئەم تۆپە دەگێڕین و ئەم ئاهەنگە جۆرە، ناڕەزاییەکە بەرانبەر شەڕو کێشەو داگیرکەرو چەوسێنەرو هەموو جۆرە زۆرو ستەمێك، خۆ ئەگەر لە ئاهەنگەکەمان ترسابن، ئەمەیان خەتای ئێمەی تێدا نییەو پڕ بەدڵ داوای لێبوردنتان لێدەکەین. بەتایبەتی ئێوە بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەك هاتوون و ئێمەتان دۆزیوەتەوە، ئێمە بەمە

خۆشحاڵین و پێشنیاز دەکەین ئاهەنگەکەمان حەوت شەوو حەوت رۆژی دی بەردەوام بێ، ئەمەش بەڵگەی یەکێتیی نەتەوەیی و نیشتمانیمانە. ئەوجا هەندێ میوەو گوڵ و خشڵی بە دیاریدانێ، کۆلۆمبس کە چاوی بە خشڵ و زێڕو زیو کەوت شێوازی قسەکردنی گۆڕی، ئاڵا سپییەکەی شاردەوەو گوت: ئێوە نەتەوەیەکی کێوی و گومڕان و دوورن لە هەموو دیاردەیەکی شارستانی و ئازادییەوە، بە کورتی تا دنیا دنیایە دەبێ باج و خەراجمان بدەنێ و خۆمان هەندێ کەشیشی شارەزاتان بۆ دادەنێین، ئێوە ئێستا نەتەوەیەکی دۆڕاون و دەبن بە خوڵام و خزمەتکاری ئێمە، بە ماڵ و سامانی خۆمان کڕیومانن. کلۆمبس نامەیەکی پڕ لە درۆو دەلەسەی هۆنییەوەو ناردی بۆ وڵاتەکەی خۆی و باسی ئەو شەڕە درۆیەی تێدا کردبوو کە لە نێوان ئەوو خەڵکی ئێرەدا هەڵگیرسابوو. لە کۆتایی نامەکەدا گوتبووی: بێ هیچ مەرجێ خۆیان بە دەستەوەدا، ئەوجا پەردەی لەسەر ئارەزووی خۆی هەڵدابوو کە گوایە دەیەوێ خەڵکانی وێندەر بکوژێ تا ناچاریان بکا سەری بۆشۆڕ بکەن. لە کۆتاییدا دەڵێ: "بەمجۆرە بیرم لە دامەزراندنی زیندان و کورسی کارەبایی کردەوە کە سەربازانی هەڵگری نیشانەی قارەمانی پاسەوانی بکەن".

هیدایەت لەو قۆناغەدا بەلای سۆسیالیزمدا دایشکاندووە، لە چیرۆکێکیدا باسی کەسێك دەکا کە خۆی کردووە بە نموونەی باڵاترین رەگەزو بڕیاری داوە رژێمێکی نوێ لە جیهاندا دابمەزرێنێ، کێشەکە لە نێوان دوو هۆزدا روودەداو کێشەکە بەوە تەواو دەبێ کە هۆزی دەستە چەپ کاروبار دەگرێتە دەست و هۆزی دەستە راست بە ناچاری مل بۆ شارستانیەت و ئازادی و دادوەری کەچ دەکا، هیدایەت لە چیرۆکی "اب زندگی"دا بیرۆکەی کێشەی دەوڵەتانی دژ بە فاشیزمی بەرجەستە کردووە.

ئەمە گیانی سۆسیالیزمە لە زۆربەی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغەیدا بەدی دەکرێ لە چیرۆکی: "فردا"دا هێرش دەکاتە سەر ئەوانەی سامان لەسەر

حیسابی چەوساوان کۆدەکەنەوە، بە جوانی باسی ژیانی کرێکارانی ئێران دەکا، ئەو کرێکارانەی بەسکێ تێرو بە دەسک برسین، پێخاوس‌و لینگ رووت لە سایەی بارودۆخێکی سەخت‌و دژوارا دەژین بێ بەشن لە خۆشی‌و شادی، جلەوی هیچ شتێك لە دەستی خۆیاندا نییە، مهد زانمی یەکێکە لە قارەمانەکانی‌و دەڵێ: "پار لە قاوەخانەی گێتیدا کارم دەکرد، موشتەرییە قەڵەوەکان بێ حیساب پارەیان خەرج دەکرد، ئارەقیان پێوە نەرشتبوو پشتیان پێوە نەیەشابوو. هەموو شتێکی چاك بۆ ئەوانە: ئۆتۆمبیل، ئافرەتی جوان، خواردنەوەی نایاب، نوێنی نەرم‌و گەرم. هۆدەو باڵەخانەی پاك‌و خاوێن، ئێمەش گەر رۆژێ کار نەکەین دەبێ بەبێ شیو سەر بنێینەوە" کرێکاران نایانەوێ لە سایەی ئەم بارودۆخە دژوارەدا بژین، مانگرتن‌و خۆپیشاندان سازدەکەن، بەڵام بە نووکی سەرەنێزە بڵاوەیان پێدەکرێ، ترسنۆك‌و بێ باوەڕەکانیش دەترسن‌و نایانەوێ ببن بە نیشانەی راوچییان. عباسی کرێکار وەڵام دەداتەوە: "ئێمە هەر دەمرین، تا یەك نەگرین هەر ئەمە حاڵمان دەبێ" لە سایەی ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا پێویستە کرێکارانی ئێران لە پێناوی ماف خۆیاندا بجەنگن. نووسەر ئەم جەنگە بە راشکاوی باس دەکاو هەوڵدەدا لایەنە کزەکانی دەست نیشان بکا.

سۆسیالیزمی هیدایەت لایەنی ئینسانی دیکەشی هەیە، تەنیا بایەخی بەکرێکاران نەداوە، بەڵکو بایەخی بەگشت چین‌و توێژەکانی گەلداوەو خەمە ئینسانییەکانی قۆستۆتەوە. دەستی خوێنەر دەگرێ‌و بە تاکە تاکەی گەلی ئاشنا دەکا، دەیباتە ماڵەکانیان، بەسەر شایی‌و ئاهەنگەکانیا دەی گێڕێ، "زن کەمردش را گم کرد"، گۆرانی لەگەڵ منداڵەکانیانا دەڵێ: "چنگال" هەندێ جار لە شار دوورمان دەخاتەوەو دەستمان دەگرێ‌و دەمانباتە خانێکەوەو گوێمان لە دەردە دڵی دوو رێبوار دەبێ: "محلل".

گشت ئەمانە روجیە لیسکو گوتەنی: "لە گەشتێکی جوانی نێو ئێرانا دەچی". مرۆڤ وا هەست دەکا کە نووسەر بە خۆی لە هەموو ئەو ژینگانەدا ژیاوە.

هیدایەت بە هەموو تواناو دەسەڵاتێکی هونەرییەوە هێرشی کردۆتە سەر تەعەسوبی مەزهەبی‌و خواپەرستیی ریاکارانە، لە چیرۆکی "طلب امرزش"دا پەردە لەسەر فەسادی باتنی ئینسان دەڵدەماڵێ، وێنەی زیارەتکەرانی شوێنە پیرۆزەکان دەگرێ کە چۆن گەورەترین تاوانیان کردووەو پاشان دەچنە زیارەتی شوێنە پیرۆزەکان تا خوا لە گوناحیان خۆش بێ! لە یەکێك لە ماڵەکانا ژنە قارەمانی چیرۆکی نێوبراو بۆ هاوڕێکانی دەگێڕێتەوە کە چۆن بە دزییەوە منداڵەکانی هەوێکەی خۆی کوشتووەو پاشان هەوێکەشی کوشتووە. بەمجۆرە کۆتایی بە قسەکانی دێنێ: "نازانم خوا لە گوناحەکانم خۆش بووە یان نا". تاوانبارەکەی دی مەشهەدی رەمەزانە، ئەویش باسی ئەوە دەکا کە چۆن لە سەفەرا سامانی کابرایەکی ونبووی خستۆتە تەنگەی باخەڵی‌و چۆن کابرایەکی دی کوشتووەو سەروەت‌و سامانەکەی بردووە، مەشهەدی رەمەزان دەڵێ: "ئێستاکە چوومەتە ساڵەوە بیرم کردەوە کە ئەم ماڵە حەرامە بۆیە هاتووم بۆ زیارەتی کەربەلا تا خۆم لە گوناحان پاك بکەمەوە، هەر ئەو رۆژە دەمی ئاخوندێکم چەور کردو دوو هەزار تمەنی پێ حەڵاڵ کردم" بەمجۆرە دوو سەعاتی پێنەچوو تا هەموو ئەم ماڵە لە شیری بەر دایکم حەڵاڵ ترم بوو. بەمجۆرە نووسەر لە نێوان قارەمانانی چیرۆکەکەدا دەسوڕێتەوە، لە تۆ وایە کامیرایەکی بە دەستەوەیەو وێنەی ناخیان دەگرێ، چ شتێك دوور نییە، چ شتێ خەیاڵی نییە، هیچ شتێ دەست کرد نییە.

هیدایەت لە چیرۆکی: "مردی کەنفسش راکشت" وێنەی کەڵکەڵەی سۆفیانەی مامۆستایەکی چینە بۆرژواکە دەگرێ کە بە تاسەوەیە بگاتە کەشکەڵانی فەلەك، یەکێك لە دۆست‌و هاوڕێکانی دەکا بەڕابەرو پیری خۆی، لە ئاکاما ساختەچێتی رابەرو پیرەکەی خۆی بۆ دەردەکەوێ‌و

باوەڕی بە ڕێگاکەی خۆی نامێنێو خۆی دەکوژێ، چیرۆکی: "علویە هانم"ی کە زیاتر شەقڵی خۆماڵی پێوەیە، بە تۆمارێکی گەشو زیندووی خورافاتی ئاینیی باوی ناو ئێران دەژمێردرێ.

باروودۆخی ئافرەتی ئێران پانتاییەکی گرینگی لەبەرهەمی نووسەرە هاوچەرخەکانی ئێرانی گرتۆتەوە، دیارە هیدایەتیش ئەم لایەنەی فەرامۆش نەکردووە، ئامانجی هەموو ئەو نووسینانەی هیدایەت لەمەڕ ئافرەتی نووسیون بۆ چاک کردنی ڕژێمی کۆمەڵایەتی تەرخان کراوە، ئەو ڕژێمەی ڕێگا بە پیاو دەدا نەك هەر لە ڕێگای شەرعییەوە بەڵکو لە ڕێگای سیغەشەوە لە ژنێ زیاتر بێنێ، لە چیرۆکی: "محلل"دا تووشی دوو کابرای دەستو ڕیش خەناوی دەبین لەسەر سەکۆیەك لەبەر ماڵدا دانیشتوونو چا دەخۆنەوە. میرزا یدالله باسی ئەوە دەکا کە چۆن لای ئاخوند دوو ژن بە سیغە دەخوازێو چۆن پاشان هەردووکیان پێکەوە تەڵاق دەداو ئەم کچە هەشت ساڵانە دەخوازێ، گلەیی لەبەختی خۆی دەکا کە گوایە لە چاو پیاوانی هەفتا ساڵانەوە منداڵەو ئەوان ژنی لە ژنەکەی ئەم منداڵتریان هەیەو کەس لۆمەیان ناکا.

هەروەها لە چیرۆکی نێوبراودا باسی کیژانی ناشیرینو بێ سامان دەکا کە چۆن بە زەحمەت مێردیان چنگ دەکەوێ، نەزۆکی هۆیەکی کافییە بۆ تەڵاقدانی ژن یا ژن بەسەر هێنانی بە زۆری نەزۆکەکان لە ترس و لەرزدا دەژینو ناچارن بەوەی رازی بن بەسیغە شوو بکەن. لە چیرۆکی:"زن کە مردش را گم کرد" باسی خۆشەویستی یەك لایەنەو ئاکامە خراپەکانی دەکا.

هیدایەت ڕەخنە لە پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی دەگرێو لەگەڵ پەروەردەی ئەوروپاییدا بەراوردی دەکاو لە چیرۆکی "عروسك پشت پرده"دا گاڵتە بە پەروەردەی قارەمانە بێ دەنگە شەرمنەکەی دەکا کە چۆن دەکەوێتە داوی خۆشەویستی بووکە شووشەیەکەوە. قارەمانی چیرۆکی: "شبهای ورامین" هاوار بەسەر ژنەکەیا دەکاو دەڵێ: دەمەوێ بڵێم ئێمە خراپ

پەروەردە کراوین، ئەوروپایی بەمنداڵەکەی دەڵێ: ئەم دنیایە هەمووی نیشتمانی خۆتە، پێویستە لە ژیانا سەرکەوتوو تر بێ لە کەسانی دی، پێویستە سەربەرز بی، ڕێك بە پێچەوانەی ئێمەوە، کە بە منداڵەکانمان دەڵێین: "ئەم دنیایە پردە، ئەو دنیا هەموو شتێکە، ئێمە هەر کە لە کۆشی دایکمان بەر دەبینەوە بۆ ئەو دنیامان دەگرین، توخوا ئەمە ژیانە".

-٥-

چیرۆکەکانی هیدایەت لە هێڵێکی گشتیدا یەکدەگرنەوە ئەویش رەخنەی توندوتیژی ئاوێتە بە داشۆرینە، ئەمە جگە لەو پێچ و پەنایانەی لەڕێبازی ریالیزمی رەخنەگرانەی نووسەردا هەیە، دیارە هەموو چیرۆکەکانی بۆ خەوشەکانی کۆمەڵی ئێرانی تەرخان کراون، لە چیرۆکەکانیا تووشی گەلێ قارەمان دەبین کە لە رێگایانەوە پۆخلەوات و خەوشە کۆمەڵایەتییەکان خراونەتە روو، هەندێ لە چیرۆکەکانی دەلالەتی روون و ئاشکرایان پێوەیە، بەڵام ئەمە هەرگیز لە راپۆڕتکاری و کرچو کاڵی هونەرییان نزیك ناکاتەوە، هەندێ لە چیرۆکەکانی بە زمانی یەکەم کەسی قسەکەرەوەیە، لەڕووی بیناوە گەلێ سۆزو گودازو هەست و هەڵچوونی جۆراوجۆر دەگرێتەوە، شۆڕشێکی سایکۆلۆژی سەخت و دژوار لە چیرۆکە رەشبینەکانیا خۆی دەنوێنێ: ((زندە بگۆڕ، بوف کور)) ئەم شۆڕشە مەترسییەکانی ژیان بەرجەستە دەکاو لایەنە کرێت و ناجۆرەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دەخاتە روو.

وەستایی لە چیرۆکەکانی هیدایەتدا پشت بەیەك شێوە دەبەستێ: پوختەی هەڵوێستێك لە هەڵوێستەکانی چیرۆکەکە لەسەرەتادا پاڵ بەخوێنەرەوە دەنێ بۆ ناوەندی رووداوەکە، ئەوجا ئەم رووداوە، رووداوو وەسف و روونکردنەوەی دی لێ دەبێتەوە، پاشان چیرۆکەکە بەشێوەیەکی کوتوپڕو چاوەنواڕنەکراو بەرەو کۆتایی دەچێ و گرێکە بەجۆرێکی نیمچە مەنتیقی دەکرێتەوە، نموونەی ئەوەش چیرۆکی: ((لالە)) ، ((زنی کە مردش راگم کرد)) و ((چنگال))ە. یەکێتی ئامانج شەقڵی زاڵی تێکڕای چیرۆکەکانی هیدایەتن. گشت قارەمانەکانی خزمەتی یەك بیر دەکەن، هەر

قارەمانێك لە شوێنی خۆیدا دانراوە، وێڕای ئەوەی قارەمان لەلای هیدایەت خەسڵەتی تایبەتی خۆیان هەیە بەڵام بەزۆری دوولایەنن، لایەنێکی بە روخسارو خاسیەتی تایبەتی خودی قارەمانەکەوەیەو لایەنەکەی دیکەی رۆڵی باڵای لە بینای چیرۆکەکەو بەشداری کردن لە رووداوەکانی چیرۆکەکەدا هەیە. هیدایەت کە باسی قارەمانەکانی دەکا، گشت وردو درشتو رواڵەتو رەوشتو خەسڵەتەکانیان رەچاو دەکا، هەموو قارەمانەکانیشی هەر سەلبی نین، بەڵکو قارەمانی ئیجابی ئەوتۆی هەیە کە وەکو تیشك لە تاریکی ژیاندا دەدرەوشێنەوە وەکحو: (عباس لە چیرۆکی "فردا"دا، منادی الحق لە چیرۆکی: "حاجی اقا"دا. دوامو الوزارە لە چیرۆکی: "حاجی اقا"دا.

هیدایەت بەدانانی پەراوێز بۆ چیرۆکەکانی، ئیستاتیکایەکی تایبەتیان پێ دەبەخشێتو هەست کردن بە بابەتەکان لە لای خوێنەر قووڵ دەکا. تەبیعەت هەوێنی زۆربەی چیرۆکەکانین، لە چیرۆکی "لالە"دا سەیر دەکەین خداداد دەکەوێتە دوای عەشقێکی شەهوانی رەبیبەکەی خۆیەوە. رەبیبەکەی هەڵدێ، خداداد دەکەوێتە تاقیب و سۆراخی، تەبیعەت لەبەر چاوی یەکپارچە خەزان و پایزە. کەچی وەختێ بۆ زنجەکەی خۆی دەگەڕێتەوە تەنانەت خۆشی بەدەنگی قەلەرەشیشدا دێ. لەچیرۆکی: ((زندە بگور))دا نەك هەر هەست بەخەمگینی قارەمانەکە دەکەین بەڵکو هەست بەخەمگینی تەبیعتەکەی دەوروبەریشی دەکەین. دنیا بارانە، ئاسمان رەشە، لە تۆ وایە بۆتە چوارچێوەو وێنەی ترسناکی خەمی گرتۆتەخۆ، لە چیرۆکی "زنی کە مردش را گم کرد" تەبیعەت نیگەرانە، لە گۆڕاندایە، رێك وەکو "زرین کلاە"ی رێبواری رێگای تاران بۆ مازندەران، وێڵی دوای ئەو مێردەیە کە جێی هێشتووە. لە چیرۆکی "گرداب"دا بەفری نێو شەقامەکانو وشکە سەرما بە ئازارەکانی ناخی قارەمانی چیرۆکەکەمان ئاشنا دەکا، ئەو قارەمانەی دڵی لە ژنەکەی پیس کردووەو دەری کردووەو بەخۆیشی سەرگەردانو وێڵ کەوتۆتە نێو شەقامەکان.

هیدایەت لە پاڵ بەکارهێنانی تەبیعەتدا، هەندێ رەمزیشی بەکار هێناوە، کاتێ قارەمانی چیرۆکی "شبهای ورامین" دەچێتە ژووری ژنە مردووەکەیەوە. چاوی بە گوڵە وەنەوشەکان دەکەوێ، ئەو گوڵانەی ژنەکەی خۆشی دەویستن. سەیر دەکا ئەوانیش ژاکاون و وشك بوونو هەر کە دەستیان بۆ دەبا لە ژێر پەنجەیدا هەڵدەوەرن، گەڵای دارەکانیش رژاون. ئاوێنە شکاوەکەش لە چیرۆکی "اینە شکستە"دا رەمزو هێمایە بۆ پچڕانی پێوەندی نێوان هەردوو قارەمانەکە.

ئەوەی گەشیو ناسکی بە بەرهەمەکانی هیدایەت دەدا ئەوەیە سەیر دەکەی زۆربەی حیواری قارەمانەکان بە زمانی رەمەکی و عامیانەیە. کەمو زۆر سڵ لە بەکارهێنانی شێوە زمانی ناوچەیی ناکاتەوە، زۆرجار حیوارەکان لە شێوەی شیرازیو مازندەرانیدا بەکاردێن، نووسەر هێند شارەزاو زاڵە بەسەر هەڵسوڕاندنی حیوارەکاندا، کە خوێنەر بە هیچ جۆرێ هەست ناکا ئەم وتانە قسەی باوی سەر زاری خەڵکانی راستەقینە نەبنو زادەی بیرو خەیاڵ بن. بەشێوەیەك رستەکان دەردەبڕێ وەك بڵێی بە تەرازوویەکی تایبەتی کێشانەیان بکا، دەبێ ئەوەش بڵێین هیدایەت زەوقێکی مۆسیقی چاکی هەبوو، بە تایبەتی مۆسیقای چایکوفسکی و سەمفۆنیای شەشەمی، موسیقا دەورێکی گرینگ لە قووڵکردنی بەرهەمی هیدایەتدا دەبینێ وەکو لە چیرۆکی "شبهای ورامین"و "اینە شکستە"دا دیارە، خۆشەویستی دەنگو ئاواز لەلای قارەمانانی زۆربەی چیرۆکەکانیا دووپات دەبێتەوە. هەڵبەتە ئەمەش ئەڵهاو حەزێکی ئێرانییەو رەگوریشەیەکی قووڵی هەیە.

خەسڵەتێکی دی لەبەرهەمی هیدایەتدا دەبینرێ کە لە پەخشانی کۆنی فارسییەوە بۆی ماوەتەوە، ئەویش تێهەڵکێش کردنی شیعرو پەندو قسەی نەستەقە لە نووسینەکانیدا، چیرۆکی "مردی کە خودش را کشت" باشترین بەڵگەی شارەزایی هیدایەتە لە شیعری سۆفیانەی فارسیدا.

-٦-

هیدایەت لە ئاخرو ئۆخری ساڵی ١٩٥٠دا چووەوە بۆ پاریس، سەفەرەکەی پتر لە نەفی کردنی خودی خۆی دەچوو، بە هیوا بوو لەوێدا — ئەگەر بە موەقەتیش بێ— دەرفەتی کاردکردنی بۆ برەخسێ، بەڵام پێ دەچێ لەوێش تووشی گیروگرفت بووبێ. چونکە لە ١٩٥١/٣/١٠ نامەیەکی بۆ براکەی نووسیوەو دەڵێ: "پاش چەرمەسەریەکی زۆر، توانیم بۆ ماوەی دوو مانگ پەساپۆرتەکەم تازە بکەمەوەو مۆڵەتی مانەوەم لە پاریس دەستەبەر بکەم، بەڵام رەنگە بچم بۆ سویسرا یا هەر شوێنێکی دی بێ... ئێرانیان گیروگرفتی زۆریان لەبەردەمە". لە ١٩٥١/٩دا دەرگای ڤیللاکەی هیدایەت کە لەسەر شەقامی سان میشیل بوو، دەکەنەوەو سەیر دەکەن بە غاز خۆی کوشتووە. لە گۆڕستانی "باوکە لاشیز"دا بە خاك سپێردرا.

هیدایەت بە درێژایی تەمەنی هەستی خۆکوژی لەلا هەبووە لە ساڵی ١٩٢٨دا کاغەزێکی بۆ براکەی نووسیوەو دەڵێ: "کارێکی شێتانەم کرد، بەڵام باش بوو بە سەلامەتی تێپەڕی". لە ١٩٢٨/١٠/١٥دا نامەیەکی بۆ نووسەری گەورە محەمەد عەلی جەمالزادەی هاوڕێی خۆی نووسیوەو دەڵێ: "بەکورتی هیلاکم، مێشکم تێکچووە، شەوو رۆژ بەڕێ دەکەم، دەڵێی حوکمی ئیعدامم بەسەرا دراوە، دەستم لە ئاکامی هەموو شتێك شتووە، ناتوانم جارێکی دی بەتاسەوە روو لە هیچ شتێ بکەم. ناتوانم خۆم هەڵخەڵەتێنم، زاتی ئەوەشم نییە خۆم بکوژم".

زۆر کەس لە هۆی خۆکوشتنەکەی هیدایەت کۆڵیونەتەوە، هەندێ دەی گەڕێننەوە بۆ هەندێ هۆی شەخسی. هەندێ دەڵێن پاش مردنی یەکێك لە دۆستەکانی، لە ژیان وەرس بوو، هەندێکی دیکە هۆی خۆکوشتنەکەی دەگەڕێنەوە بۆ کوژرانی مێردی خوشکەکەی "زرم ارا" لەلایەن "فیداییانی ئیسلام"ەوە. هەندێکی دی دەڵێن خۆ کوشتنەکەی ناڕەزایی دەربڕێنێکی عەمەلی بوو بەرانبەر بەر رژێمی رامیاری‌و کۆمەڵایەتی ئێران، چونکە بەر لە خۆ کوشتنەکەی لە زۆربەی بەرهەمەکانیا گەڕابۆوە سەر نائومێدییە کۆنەکەی. لە چیرۆکی "بن بست"دا بەخەستی وێنەی زاڵبوونی قەدەرو لە دەست چوونی هیوای گرتووە. ئەو جەو گشتییەی هیدایەت تێیدا دەژیا. ماندووی دەکرد. بیرکردنەوە لە پیر بوون وەرەسی دەکرد. هەمیشە وای دەبینی کە: "مرۆڤ نابێ لە ٥٠ساڵ پتر بژی چونکە ژیان لە سەرووی ئەم تەمەنەوە دەبێ بەشتێکی قۆڕە".

هەمیشە دوو هێز لە بوونی هیدایەتدا ململانێیان بووە. ئەو دوو هێزەی کە بناغەی ئایینی کۆنی ئێرانی پێکهاتووەو دەوریان لە ژیانی هەموو ئێرانییەکدا هەبووە، هێزی چاکەو ژیان "ئاهور مەزدا"و هێزی خراپەو نەمان‌و تاریکی "ئەهریمەن" وەختێ یەکێکی وەکو هیدایەت سەیر دەکا ژیان بێهودەیەو "شایانی ئەوە نییە بژیت" دیارە بەرە بەرە لایەنەی روناکی‌و بوون روو لە کزی دەکاو زۆر نابا خوای شەڕ دەستی خۆی دەوەشێنێ‌و لەگەڵ خویدا رای دەماڵێ‌و بەرەو نەمانی دەبا. کێ دەزانێ" لەوەیە هیدایەت خۆی یارمەتی گەشەکردنی ئەو هێزەی دابێ تا زووتر بگاتە کاروانی نەمران. بۆ نا، ئەدی ئەوە نییە فەیلەسووفانی سۆفیزمی فارس دەڵێن: "ئەوی عەشقی لە دڵدا بێ هەرگیز نامرێ" بێگومان ژیانێکی جوان لەودیوە ئەو ژیانەوەیە هەیە کە هیدایەت رەفزی کرد. ئەگەر تقوسە ئاینییەکان نەبان ئەوا هیدایەت باوەڕی قووڵی بە خوا هەبوو. ئەوەتا یەکێك لە قارەمانەکانی چیرۆکی: "شبهای ورامین" دەڵێ: "بەخێرو شەڕ لە مرۆڤدا چ دەخلێکیان بەسەر باوەڕ یا ئایینەوە نییە،

هەموو فیت و ئوینەکان لە ژێر سەری ئاخونداندایە. گشت شەڕە ئایینییەکان شەڕی خاچ پەرستەکان لە ژێر سەری کەشیشەکاندا بووە". توانەوە لە خواداو جێهێشتنی ئەم دنیایە لە پێنانی ئەودا یەکێکە لە لوتکەکانی فەیلەسووفانی رێبازی سۆفیزمی فارسی.

هەر چۆنێ بێ هەمیشە خۆ کوشتنەکەی هیدایەت بەوەوە گرێ دەدرێ کە چەشنە ناڕەزاییەك بووە لە بارودۆخی نیشتمان ئێران لە ساڵی خۆ کوشتنەکەی هیدایەتدا لە گێژاوی نائومێدییەکی تاڵدا دەژیا. رۆشنبیران خرانە کونی گۆشەگیرییەوە. پاژنە ئاسنیەکان شەوانە بەر دەرگایان لێ دەگرتن، هیدایەت هەستی کرد لەم بابەتە وڵاتەدا هەرچییەك بنووسێت بێ سوودە. ئەوە بوو چیرۆکی: "توپ مروارید"ی نووسی و هێرشێکی توندی تیادا کردە سەر سەرمایەداران‌و داگیرکەران، بەڵام کە سەیری کرد بێ سوودە، کاغەزەکانی سووتاندو رۆیی.

-٧-

ئەگەر بمانەوێ باسی ئەو نووسینانە بکەین کە لە ئێراندا دەربارەی هیدایەت نووسراون‌و دەنووسرێن ئەوا باسەکەمان درێژە دەکێشێت‌و لێرەدا ئەو دەرفەتەمان نییەو تەنیا مشتێك لەو خەرواره دەخەینەڕوو. د. خانلری دەڵێ: "شیوازی نووسینی هیدایەت بوو بە باوترین شێوازو چ رۆمان نووسێکی ئێران نەیدەتوانی رۆمانی چرووپری وەکو هی هیدایەت بینا بنێ".

احسان طبري دەڵێ: "لە رووی هونەری‌و قووڵییەوە کەس بە تۆزی پێیدا ناگا". دیارە گەلێك لە نووسەرانی ئێران کەوتوونەتە ژێر کارتێکردنی نووسینی هیدایەتەوە لێرەدا تەنیا نموونە دێنینەوە بەس. لەوانە: سادق چۆبك، جلال ال احمدو بگرە جمالزادەش کە بەر لەو دەستی داوەتە نووسین، لە کارتێکردنی هیدایەت بەدەر نەبووەو گەلێ لە دەستەواژەکانی هیدایەتی بەگەڵ نووسین‌و چیرۆکی خۆی خستووەو بەڵگەش بۆ ئەم قسەیەمان چیرۆکی "ماڵی شێتان"ـە.

هیدایەت ئەدەبی فارسی لە کۆشك‌و بارەگاکانەوە گواستەوە بۆ نێو گەل. لە دنیای سۆفی گەرییەوە گواستییەوە بۆ سۆسیالیزم. لە قارەمانی ئەفسانەییەوە گواستییەوە بۆ قارەمانی ریالیستی، لە جوانکاری‌و رازانەوەی زمانەوە گواستییەوە بۆ قسەی سادەو ئاسایی باوی سەرزاری خەڵکی‌و هەڵقولاوی ویژدانی گەل. بۆیە تاکو لە ژیاندا بوو بە هەزاران چەرمەسەری بەرهەمێکی بلاودەکردەوە، بەڵام هەر کە مرد ئیدی بەرهەمەکانی لێکدا لێکدا هاتنە بلاوکردنەوەو ئاهەنگی بۆ سازکرا.

نێوبانگی جیهانیی هیدایەت لەو سەروبەندەدا دەستی پێکرد کە رەخنەگرە فەرنساوییەکان کەوتنە بایەخ پێدانی، یەکەمجار ئەوان بەرهەمەکانیان وەرگێڕا، "روجیە لیسکو" "بوف کور"ەکەی وەرگێڕا. "جیلبر لازار""حاجی اقا"کەی وەرگێڕا، بروحیم "فردا"کەی وەرگێڕا، فنسان مونتیە "بن بست"کەی وەرگێڕا. خاتوو رضوي "بوف کور"ەکەی کردە ئینگلیزی. یان ریبکا "مردی کەخودش را کشت، مردە خور، ابجی خانم"ی وەرگێڕانە سەر زمانی چیکی. موریس بوریکی "سگ و لگرد"ەکەی کردە چیکی، هەمان چیرۆك "سگ و لگرد" کرا بە ئەرمەنیش. کمیسرۆف‌و روزن فیلد کۆمەڵێك بەرهەمیان کردە روسی کە بریتییە لە "٣٠" لاپەڕە.

جگە لەو وتارو لێکۆڵینەوانەی کە: جان کامبوز، فنسان مونتیە، باستور ڤالیری رادو، هنری ماسیە، جان ریچارد بلوك، فیلیب سوبو، رینیە لالو، روجیە لیسکو، ریمبودی سنی، اندریە برتون، جریوزلا بە زمانی فەرەنسی لەمەڕ هیدایەتیان نووسیوەو هەروەها جگە لەو باسەی کمیسروف بە رووسی لەسەری نووسیوە. ئەمانەشی لەسەر نووسراون: ئەندریە رسو لە بەرگی پێنجەمی کتێبەکە گەورەکەیدا "ئەدەبی سەدەی بیستەم" بەشێکی چاکی بۆ تەرخان کردووە. روجیە لیسکو پێشەکییەکی تێرو تەسەلی بۆ "بوف کور" نووسیوە. فنسان مونتیە کتێبێکی هەیە بەناوی "سادق هیدایەت" خاتوو کشلاو کتێبێکی بە رووسی نووسیوە بە ناوی "پەخشانی هونەری لای سادق هیدایەت" حسان کمشادیش لە ساڵی ١٩٦٦دا نامەیەکی تەقدیمی زانستگای کمبرج کرد بەناوی "پەخشانی هونەری لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی فارسی"دا، چەند فەسڵێکی ئەو نامەیەی بۆ هیدایەت تەرخان کردووە. دیارە گەلێ کەسی دیکەش دەربارەیان نووسیوە. ئێمەش لێرەدا ئەم دوو چیرۆکەی وەکو نموونە پێشکەش دەکەین:

لاله

له بەیانی زووەوە گەواڵە هەوران دەهاتن و دەچوون، بایەکی ساردی ناخۆشی دەهات. ژێر درەختەکان پڕ بوون لە گەڵای وەریو، گەڵا زەردەکان ناوە ناوە له درەختەکان دەوەرین و بە دەم نەرمە سەماوە دەکەوتنە عاردی.

پۆله قەلەڕەشێك بە قارە قار بەرەو شوێنێکی نادیار دەڕۆیی. خانووی دێهاتەکان لە دوورەوە وەکوو قاوغە شقارتەی لەسەریەك هەڵچنرا، بە پەنجەرەی رەش هەڵگەڕاوو بەبێ دەرگا وا دەهاتنە بەرچاو کە بە موەقەت دروست کرابن.

خوداداد بەردێن و سمێڵی بۆزەوە، گورج و گوڵ و دڵ وریا هەنگاوی مکومی دەناو هەستی دەکرد هێزو گوڕێکی تازە دەڕژێتە دەمارەکانییەوە. بەڕواڵەت چاوی لە جادە شێدارەکەی نێو پێ دەشتەکەی بەردەمیی بوو. با گەشکەی بە پێستی لەشی دەدا، وای دەهاتە بەرچاو کە درەختەکان دەرەقسن. قەلە رەشەکان مژدەی شادییان بۆ دەهێناو هەموو تەبیعەت لەبەر چاوی جوان و رەنگین و روو خۆش بوو. بوخچەیەکی موقەلەمی لەبن هەنگڵی نابوو و بە خۆیەوەی چەسپاندبوو. چاوەکانی دەبریسکانەوە، هەر هەنگاوێکی دەنا، بەلەکە سفتەکانی لە دەلنگی پانتۆڵە رەشە دەڵبەکەیەوە بە دیار دەکەوتن.

جلەکانی شینی ئاسمانی بوو، کڵاوێکی لبادی ئامال زەردی لەسەر بوو.

خداداد پیاوێکی شەست ساڵان بوو. پیاوێکی بە هەیکەل و ئێسقان ئەستوور بوو. باڵا بەرزو چاوگەش بوو. کونجی قەناعەتی گرتبوو، و نزیکەی بیست ساڵێك بوو خەڵکی دەماوەند نەیان دیتبوو. خداداد لەلای "کانی عەولا" لەسەر رێگای مازندەران کوخێکی لەبەردو گڵ بۆ خۆ دروست کردبوو. بیست ساڵێك بوو بە تاقی تەنیا دەژیا. بە دەستەش زبرەکانی خۆی زەوی دەکێڵا، ئاوی دەدا، دای دەچاندو درەوی دەکرد. هەمان کار کە باوو باپیرانی دەیان کرد. جێی هەشتا ربە تۆوی بە میرات پێ بڕا بوو کە لە نەهاتە ساڵێکدا نیوەی پتری فرۆشتبوو، نووکە بە بەروبوومی ئەو پارچە زەوییە بچووکەی کە بۆی مابۆوە ژیانێکی خۆشی دەقەتاند.

ئەوەی کەببوە مایەی سەرسامی هەمووان ئەمە بوو کە خداداد لەو ٢-٣ ساڵەی ئەخیردا لە گوندەکان و بە زۆری لە باژێری دەماوەندا دەبینرا کە پارچەی ژنانە، قەندو چاو وردە شتی دەکڕی، زۆر کەسیش لە کێوەکانی دەوروبەری ئاوە گەرم و جابن و گیلیاردا لەگەڵ کچۆڵەیەکی قەرجدا دیتبوویان.

چوار ساڵێك لەوە پێش، لە شەوێکی ساردو تۆفدا، وەختێ خداداد فووی لە چراکەی کردو چووە نێو جێگاوە، گوێی لە دەنگێکی غەریب بوو: ناڵەوفریادی پچڕپچڕ کە مەعلوم نەبوو دەنگی گیاندارە یا ئادەمیزاد. دەنگەکە بەردەوام نزیك دەبووەوە، لە پڕ لە دەرگای کوختەکەی ئەویاندا، خداداد کە نە لە گورگ و نە لە دێو دەترسا، هەستا، دانیشت، هەستی کرد تنۆکە عارەقێکی سارد بە گازەرای پشتیا چۆڕا، هەر چەندە پرسی کێی؟ چت دەوێ؟ چ کەسێك وەڵامی نەدایەوە، کە چووە نێو جێگاو چاوی چووە خەو دووبارە لە دەرگایان دایەوە. بە دەستی لەرزۆك چراکەی هەڵکرد، ئەو سیکارتە زلەی کە بۆ شکاندنی چڵ و چێو بە دیوارەکەیەوە هەڵواسی بوو. هەڵگرت و لە پڕ دەرگاکەی کردەوە. کە دەرگای کردەوەو تەماشای کرد کچۆڵەیەکی قەرەجی سوور پۆش لەبەر دەرگادا وەستاوەو فرمێسك بەسەر

گۆناکانییەوە مەییوەو دەلەرزی، هێندەی دی سەرسام بوو، خداداد سیکارتەکەی توردایە سوچێکی ژوورەکە. دەستی کچۆڵەکەی گرت و بردییە ژوورەوە. هاڵاوی ئاگرەکە کچۆڵەکەی گەرم کردەوە. پاشان خداداد بە جلە کۆنەکەی خۆی جێگایەکی بۆ دروست کرد.

سبەی بەیانی هەر پرسیارێکی لێکرد، بێ ئەنجام بوو، دەتگوت کچۆڵەکە سوێندی خواردووە چ شتێك دەربارەی خۆی نەڵێ و نەدرکێنێ، بۆیە خداداد ناوی لاڵ یا لاڵۆی لێ ناو بەرە بەرە ئەم ناوە بوو بە لالە. ئەوەی غەریب بوو ئەوەبوو کە وەختەکە وەختی گەرمیان و کوێستانی قەرەجان نەبوو، خداداد نەیدەزانی ئەم کچۆڵەیە لە کوێوە هاتبوو. لە کوختەکەی وەدەرکەوت و شوێن پێی کچۆڵەکەی هەڵگرت، بەڵام شوێن پێیەکانی لەسەر گەڵاوەریوەکان ون دەبوو، لە ئاشەوانەکەی کانی عەلای پرسی، ئەویش هیچی لێ نەدەزانی. ئەنجام بڕیاریدا کچۆڵەکە لای خۆی ڕاگرێ و ئاگاداری بکا تا کەس و کارو خاوەنی پەیدا دەبن.

لالە کچۆڵەیەکی ١٠–١٢ ساڵەی گەنم ڕەنگ بوو. دەمو چاوی ناسك و چاوەکانی گەش و لەبەر دڵان بوو. خاڵیان لەسەر دەست و تەختی هەنیەی کوتابوو. لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا کە لە کن خداداد مایەوە، خداداد هەر چەند پرسیاری کەسوکاری ئەوی کرد، هیچ یەکێك لە قەرەجەکان نەیان ناسی، خدادادیش وای لێهات حەزی نەدەکرد لالە لە دەست بدا! وەکو ڕۆڵەیەکی خۆی گلی دایەوەو بەرەبەرە خۆشەویستییەکی تایبەتی دەرهەق بەو لەلا دروست بوو، نەك خۆشەویستی باوك و جگەرگۆشە، بەڵکو خۆشەویستی نێوان ژن و مێرد.

هەر کە وەسوەسەی ئەشق لە کەللەیدا، پەردەیەکی کرد بەناو بڕەی ژوورەکە تا شوێنی نووستنیان لێکدی جودا بێ. ئەوەی لە هەموو شت خراتر بوو ئەوەبوو لالە بە خدادادی دەگوت بابەو هەر جارێ بە بابە گازی کردبا ئێدی حاڵی خراپ دەبوو. ڕۆژێك خداداد گەڕایەوە ماڵێ سەیری کرد دوو مریشکی سەر بە کڵاو لەبەردەم کوختەکەیدا چینە دەکەن.

هەر چەندی خداداد ئامۆژگاری لالەی دەکرد کە دزی کارێکی دزێوەو لە ئاگری دۆزەخدا دەسووتێ، بزەیەکی لاسارانە دەکەوتنە سەر لێوی و هەر جارەی بە هەنجەتێك خۆی لەم چەشنە گفتوگۆیە دەرباز دەکرد.

لالە زۆری کەیف بە گەشت و گەڕان دەهات، خۆ ئەگەر ٢–٣ ڕۆژێك باران بووایەو بە ناچاری لە کوختەکەدا ماباوە ئیدی پەست و غەمگین دەبوو، بەڵام لە ڕۆژانی خۆشدا یا لەگەڵ خداداد یا بە تەنێ دەچووە گەشت و گەڕان. زۆربەی کات بە تەنێ دەڕۆیی و هەر ئەمەش گومانی لەلای خداداد چێ دەکرد، چونکە ٢–٣ جاران عەباسی شوانی لەگەڵ لالەدا دیتبوو و عەباسی بە ڕەقیبی خۆی دەزانی. تەنانەت ڕۆژێك دیتبوی کە عەباس توترکی دەچنی و دەی کردە دەمی لالەوە، هەر ئەو شەوە کەوتە سەر کۆنەکردنی لالە کە نابێ لەگەڵ پیاوی غەریبەدا قسان بکا، فرمێسك لە چاوانی لالە قەتیس مان و دڵی دێهاتیانەی خداداد پڕ بوو. دایکی عەباس دوو جاران هاتبووە خوازبێنی لالە بۆ کوڕەکەی، بەڵام خداداد جوابی دابۆوە کە لالە هێشتا منداڵە. لەبەر خۆیەوە وای بیر دەکردەوە کە ئەم عەباسە تەمەڵ و تەوەزەلە دەبێ بە میراتگری ئەو و هەرچی سەروەت و سامانێك کە لە ماوەی پەنجا ساڵدا پێکەوەی ناوە دەبێ بەهی ئەو. ئەوجا ڕۆحی باووباپیرانی چ بەو دەڵێن! لەبری میراتگر، زەلامێکی بێ سەروبەری هەڵبژاردووە کە ناتوانێ زەوییەکە خزمەت بکاو دایچێنێ. جگە لەمەش کچێك کە بە خۆی داڵدەی داوە، خواردنی داوەتێ، جلی بۆ کڕیوە، زەحمەتی پێوە کێشاوەو گەورەی کردووە، عەینی وەکو درەختێکی میوەی دەهاتە بەرچاو کە خۆی پەروەردەی کردبێ و هێنابێتە بەرو زەلامێکی بێگانەی حەوتا میللەتی بەرەکەی بچنێ، چما ناتوانێ لالە بۆ خۆی بخوازێ" بۆ نەء؟ بەڵام هەستی دەکرد مەسەلەکە بەم سادەییە نییەو ڕەزامەندی کچەکەش مەرجە، ئەمە جگە لەوەی هەرچەند کچەکە بە بابەی گاز دەکرد هێندەی دی نائومێد دەبوو، زۆرجار کە شەوان کچەکە خەوی لێ دەکەوت خداداد چراکەی هەڵدەبڕی، قەیرێکی تەواو بە دیارییەوە

دەوەستاو سەیری دەموچاو، سینە، مەمکو بازووەکانی دەکرد، پاشان وەکو شێت وەدەردەکەوتو دەیدایە کێوو بەندەنانو زۆر درەنگ دەگەڕایەوە، ژیانی لە نێوان ترس وهیوادا دەهاتو دەچوو، ترس رێی نەدەدا ئەشقی خۆی بۆ دەربڕێ. ئەگەر لالە بیگوتبایە: "نەء تۆ پیری" ئیدی ئەو چ چارێکی نەدەما جگە لە خۆکوشتن، تاوێرە بەردێکی گەورە لە نزیکی کوختەکەی خداداد بوو، لالە بە زۆری لەسەر ئەو تاوێرە رۆدەنیشتو بەلەکە سفتو سۆڵە رووتەکانی لێکدی دەچەسپاندو بە سەعاتان بەو دەقەوە دەمایەوەو جار جارە لەبن لێوانەوە سترانێکی غەمگینی دەگوتەوە. بەڵام هەر کە یەکێکی نزیک دەبۆوە لە پڕ کڕ دەبوو. خداداد بەڕێکەوت ئەم سترانەی لێ ژنەوتبوو زۆری حەز دەکرد جارێکی دیکەش گوێی لێ بێ.

ئەوڕۆ سبیانێ وەختێ خداداد دەیوست بچێتە شاری دەماوەند، لالە لەسەر هەمان تاوێر رۆنیشتبوو، بەڵام لە هەموو رۆژێک شادو بەدەماخ تر بوو، بە پێچەوانەی جارانەوە نەیوست دوی خداداد بکەوێو بچێ بۆ شارێ، خداداد پێی گوت: "لەچکێکی سوورت بۆ دەکڕم".

بزە منداڵانەو بێگەردەکەی ئۆخەی خستە دڵو دەروونی خدادادەوە، هەر کە گەییە بازاڕە چکۆڵەکەی دەماوەند بەر لە هەموو شتێک خۆی بە دوکانێکی بەزازی داکردو لەچکێکی سووری گوڵ کەسکو زەردی کڕی. پاشان قەندو چای کڕی، هەر هەمووی لە بوخچە موقەلەمەکەی ناو بەپەلە بەرەو کوختەکەی خۆی کەوتەڕێ.

بۆ خداداد کە قاڵبووی رێگاوبان بوو، هەر چەندە نێوان شارو کوختەکەی دوو قۆناغە رێیان دەبوو، هەر بە ئەندازەی هەڵەتێک دەهاتە بەرچاو، هەر چەندە پیرو کەنەفت ببوو، بەڵام نووکە ژیان جۆرە مانایەکی تێ کەوتبوو، بە دەم رێوەو لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە.

"ئەم لەچکە هەر بۆ وەی جوانە لالە بەشانیا بداتو لچکەکانی لە ژێر مەمکەکانییەوە گرێ بدات" پاشان وەک ئەوەی شەرمی بەخۆبێ، بە خۆی

دەگوت: "دەبێ شانازی بە جوانی ئەوەوە بکەم، چونکە من لەبری بابی ویمەو دەبێ مێردێکی چاکی بۆ پەیدا بکەم" بەڵام هەر چەندە عەباسی شوانی بیر دەکەوتەوە کە لالەی خۆش دەوێ، خوێنی دەهاتە کوڵ.

بە هەورازو نشێواندا، بە قەراغ چۆمو دۆڵانداو بە قەدپاڵو هەڵەتاندا تێدەپەڕی. لە رێگادا کەسی نەدەدی، هەستی بە چ شتێک نەدەکرد. تەنانەت ماندووبوونی رێگاش کاری لێنەدەکرد. زۆربەی کات وەختێ رێی دەکەوتە گوندەکانی دەوروبەر. دەیڕوانییە ئاسمان تا بزانێ باران دەباریێ یان نا. دەیڕوانییە زەوییەکان تا چاو با حاسڵاتی خەڵکیدا بگێڕێ، پرسیاری نرخی جۆ، گەنم، لۆبیا، قەیسی، سێو، گێلاس، زەردەلو و شتی دی دەکرد، بەڵام نووکە هەموو هۆشو گۆشی لە کن لالە بوو، بەروبوومی ئەو ساڵی زەوییەکەی چاک نەبوو، بۆیە ناچار بوو هەندێک لە پاشەکەوتەکەی خۆی خەرج بکا، بەڵام هەر هەموو ئەمە بەلای ئەوەوە تاڵێک لە قژی لالەی نەدەهێنا.... بەدەم ئەو بیرانەوە بەکەنار درەختەکاندا رەت بوو، چووە سەر ئەو جادەیەی کە کوختەکەی ئەو کەوتبووە سەر زورگەکەی بەرانبەری، کوختەکەی لەدوورەوە دەتگوت دوو قاوغە شقارەتی شکاوی پێکەوە چەسپێنراوە، پێی هەڵگرت. پتر بوخچەکەی گوشییە خۆیەوە، بە پەلە رێگای دەبڕی، لە هەورازێکی دی رەت بوو، پێچێکی کردەوەو لەبەردەم کوختەکەی خۆیەوە سەری دەرهێنا، بەڵام لالە لەوێندەر نەبوو، نە لەسەر تاویرەکە بوو نە لە ژوورەوە.

هاتە بەر دەرگا، دەستی خستە کەنار دەوی، هاواری کرد: "لالە... لالە....!" کەس وەڵامی نەدایەوە. چووە دەرێو بە هەموو هێزێکی خۆیەوە گازی کرد: "لالە... لالو... لالو..".

بانگەکەی دەنگی دەدایەوە: "لالە... لالو..." ترسو واهیمەیەکی سامناکی لێ نیشت غاری دایە سەر تاوێرەکە، روانییە بەردەم کوختەکەی‌و هەموو ئەو دەوروبەرە. چ ئاسەوارێکی جل سووری نەدی، گەڕایەوە وەژوور کەوت، سەندوقەکەی لالەی کردەوە، سەیری کرد ئەو

جلە تازانەی کە ئەمساڵ بۆی کڕی بوو نەمابوون. خەریك بوو دین ببێ، سەری لەو مەسەلەیە دەرنەدەکرد، دیسان وەدەرکەوت، لەسەر کانی عەلا تووشی ئاخوندی گوندی بوو، کڵاوێکی شڕۆڵەی لەسەر بوو، بە پانتۆڵێکی رەش‌و کەوایەکی سێ چاکییەوە لەبن درەختێکدا دانیشتبوو و سەبیلی دەکێشا، هێند بەرقەوە روانییە خداداد کە زاتی نەکرد چ پرسیارێکی لێ بکا، کەمێك لەولاترەوە ژنێکی چارشێو سووری بێجامە رەشی پرچ هۆنراوەی بینی کە منداڵەکەی لە کۆڵ کردبوو.

ئەویش چ هەواڵێکی لالەی پێ نەبوو، خداداد بە ناچاری زڤرییەوە.

تاریکی شەو هەموو لایەکی گرتەوە، لالە نەهاتەوە، خداداد چ خەون گەلێکی ناخۆشی دی! نا. هەر خەو نەچووە چاوی، کابوس بوو. لەگەڵ بچووکترین دەنگا رادەبوو، بە خەیاڵی خۆی لالە هاتۆتەوە، زیاد لە دە جاران هەستا، پەردەکەی لادەدا، بەلەپە کوتێ جێگا ساردەکەی لالەی سەح دەکردەوە، دەلەرزی‌و دەکەوت. ئایا بە تۆبزی رەدوویان خستووە" ئایا هەڵیان خەڵەتاندووە یا بەخۆی رۆییوە؟.

سبەی بەیانی دنیا ساف و سارد بوو، خداداد لەچکە سوورەکەی لەگەڵ خۆدا هەڵگرت‌و چووە سۆراخ‌و تاقیبی لالە، لە رێگادا هەموو خەڵکی چەشنی دێوو ئەژدیها دەهاتنە بەرچاوی، کێوانی شین باوو بۆر کە بەفر تا نیوەیان هاتبوو ترسیان دەخستە دڵییەوە، بۆنی پۆنگەی کەناری جۆگایەك هەناسەی سوار دەکرد، لە رێگادا تووشی دوو کەسی دێهاتی بوو، بە شپرزەییەوە لێی پرسین: "ئەرێ لالەتان نەدیتووە؟".

هەوەڵجار وایانزانی دین بووە، لێیان پرسی: "کێ؟".

"کچە قەرەجێك"

یەکێکیان گوتی: "دوو رۆژە تاقمە قەرەجێك هاتوون‌و لە موجحدا هەڵیان داوەو دیارە مەبەستت وانە" خداداد ملی رێگای موجحی گرت، ئەمجارەیان بە هەنگاوی هەڕاوو خێراوە نزیك بۆوە سەیری کرد شینە زەلامێك لە کەنار جۆکەیەکدا خەوتبوو. تۆزێ لەو لاترەوە ژنە قەرەجێك

ساواری لە بێژنگ دەدا. ژنەکە سڵاوی کردو گوتی: "فاڵ دەگرینەوە، میروە مارانەمان هەیە، هێڵەك، بێژنگ، گوێزو...".

خداداد شێت ئاسا گوتی: "لالە، لالو–ت نەدیتوە، نازانی لە کوێندەرە؟"

"فاڵ دەگرینەوە، پێت دەڵێین"

"دەی بڵێ، پارەکەت دەدەم"

"هەقەکەی بدە تا پێت بڵێم"

خداداد شەکەت بوو، دەستی بە بەرکیا کرد، قرانێکی دەرهێناو دایە ژنە قەرەجەکە، ژنەکە دەستی گرت، روانییە دەموچاوی‌و گوتی: "عەلی پشت‌و پەناتە. کابرا تۆ خەمێکت لە دڵدایە. چوننکە شتێکت لێ گوم بووە کە چوار ساڵی رەبەق زەحمەتت پێوە کێشاوە. نەە جگەر گۆشەتەو نە لە جگەر گۆشەی خۆت کەمترت خۆش دەوێ".

خداداد بە چاوانی فرمێسکاوییەوە دەی روانییە ژنە قەرەجەکە. لەبن لێوانەوە گوتی: "راستە، راستە".

"بەڵام، بە خۆڕایی خۆت خەفەتخان مەکە، چونکە ئەو کیژە لێتەوە نزیکەو لەم ناوەیە. ساغ‌و سەلامەتە. ئەویش تۆی خۆش گەرەکە. بەڵام بە چ دەچێ.چارەنووس کاری خۆی کردووە!"

"چۆن چۆن؟ تو خوایەکەت قسان بکە"

"خۆت خەفەتخان مەکە. ئەو بەختەوەرە. دەرکی ژوورەکەت بە بەتاکی جێهێشتووەو شەیتان وەژوور کەوتووەو هەڵی خەڵەتاندووە".

"نێوی عەباس نییە؟".

"نەء"

"تۆ کێی چۆن دەزانی؟ توبی ئەو خوایە راستییەکەم پێ بڵێ، چیت بوێ وێت دەدەم".

دەستی بە بەرکیا کردو قرانێکی دی دەرهێناو نایە مستی قەرەجەکە، بەڵام لەم کاتەدا سەیری کرد پەردەی رەشماڵەکەی تەنیشتەوە لادراو لالە وەدەرکەوت. هەمان ئەو جلکە سوورە تازەیەی کە بۆی کڕی بوو، لە بەریا

بوو، سێوە لاسوورەیەکی بەدەستەوە بوو، بەسەری قوڵی کراسەکەی دەی سڕی و قەپی لێ دەدا، ئەوجا بە نەرمە پێکەنینەوە رووی کردە ژنە فاڵچییەکەو گوتی: "دایکە ئەمە بابە خداداده."و بەدەست ئیشارەتی بۆ لای ئەو کرد.

خداداد لە سەرسامیدا دەمی داچەقی بوو. لێکدا لێکدا دەیڕوانییە لالەو دایکی، تا نووکە لالەی بەو شادی و بەدەماخییەوە نەدیتبوو، دەستی بە بوخچەکەی داکرد، لەچکە سوورەکەی دەرهێناو لەبەردەمی لالەدا دایناو گوتی: "کە چوومە شار ئەمەم بۆ تۆ کڕی".

لالو بە دەنگی بەرز پێکەنی، لەچکەکەی دا بە شانیاو، لە ژێر مەمکەکانیەوە گرێیدا. ئەوجا بە غار خۆی گەیاندە بەر رەشماڵەکە، دەستی پیاوێکی گەنجی گرت‌و رای کێشایە دەرێ، ئاماژەی بۆ لای خداداد کردو شتێکی بەو پیاوە گوت. پاشان بە هەمان شێوەی تایبەتی خۆی لەبن لێوانەوە کەوتە گۆرانی‌و بە پوزە سفت‌و سۆڵەکانیەوە دەستی کردە گەردنی ئەو پیاوەو بەبن دار بییەکاندا رەت بوون‌و دوور کەوتنەوە.

خداداد لە خەفەت‌و شادیدا دەگریا، بە لەقە لەق بە هەمان رێی خۆیدا گەڕایەوە، خۆی بە کوختەکەیدا کرد، دەرکەکەی لەسەر خۆی داخست‌و ئیدی چ کەسێك نەیدی.

گێژاو

هەمایون لەبن لێوانەوە بە خۆی دەگوت:

"ئایا راستە؟... دەشێت؟ بەو لاوییە، لەوێدا لە شا عبدالعظیمدا لە نێوان هەزاران مردووی دیکەدا، لە ژێر خاکی ساردو شێدارا خەوت بێ... کفن لە بەدەنی چەسپی بێ! ئیدی نە هەوەڵی بەهار دەبینێ‌و نە ئاخیری پایزو نە رۆژانی کپ‌و خەمگینی وەکو ئەمڕۆ.. ئایا رۆشنایی چاوەکانی‌و ئاوازی دەنگی بەیەکجاری دامرکانەوە!.... ئەوی کە هەمیشە دەم بە پێکەنین‌و قسە قوت‌و زار شیرین بوو..."

دنیا هەور بوو، تەنکە بوخارێك نیشتبووە سەر شووشەی پەنجەرەکەو لە پشت تەنکە بوخارەکەوە سەربانە جەمەلۆنییەکەی ماڵە هاوسێکە دیار بوو کە تەنکە بەفرێکی نیشتبووە سەر. کڵۆ بەفرەکان بەردەوام‌و بە ئەسپایی دەهاتنە خوارێ‌و دەکەوتنە سەر گوێسەبانەی سەربانە جەمەلۆنییەکە. دوکەڵێکی رەش لە دووکەڵ کێشی سەربانەکەوە دەهاتە دەرێ‌و لە ئاسمانی لێڵ‌و تاریکدا لوولی دەخواردو بەرە بەرە ون دەبوو.

هەمایون و ژنە جەحێڵەکەی‌و هومای کچۆڵەیان لە ژوورەوەو لەبەر سۆپا دانیشتبوون، بەڵام بە پێچەوانەی جارانەوە کە رۆژانی هەینی پێکەنین‌و شادی لەم ژوورە دەباری، ئەو رۆژە کە هەموویان خەمبارو مات‌و بێدەنگ بوون، تەنانەت کیژە بچووکەکەشیان کە هەمیشە مایەی شادی‌و گەرمی ماڵەکە بوو. ئەوڕۆ بووکە گەنجینە سەروچاو شکاوەکەی لە تەنیشت خۆیەوە دانابوو، مات‌و بێدەنگ دەیڕوانییە دەرێ دەتگوت ئەویش پەی بەوە بردبوو لە شتێکیان کەمەو ئەویش مامە بارام گیان بوو کە وەکو جاری جاران نەهاتبوو، هەروەها هەستی دەکرد کە خەمباری‌و لێو بەباری

باب و داکی سەبارەت بەوە: جلی رەش، چاوانی سوور هەڵگەڕاوی بێ خەو، دووکەڵی لە هەوادا لوول خواردووی جگەرە، هەموو بەڵگەی دروستی بیرکردنەوەکەی ئەو بوون.

هەمایون چاوی بڕی بووە ئاگری سۆپاکە، بەڵام بیری لە شوێنێکی دیکە بوو، بێ ئیختیار کەوتبووە یادی ڕۆژانی قوتابخانە، ئەو سەروبەندەی کە وەکو ئەوڕۆکە بستێك بەفر دەکەوت، کاتی زەنگی پشودان لێی دەدا ئەوو بارام بەر لە هەمووان، دەهاتنە دەرێ گەمەی ئەو دەمانەیان هەمیشە یەك جۆر بوو: تۆپەڵە بەفرێکیان بەسەر ئەرزەکەدا گل دەکردەوە تا دەبوو بە تۆپەڵێکی گەورە، ئەوجا منداڵەکان دەبوون بە دوو دەستە، تۆپەڵە بەفرە گەورەکەیان دەکرد بە سەنگەرو ئیدی شەڕە تۆپەڵ دەستی پێدەکرد. بێ ئەوەی هەست بە سەرما بکەن بە دەستی ڕچیوی سوور هەڵگەڕاوەوە تۆپەڵە بەفریان دەهاویشتە یەکدی، ڕۆژێ کە لە گەرمەی ئەو یارییەدا بوون، ئەو چنگێ بەفری ئاوداری هەڵگرت و لە نێو دەستیا گوشیی و سرەواندیە بارام و هەنیەی برینداری کرد، بەرێوەبەر هات و حەیزەرانێکی قایمی بە نێو لەپی ئەودا کێشا، ڕەنگە سەرەتای دۆستایەتی ئەوو بارام بگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمە، تا ئەم ئاخرو ئۆخرەش هەر جارێ کە چاوی بە شوێن زامەکەی سەر هەنیەی ئەو دەکەوت، ئازاری حەیزەرانەکەی بیر دەکەوتەوە. لە ماوەی ئەم هەژدە ساڵەدا هێند ڕوح و فیکریان لێك نزیك ببۆوە نەك هەر تەنیا بیرو هەستی زۆر نهێنی خۆیان لای یەکدی دەدرکاند، بەڵکو زۆر بیروبۆچوونی نهێنی یەکدییان بێ چ قسە کردنێك دەخوێندەوە. بیرو سەلیقەو ڕەوشتیان زۆر لێکدییەوە نزیك بوو. تا نووکە کەمترین ناکۆکی یا دردۆنگیان نەکەوتبووە نێوان، تاکو پێرێ بەیانی کە هەمایون لە دایەرە بوو تەلەفۆنیان بۆ کرد کە بارامی میرزا خۆی کوشتووە. هەمایون دەست بەجێ گالیسکەیەکی گرت و بە تاو خۆی گەیاندە وێندەر، بە ئەسپایی ئەو پارچە سپییە خوێن مژیوەی سەر دەموچاوی لابرد، برژانگی خوێناوی، مێشکی پرژاوی سەر سەرینەکە، پەڵە خوێنی سەر قالیچەکە.

شین و شەپۆری خزمەکانی چەشنی هەورە تریشقە کاریان تێکرد، ئەوجا تا بولێلی ئێواری بە خاکیان سپارد بەدیار جەنازەکەوە مایەوە، ناردی چەپکێ گوڵیان هێنا، خستییە سەر گۆڕەکەی ئەوو پاش دوا ماڵاوایی بەدڵی پڕەوە بۆ ماڵ گەڕایەوە، بەڵام لەو ڕۆژەوە تا نووکە ئۆقرەی لەبەر بڕابوو. خەو نەچووبووە چاوانی و لاجانگەکانی داوی سپیان تێکەوتبوو، پاکەتێك جگەرەی لەبەر دەمدا بوو و لێکدا لێکدا جگەرەی لێ دەکێشا.

یەکەمین جاربوو کە هەمایون بە قووڵی بیری لە مەرگ دەکردەوە، بەڵام بیری بە هیچ کوێدا نەدەگەیی، چ بیروباوەڕێك قەناعەتی پێ نەدەهێنا.

تەواو کاس و مەنگ ببوو، نەیدەزانی تەگبیری چییە، هەندێ جار تووشی حاڵەتێکی شێتی دەبوو، هەرچییەکی دەکردو دەکۆشا نەیدەتوانی فەرامۆشی بکا، دۆستایەتیان لە قوتابخانەوە دەستی پێکردبوو، ژیانیان تا ڕادەیەکی زۆر ئاوێتەی یەکدی ببوو. ببوون بە شەریکی غەم و شادی یەکدی، هەر کاتێ دەگەڕایەوەو تەماشای وێنەکەی بارامی دەکرد، هەموو یادگارەکانی لەلا زیندوو دەبوونەوەو ئەوی دەبینی: سمێڵە زەردەکەی، چاوە ڕەش و لێك بڵاوەکانی، دەمە چکۆڵەکەی، چەناگەی باریکی، قاقای پێکەنینەکەی لەبەر چاوی بوون، باوەڕی نەدەکرد کە مردبێ، مردنێك بەو ناگەهانییە....! بارام چ زەحمەتێکی بۆ ئەو نەکێشابوو، لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا بە ماموریەت ڕۆیی بوو و بارام سەرپەرشتی ماڵەکەی بۆ دەکرد، وەکو بەدری ژنی دەیگێڕێتەوە "نەیهێشت عەزرەت لە دڵیان بمێنێ".

هەمایون نووکە هەستی بەبار قورسی ژیان دەکردو داخی بۆ ڕۆژانی رابوردوو دەخوارد کە چۆن یەکماڵی لەم ژوورەدا لە دەوری یەکدی خڕ دەبوونەوە. یاری نەردیان دەکردو چەندین سەعاتیان بە شادییەوە دەقەتاند بێ وەی هەست بە تێپەڕبوونی کاتەکە بکەن.

بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێك پتر ئازاری دەدا ئەم بیرە بوو: "وێڕای ئەوەی ئەوەندە هۆگری یەکدی بوون و چ شتێکیان لە یەکدی نەدەشاردەوە، چۆن بوو بارام ئەوی لەم بڕیاری خۆکوژییە ئاگادار نەکردەوە؟ عیللەتی چی

بوو؟ شێت ببوو یا نهێنییەکی خانەوادەیی لە ئارادابووە؟ لێکدا لێکدا ئەو پرسیارەی لە خۆ دەکرد. ئەنجام وەك بڵێی بیری لەسەر شتێك گیرسایەوە پەنای بردە بەر بەدری ژنی و لێی پرسی:

"تۆ چ مەزندەیەك دەکەی نازانم بارام بۆ ئەم کارەی کرد؟".

بەدری کە بە رواڵەت خەریکی درومان بوو و بەسەر دەرزیو تەقەڵادان نوشتابۆوە، سەری هەڵبڕیو وەکو ئەوەی چاوەنۆڕی ئەم پرسیارە نەبووبێ بەبێ مەیلییەوە گوتی:

"من چ بزانم، چی بە تۆ نەگوتبوو؟"

"نـەء... بۆیـە پرسـیارم کـرد... منـیش لەمـە سەرسـامم... وەخـتێ لـە سەفەرەکەم گەڕامەوە هەستم کرد گۆڕاوە، بەڵام هیچی بە من نەگوت، پێم وابوو لە کاروباری دایەرە وەڕزە... چونکە کاری دایەرە رۆحی دەژاکاند. چەندین جار ئەمەی لای درکاندبووم... بەڵام خۆ ئەو چ شتێکی لەمن نەدەشاردەوە."

"خوا عافوی بکا! چەند زیتەڵۆ بە دەماخو قسە خۆش و سوعبەت چی بوو.... ئەم کارە لەو نەدەوەشایەوە".

" نـەء، بـە رواڵـەت وای دەنوانـد: هەنـدێ جـار زۆر دەگـۆڕا. زۆر.... بـە تایبەتی ئەو کاتانەی بە تەنێ بووایە... رۆژێ خۆم بە ژوورەکەیدا کرد نەم ناسییەوە. سەری خستبووە نێو هەردوو دەستیو بیری دەکردەوە هەر کە چاوی بە من کەوت راچڵەکی، بۆ وەی شتەکە لە من وەشێرێ پێکەنیو دەستی بە هەمان شۆخیان کرد. تەمسیلی چاکی دەکرد!".

"رەنگە شتێکی بووبێو دڵی نەهاتبێ بە تۆی بڵێو ملاحەزەی کردبی نەبا پێی غەمگین ببی. ئاخر هەرچییەك بێ تۆ ژنو منداڵت هەن، دەبێ لە بیری ژیاندا بی. بەڵام ئەو...."

بە مەعناوە سەری لەقاند. وەك ئەوەی خۆ کوژی ئەو چ بایەخێکی نەبێ، بێدەنگ باڵی بەسەرداکێشانەوە. بەڵام هەمایون هەستی کرد قسەکانی ژنەکەی ساختەن، هەمان ژن کە هەشت ساڵ لەمەوبەر دەی پەرست،

چونکە بیری یەکجار ناسکی سەبارەت بە عەشق هەبوو! بەڵام لەم ساتەدا وەکو ئەوەی پەردەیەك لەبەرچاوی لاچووبێ، ئەم خەم ساردییەی ژنەکەی بەرانبەر بەیادگارەکانی بارام بێزاری کرد. لە ژنەکەی بێزار بوو چونکە نووکە ببوو بە پولەکی و هەموو هۆش و گوشی لەلای ژیان و ماڵی دنیا بوو و نەیدەویست رێ بەخەم و خەفەت بدا. هەموو بەڵگەشی ئەمە بوو کە بارام ژن و منداڵی نەبوون! چ بیرێکی قیزەوەرە، چونکە ئەو خۆی لەم لەزەتە گشتییە مەحروم کردووە، مردنەکەشی جێی داخ نییە، ئایا بایەخی منداڵەکەی ئەو لە هاوڕێکەی زیاترە؟ هەرگیز! ئایا بارام شایانی داخ نەبوو؟ ئایا لە دنیادا کەسی وەکو ئەو دەبێتەوە؟....

ئەو بمرێو ئەم سەید خانمە خەڵەفاوە نەوەد ساڵەیە، کە ئەوڕۆکە بە نێو بەفرو سەرمادا لە پاچنارەوە بە دارەتەقێ هاتبووو سۆراخی ماڵی بارامی دەکرد تا بڕوا حەلوای مردووان بخوا. بژی. ئەمە کاری خوایە لە روانینی ژنەکەیەوە ئاساییەو بەدری ژنی ئەویش رۆژێك دێ وەکو ئەم سەید خانمە دەردەچێ، هەر لە ئێستاوە بێ میکیاج زۆر گۆڕاوە. چاوەکانیو دەنگی گۆڕاون. کە بەیانی زوو ئەم دەچێ بۆ دایەرە ئەو هێشتا لەغورابی خەودایە، ژێر چاوانی چرچ بوونو ناسکی جارانیان نەماوە، بێگومان ژنەکەشی هەمان هەستی بەرامبەر بەو هەیە، کێ دەزانێ؟ ئایا ئەویش نەگۆڕاوە؟ ئایا هەمان هەمایۆنە میهرەبانو دڵسۆزو قۆزەکەی جارانە؟ ئایا ژنەکەی هەڵنەخەڵەتاندووە؟ باشە بۆ ئەم بیرانەی لا دروست ببوون؟ ئایا ئەنجامی بێ خەوی بوو یا زادەی یادی پڕ داخی دۆستەکەی؟ لەم کاتەدا دەرگا کرایەوە، کە نیزەکێکی عەبا بەسەر کاغەزێکی مۆرکراوی هێنا، دایە دەستی هەمایونو رۆیی.

هەمایون خەتە پچڕپچڕەکەی بارامی لەسەر زەرفی کاغەزەکە ناسییەوە. بە پەلە زەرفەکەی هەڵپچڕی، کاغەزەکەی لێ دەرهێناو دەستی بە خوێندنەوە کرد:

"نووکە کە سەعاتو نیوێکی شەو تێپەڕیوە. ١٣ی مانگی مهر ٩٣٢، من بارام میرزای ارژن پور بە هەوەسو رەزای خۆم هەموو سامانی خۆم بەهوما خانمی مانگ ئاسا بەخشی.

"بارام ارژن پور".

هەمایون بەسەرسامی جارێکی دی نامەکەی خوێندەوە. ئەبڵەق و واقوڕماو کاغەزەکەی لە دەست کەوت. بەدری کە لە ژێرەوە چاوی لێی بوو، پرسی: "کاغەزی کێ بوو؟".

"بارام"

"چی نووسیوە؟"

"دەزانی چ سامانێکی هەیە بە هومای بەخشیوە...."

"چەند پیاوێکی چاکە"

دەربڕینی ئەم سەرسامییە پڕ لوتفە، هەمایۆنی پتر لە ژنەکەی وەڕزکرد، بەڵام بێ ئیختیار نیگای لەسەر وێنەکەی بارام گیرسایەوە. پاشان گەڕایەوەو روانییە هوما. لە پڕ شتێکی بە بیرا تێپەڕی کە ئازای گیانی لەرزاند. وەك بڵێی پەردەیەکی دیکە لەبەرچاوی لاچوو: هومای کیژی بێ کەمو زیاد وەکو بارام بوو، نەبەمی کردبوو نە بە دایکی، چاوی شتاقیان رەش نەبوو، دەم بچکۆڵە، چەناگە باریك، رێك هەموو کەسمی دەموچاوی وەکو بارام بوو. هەمایۆن نووکە پەی بەوە برد کە بۆچی بارام ئەوەندە هۆمای خۆشویستوەو نووکەش لە پاش مەرگی سامانەکەی بەو بەخشیوە! ئایا ئەو هەموو خۆشەویستییەی ئەم منداڵە زادەی پێوەندی نهێنی بارامو ژنەکەی ئەم بووە؟ لەگەڵ هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی خۆیدا! ژنەکەی ساڵەها دەستی لەگەڵیا تێکەڵ بووە بێ وەی ئەو بزانێو لە هەموو ئەم ماوەیەدا هەڵی خەڵەتاندووە. پێی رابواردووەو نووکەش ئەم وەسیەت نامەیە. ئەم جنێوی پاش مەرگەی بۆ ناردووە. نا نەدیدەتوانی هەموو ئەم شتانە ئاسایی وەربگرێ، ئەم بیرانە وەکو بروسکە بە بەردەمیا رەت بوو،

سەری کەوتە ژان، گۆناکانی خاوبوونەوە، نیگایەکی شەڕانی بڕییە بەدریو گوتی:

"تۆ چ دەڵێی، ها، بارام بۆ ئەم کارەی کردووە، چی خوشكو برای نەبوون؟"

"چونکە دوور لە ئێستا ئەم منداڵەی زۆر خۆش دەویست، وەختێ تۆ لەبەندەری گەز بووی، هوما سیرۆژەی گرت، دە شەوو رۆژ ئەم پیاوە بەدیار ئەم منداڵەوە وەستا، خوا عافوی بکا!"

هەمایۆن بە تووڕەیی گوتی: "نەخێر بەم سادەییەش نییە...."

"چۆن؟ خۆ هەموو کەسێك وەکو تۆ بێ رەحم نین کە سێ ساڵان ژن و منداڵەکەت بەجێ بێڵیی بڕۆی، وەختێ کە گەڕایتەوەش دەست لە گونان شۆڕتر، جووتە گۆرەوییەکیشت بۆ نەهێنام. دیاری دەست خاتر گرتنو قەدرزانییە، کە خاتری منداڵەکەی تۆی ویستووە یانی خاتری تۆی ویستووە دەنا عاشقی هوما نەبوو. ئەدی بەخۆت نەتدەبینی ئەم منداڵەی لە هەردووك چاوی پتر خۆش دەویست...))

((نا. راستیم پێ ناڵێی.))

((دەتەوێ چ بڵێم؟ تێ ناگەم...))

((خۆت گێل دەکەی..))

((یانی چی؟.. یەکێکی دی خۆی کوشتووە، یەکێکی دی سامان و سەروەتی خۆی بەخشیوە، من دەبێ حیساب و کیتاب بکەم؟))

((ئەوەندە دەزانم کە دەبێ تۆش بزانی!))

((دەزانی چییە، من سەر لە قسەی بە توێکڵ دەرناکەم، بڕۆخۆت معایەنە بکە،

بیرت بلاوە، چیت لەمن گەرەکە؟))

((لات وایە من نازانم ؟))

((کە دەزانی بۆ لە من دەپرسیت ؟))

((بەسە. بەسە. تائێستا پێت رابواردووم!))

پاشان وەسیەتنامەکەی بارامی هەڵگرتەوە. گرمۆڵەی کرد و هاویشتییە سۆپاکەوە، گڕی گرت و بوو بەخۆڵەمێش.

بـەدری ئـەو پارچـە وەنەوشـەییەی کەبەدەسـتیەوە بـوو. تـوڕداو هەسـتا و گوتـی:

((باشە وا لەمن چووی بەقینا، بەمنداڵەکەی خۆتشی ڕەوا نابینی؟))

هەمایۆن هەستا، پشتی بەمێزەکەوەداو بە تەوسەوە گوتی:

((منداڵی من... منداڵی من. ئەدی بۆ لە بارام دەچێ ؟))

ئانیـشکی دا بـەو چوارچێوەیەدا کـە وێنەکـەی بـارامی تێـدا بـوو، و کەوتـە سەر زەوی. منداڵەکە تائیـستا خیـشی کردبوو، کەوتـە گریـان. بـەدری بـەڕەنگی بزرکاو وسەدای پڕ لە هەڕەشەوە گوتی: ((مەبەستت چییە؟ دەتەوێ چ بڵێی))

دەمەوێ بڵێم هەشت ساڵە هـەڵت خەڵەتانـدووم، پێـت رابواردووم، هەشت ساڵە تفی سەرەو ژوور بوویت نەك ژن؟..."

لەگەڵ منتە...؟ لەگەڵ کچەکەمتە؟"

هـەمایۆن بـە پێکـەنینێکی تـوڕەوە چوارچـێوەی وێنەکـەی نیـشانداو بـە هەناسە بڕکێوە گوتی:

"بـەڵێ: کـچی تـۆ... کـچی تـۆ... کاکـە ببینـە. دەمـەوێ بڵـێم نوکـە چـاوم هـەڵهات. بـۆم دەرکـەوت کـە بۆچـی سـامانەکەی پـێ بەخـشیوە. بـابێکی میهرەبان بووە، بەڵام تۆ بە قەولی خۆت هەشت ساڵەکە..."

"کـە لـە مـاڵی تـۆدا بـووم. کـە هـەموو جـۆرە رەنجـێکم کێـشاوە. کـە بـە کـوێرەوەری کردمیـت بـە مـاڵ، کـە سـێ سـاڵان لێـرە نـەبووی پارێزگـاری ماڵەکەتم کـرد، پاشـانیش هـەواڵیان بـۆ هێنـام کـە لـە بەنـدەری گـەز عاشقی ژنۆکەیـەکی بـێ سـەروبەری رووسـی بـوو بـووی. نووکـەش ئەمـە پاداشـتی چـاکەکەمە، چ هەنجـەتێکت بەدەسـتەوە نییـەو دەڵێـی منداڵەکـەم لـە بـارام

دەچێ. بەڵام من چیدی ئامادەنیم... یەك دەقیقەی دی لـەم ماڵـە بەنـد نـابم. وەرە گیانە... وەرە بڕۆین".

هوما بە رەنگی هەڵبزرکاوو ترسەوە دەیڕوانییە ئەم کێشمانە کێشە سەیرو بـێ وێنەیـەی نێـوان بـابی و داکـی. بـەدەم گریانـەوە تەنورەکـەی گـرت و هەردووکیان بەرەو دەرگا چوون. بەدری لەبەر دەرگاکەوە دەستەیەك کلیلی لە بەرکی دەرهێناو بە توندی توڕی دان و لەبەر پێی هەمایۆندا کەوتەوە.

دەنگـی گریـانی هۆمـاو دەنگـی پـێ لـە داڵانەکـە دوور کەوتنـەوە، دوای دە دەقیقەیـەك دەنگـی پێـچکەی عەرەبانەیـەك هـات کـە ئـەوانی بـە نێـو بـەفرو سەرمادا برد. هەمایۆن مات و مەنگ لە جێی خۆی وەستابوو. دەترسا سەر هـەڵبڕێ. نەیدەویـست بـاوەڕ بـەوە بکـا کـە ئـەم رووداوانـە راستن. لـە خـۆی دەپرسی: رەنگە دین بووبێ یا خـەونێکی ترسـناك دەبینـێ، بەڵام ئەوەی کـە بەلایـەوە روون و ئاشـکرا بـوو ئەمـە بـوو لەمـەوپاش نەیـدەتوانی لـەم ماڵـەدا بـژی و هـەڵبکا، ئیـدی نەیـدەتوانی هومـای کـچی کـە ئەوەنـدەی خـۆش دەویـست بـدینێ. نەیـدەتوانی چـیدی ماچـی بکـاو بـیلاوێنێ، یادگـاری رابـوردووی هاوڕێکـەی لەکـەداربوو بـوو. لـە هـەمووی خراتـر ئـەوە بـوو ژنەکەی هەشت ساڵان بە پەنامـەکی دەسـتی لەگـەڵ یەکانـە دۆسـتیا تێکـەڵ کردبـوو، ژیـانی خێزانـداری لەکـەدار کردبـوو، هـەموو ئەمانـەش بـە دزی ئـەوەوە ، بـێ ئـەوەی پـێ بزانـێ! هـەر هـەموویان ئەکتـەری لێهـاتوو بـوون، تەنیا ئەو خەڵەتاوەو پێیان رابواردووە. لە هەموو ژیانی بێزاربوو، بەرانبەر هـەموو شـتێك و گـشت کەسـێ دڵ کرمـێ بـوو. هەسـتی بـە تـەنیایی و نامۆییەکی گەورە کرد. چ چارێکی نەبوو جگە لەوەی خۆی نەقل بکا بۆ شارێکی دوور یا یـەکێك لـە بەنـدەرەکانی باشـوورو باقی ژیـانی لەوێنـدەر بقەتێنێ یا خۆی بکوژێت، بچێ بۆ شوێنێ کەس نەبینێ، گوێی لـە دەنگـی کـەس نـەبێ، لـە چـاڵێکا رابکـشێت و ئیـدی هەڵنەسـێتەوە. چـونکە بـۆ یەکـەمجار هەسـتی کـرد گێـژاوێکی ترسـناك لـە نێـوان ئـەوو هـەموو ئـەو کەسانەی دەوروبەریا هەبووەو تا نووکە پەی پێ نەبردبوو.

جگەرەیەکی داگیرساندو بە ژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ، دیسان پشتی بە مێزەکەوەدا، کلۆ بەفرەکان لە پشت شووشەی پەنجەرەکەوە بە ئەسپایی و بەردەوام وەك ئەوەی لەسەر نەزمی مۆسیقایەکی سیحراوی سەما بکەن دەهاتنە خوارێ و دەنیشتنە سەر گۆیسەبانەکە. بێ ئیختیار یادی ئەو رۆژە خۆشانەی بیرکەوتەوە کە لەگەڵ دایك و بابیا دەچوونەوە بۆ گونەدەکەی خۆیان لە عێراق. بە رۆژەوە بەتاقی تەنێ لەسەر سەوزە گیای ژێر درەختەکاندا دەنووست، لەو شوێنەدا کە شێر عەلی سەبیلەکەی تێدەکردو لەسەر جەنجەڕەکە دادەنیشت و کچەکەی کە عەبایەکی سووری هەبوو بۆ ماوەی چەندین سەعات لەوێ را چاوەنۆڕی بابی دەکرد. باڵتەی جەنجەرەکە بە جیڕە جیڕ سواڵەی زێڕینی گەنمی قرچەشکێن دەکرد. نووکە وەزع و حاڵی ئەو رێك وەکو ئەو گایانە وابوو، نووکە دەیزانی ئەم ئاژەڵانە هەستیان بەچی دەکرد. ئەویش بە درێژایی ژیانی بە چاوی بەستراوەوە بە دەوری خۆیدا خولابووەوە، وەکو بارگیری دەوری ناعور، وەکو ئەو گایانەی کە خەرمانیان گێرە دەکرد، ئەو هەموو سەعاتانەی هێنایەوە یادی خۆی کە لە ژووره بچوکەکەی گومرگدا دانیشتبوو و هەمان ئەو کاغەزانەی رەش دەکردەوە، هەندێ جار دەیڕوانییە هاوکارەکەی و باوێشکی دەدا، دووبارە دەستی دەدایەوە قەڵەم و هەمان ئەو نیمرانەی لە ریزی خۆیدا دەنووسین، بەراووردی دەکردن، کۆی دەکردنەوە، دەفتەرەکانی ژێرو ژوور دەکرد، بەڵام ئەوساکە تاقە دڵخۆشییەکی هەبوو، هەر چەندە دەیزانی کە چاوەکانی، بیری، لاوی و هێزو توانای بەرە بەرە دەتوێنەوە، بەڵام کەشەوان دەگەڕایەوەو بارام، کچەکەو ژنەکەی بە روو خۆشییەوە دەبینی هەموو هیلاکی لەشی دەردەچوو، بەڵام نووکە لەوانیش، لە هەر سێکیان وەڕەز بوو، هەر ئەوان بوون کەئەویان گەیاندبووە ئەم رۆژە.

وەك بڵێی لە پڕ بڕیارێکیدا، خۆی گەیاندە پشت مێزی نووسینەکەی، چەکمەجەی مێزەکەی راکێشا، حەوت تیرە بچووکەکەی کە هەمیشە لە

سەفەراندا پێی بوو، دەرهێنا، جەربانەی فیشەکەکان لەجێی خۆبوون، تەماشایەکی نێو لوولە ساردو رەشەکەی کردو بە ئەسپایی لەسەر لاجانگی خۆی راگرت، بەڵام دەموچاوی لە خوێنا خلتانی بارامی بیرکەوتەوە. ئەنجام دەمانچەکەی نایە گیرفانی.

هەستایەوە سەرپێ و لە داڵانەکەدا پاڵتۆکەی لەبەر کرد، پێڵاوە لاستیکەکانی لەپێکرد، چەترەکەشی هەڵگرت و لە ماڵ وەدەر کەوت. کوچەکە چۆڵ بوو. کلۆ بەفر بە ئەسپایی دەهاتە خوارێ. بێ وەی بزانێ کێوە دەچێ، کەوتە رێ، تەنیا ئەوەی دەویست لە ماڵەکەی خۆی، لەم هەموو رووداوە سامناکانە هەڵێ و دووربکەوێتەوە.

لە شەقامێکی ساردو سپی و خەمناکەوە سەری دەرهێنا، جێ پێچکەی گالیسکان لەسەر بەفرەکە نەخش ببوو. هەمایۆن بە ئەساپایی هەنگاوی هەڕاوی دەنا، ترومبێلێك تیژ تێپەڕ بە تەنیشتیا رەت بوو و بەفرو قوڕو چڵپاوی شەقامەکەی بەسەرو روویا پرژاند، وەستا، سەیرێکی جلەکانی کرد، لە قوڕو چڵپاودا هەڵکشابوون، ئەمەی پێناخۆش نەبوو، بگرە بەلایەوە جۆرە دڵنەواییەکی رۆحیش بوو، لە رێگادا تووشی کوڕیژگەیەکی شقارتە فرۆش بوو، گازی کرد. شقارتەیەکی کڕی، بەڵام کە دیقەتی روخساری کوڕیژگەکەی دا سەیری کرد چاوەکانی رەش، لێوی تەنگ و قژی زەرد بوو. بارامی بیرکەوتەوە، تەزوویەکی پێداهات و ملی رێگای گرت. لە پڕ لەبەر جامخانەی موغازەیەکا وەستا. چووە بەرەوە، هەنیەی بە شووشە ساردەکەوە چەسپاند. خەریك بوو کلاوەکەی بەربێتەوە، ئەسباب وازی دنیا لە نێو جامخانەکەدا رێز کرابوون. بەسەری قوڵی کەوتە سڕینەوەی بوخاری سەر شووشەی جامخانەکە، بەڵام ئەم کارە بێهودە بوو، بووکۆکەیەکی گەورەی دەموچاو سووری چاوشین–ی دەم بەبزە لەبەر دەمیا بوو، قەیرێ بەماتی تێی روانی، لەبەر خۆوە بیری کردەوە ئەگەر ئەم بووکۆکەیە هی هۆما بایە چەندی پێ خۆشحاڵ دەبوو.

موغازەچییەکە دەرگاکەی کردەوە، هەمایۆن کەوتەوەڕێ، بەیەك — دوو کۆڵانی دیدا تێپەڕی. لە ڕێگادامامر فرۆشێکی بینی کە لە پاڵ سەبەتەکەیا دانیشتبوو سێ مامرو کەڵەشێرێك کەلاقیان پێکەوە بەسترابوون، لەسەر سەبەتەکە دانرابوون، لاقە سوورەکانیان لەسەرمانا دەلەرزین. لە تەنیشتییەوە پەڵە خوێنی سوور ڕژابووە سەر بەفرەکە، نەختێ لەولاترەوە کوڕێژگەیەکی کەچەڵی قۆڵ و بازوو لە کراسی دڕاوەوە دەرهاتوو لەبن بانیژەیماڵێکا دانیشتبوو.

هەموو ئەمانە سەرنجیان ڕاکێشا، بەڵام نەیدەزانی لە کوێیەو بۆ کوێ دەچێ، هەستی بە بارینی بەفرەکە نەدەکرد، چەترەکەی هەر بە دادڕاوەیی بە دەستەوە بوو، خۆی بە کۆڵانێکی چۆڵی دیدا کرد، لەسەر سەکۆی بەر ماڵێکدا ڕۆنیشت. بەفر توندتر ببوو، چەترەکەی هەڵدا، شەکەتی تینی بۆ هێنابوو، سەری قورس ببوو. چاوەکانی بە ئەسپایی وێك هاتنەوە.

دەنگی ڕێبوارێك وەئاگای هێنایەوە، هەستا، دنیا تاریك ببوو. هەموو شتەکانی ئەو ڕۆژەی وەبیر خۆی هێنانەوە. کوڕە کەچەڵە شڕۆڵەکە، لاقی سووری مامرەکانی سەر سەبەتەکە کە لەسەری هەڵدەلەرزین، ئەو پەڵە خوێنانەی ڕژابوونە سەر بەفرەکە. هەستی کرد کەمۆکەکی برسییە، کێکێکی لە دوکانێکی شیرینی فرۆشدا کڕی، بەڕێوە دەیخواردو وەکو تارماییەك بێ اختیار بە کۆڵانەکەدا دەسووڕایەوە.

کە خۆی بە ماڵێدا کرد، سەعات دووی سەر لە بەیانی بوو. وەکو مەیت خۆی دەنێو کورسییەکە خزاند. پاش سەعاتێك لەسەرما خەبەری بۆوە، هەر بە جلەکانییەوە چووە نێو جێگای نووستنەوە، لێفەکەی ڕاکێشایە سەر خۆی، خەونی بینی، لە خەویا هەمان کوریژگەی شقارتە فرۆش جلێکی ڕەشی لەبەر کردبوو و لە پشت مێزێکەوە کە بووکۆکەیەکی گەورەی لەسەر بوو دانیشتبوو. بووکەکە چاوشین، لێو بەخەندە سێ کەس دەستەو نەزەر لەبەردەمیا وەستابوون، هومای کیژی ئەو بە مۆمێکەوە وەژوور کەوت. دوای ئەو پیاوێك وەژوورکەوت، دەموچاوە سپییەکەی

بەڕووپۆشێکی سپی خوێناوی داپۆشرابوو، چووە پێشەوە دەستی کوڕە شقارتە فرۆشەکەو هومای گرت، کە ویستی لە سڤدەری دەرکەی بچێتە دەرێ دوو دەست کە ڕووی حەوت تیرکێیان کردبووە ئەو لە پشت پەردەوە دەرکەوتن. هەمایۆن بەترس‌و ژانەسەرێکی ناخۆشەوە لە خەو ڕاپەڕی.

دوو هەفتەی ژیانی وی بەو تەرحە تێپەڕین، بە ڕۆژەوە دەچووە دایەرەو شەوانی درەنگ بۆ خەو

دەگەڕایەوە ماڵێ. هەندێ عەسران بە خۆشی نەدەیزانی چۆن ڕێی دەکەوتە گوزەرێکی نزیکی قوتابخانەیەکی کچانە کە هومای کیژی لەوێندەر بوو.

کە زەنگی پشوو لێی دەدا، لە پێچێکاو لە پەنای دیواری قوتابخانەکەدا خۆی مات دەدا، دەترسا لەوەی کە مەشهەدی عەلیی نۆکەری ماڵی خەزووری بیدینێ، چاوی بەیەك بەیەکی منداڵەکاندا دەگێڕا، بەڵام هومای کچی نەدەبینی.

موافەقەی نەقڵەکەی هاتەوەو دایەرەی گومرگی کرماشانی بۆ دیاری کرا.

هەمایۆن ڕۆژێك بەر لە ڕۆژیشتن هەموو کاروبارێکی خۆی ڕێکخست. چووە گەراج، ترومبیلەکەی بینی، بلیتی سەفەری بڕی، بەڵام لەبەر ئەوەی جانتاکانی نەبەستبوون‌و خاوەن گەراجەکەش پێی داگرت کە ئەو ئێوارەیە فریاناکەوێ، سەفەرەکەی لە بری هەمان ئێوارە دواخست بۆ سبەی بەیانی.

کە وەژوور کەوت یەکسەر چوو بۆ ئەو ژوورەی کە مێزی نووسینەکەی خۆی تێدا بوو. ژوورەکە شێواوو پێکادراو، خۆڵەمێشێکی سارد لەبەر سۆپاکەدا ڕژابوو. پارچەیەکی وەنەوشەیی ئاوریشم چن‌و ئەو زەرفەی کە وەسیتنامەکەی بارامی تێدابوو. لەسەر مێزەکە دانرابوون. زەرفەکەی هەڵگرت‌و دڕاندنی، بەڵام پارچە کاغەزێکی نووسراوی تێدا دیت کە ئەو ڕۆژە لەبەر پەلەکردن بەرچاوی نەکەوتبوو. پاش ئەوەی پارچە کاغەزەکانی لەسەر مێزەکە خستنەوە پاڵ یەك، ئەمەی خوێندەوە:

"بێگومان پاش مەرگم ئەم کاغەزەمت دەگاتێ. دەزانم سەرت لەم بڕیارە کوتو پڕەی من سووڕ دەمێنێ، چونکە چ کارێکم بەبێ راوێژی تۆ نەدەکرد. بەڵام بۆ ئەوەی چ رازو مەرامێك لە نێوانماندا نەبێ دان بەوەدا دەنێم کە من بەدری ژنتم خۆش دەویست. چوار دانە ساڵ بوو لەگەڵ خۆدا دەجەنگیم، ئاقیبەت زاڵ بووم و بۆ ئەوەی خیانەتم لە تۆ نەکردبێ دێوە سەر شێتەکەی ناخی خۆم کوشت. شتێکی ناچیز پێشکەش بە هوما خانم دەکەم هیوادارم قەبووڵ بکرێ!

دڵسۆزتان بارام–"

هەمایۆن قەیرێ بە ماتیو مەنگی روانییە ژوورەکە. نووکە خاترجەم بوو کە هوما منداڵی خۆیەتی. ئایا دەیتوانی بێ ئەوەی هوما بدینێ بڕوا؟ کاغەزەکەی دووبارەو سێ بارە خوێندەوەو لە بەرکی ناو لە ماڵ وەدەرکەوت. لە رێگا بێ دوودڵی خۆی بە موغازەی ئەسباب وازی فرۆشەکەدا کرد. بووکۆکە گەورە دەموچاو سوورە چاوشینەکەی کڕیو بەرەو ماڵی خەزووری کەوتە رێ. کە گەییە وێندەر لە دەرکەیدا: کە مەشهەدی عەلی نۆکەریان هەمایۆنی بینی بە چاوی گریاناوییەوە گوتی:

"قوربان، چ قوڕێکم بەسەرا کرا؟ هوما خانم!"

"چی لێهاتووە؟"

"قوربان تۆ نازانی هوما خانم لە دووری تۆ چەند بێ قەراری دەکرد. هەموو رۆژێ بەخۆم دەمبرد بۆ قوتابخانە. رۆژی یەك شەممە بوو. یانی ئەوە پێنج رۆژە کە عەسرەکەی لە قوتابخانە هەلات، گوتبووی دەچم بۆ کن بابە گیان. ئێمە زۆر شپرزە بووین. چما محمد پێی نەگوتییت؟ تەلەفۆنمان کرد بۆ مەرکەز، من دوو جاران هاتم بۆ ماڵتان"

ئەوە چ دەڵێی؟ چی بووە؟"

هیچ قوربان، درەنگە شەوانێ بوو کە بۆیان هاوردینەوە، رێی وێڵ کردبوو. لەسەرما نەخۆش کەوت. تا گیانی سپارد هەر تۆی گاز دەکرد. دوێنێ بردمان بۆ شا عبدالعظیم، لەپاڵ قەبرەکەی بارام میرزاوە ناشتمان".

هەمایۆن بەسەرسامیو حەپەساوی دەیڕوانییە مەشهەدی عەلی، لەم دەمەدا بووکۆکەکەی لێ بەربووەوە. پاشان وەکو دینان یەخەی پاڵتۆکەی هەڵدایەوەو بە پەلە بەرەو گەراج رۆیی. چونکە لە بەستنی جانتاکانی ببۆوە دەیتوانی بە ترومبێلی عەسر تا زووترە لەوێ بڕوا.

***

سەرچاوە: عبد العلی دستغیب

* قصة نويسي / رضا براهني

چاپ چهارم نشر البرز/ تهران / ١٣٦٨ ل ٤٨١- ٤٨٨

*ادبيات داستاني

قصة، رمانس، داستان كوتاه، رمان

جمال مير صادقي

تهران ١٣٧٦ چاپ سوم

* صد سال داستان نويسي ايران

حسن مير عابديني

چاپ اول ١٣٧٧ ل ٥٥-٨٠ و ل١٠١-١٠٤

* خلاصة داستاني كوتاه فارسي أز آغاز تا امروز

محمد باقر رضايي / چاپ اول ١٣٧٨

* صادق هيدايت و مرگ نويسنده:

دكتر محمد علي همايون كاتوزيان

چاپ دوم ١٣٧٤ نشر مركز

* يوسف اسحاق پور. برمزار صادق هيدايت، ترجمة باقر پرهام

تهران، باغ آيينة ١٣٧٣

* حەمە کەریم عارف، ئەودیوی مەرگ، چاپی ٢٠٠١ هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ل٣١-٥٦

حەمە کەریم عارف

- کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایک بووە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) ڕۆژنامەی هاوکاری ساڵی ١٩٧٣ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٦ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک، نووسەری کوردستان، کەلتوور، نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢٠٠، گۆڤاری نەوشەفەق.
- جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک، نووسەری کوردستان، کەلتوور، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە.
- جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ئیدی ئەندامی هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی نەبووە، لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی، پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە ڕۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لــە هەشـــتاکانەوە تـــا ئێـــستا راســـتەوخۆ سەرپەرشـــتی و سـەرۆکایەتی لقـی کـەرکووکی یـەکێتیی نووسـەرانی کـوردی کردووە.
- زۆر بەرهـەم و کتـێبی چاپ و بـڵاو کردۆتـەوە، لـێ زۆربـەی هـەرە زۆریـان، بـە تایبـەتی ئەوانـە لـە چیادا چـاپ بـوون بـە نوسـخەی هێندە کەم بڵاو بوونەتەوە، لە نرخی نەبوو دان و هـەر ئەوەندەیـە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩
٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم ١٩٨٨
٣- بەیداخ، چیرۆك، ١٩٨٨
٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك چاپی دووەم ٢٠٠٥
٥- لـە خـۆ بێگانـە بـوون، کۆمەڵـە چـیرۆك، چـاپی یەکـەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێران چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ
٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، دوو چاپ، شاخ، شار ٢٠٠٢
٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، دوو چاپ، شاخ، شار ٢٠٠٣ دەزگای ئاراس
٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، یەك چاپ (شاخ)
١٠- شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راە کارگر)
١١ – هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، دوو چاپ، شاخ، شار ٢٠٠٠ گوڵان
١٢- بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، ٣ چاپ شاخ، شار ٢٠٠٣
١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دووره وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٥- ئـازادی یـا مـەرگ، رۆمـان، کـازانتزاکیس، چـاپی یەکـەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران
١٦- چـیرۆکەکانی سـەمەدی بیهرەنگـی، دوو چـاپ، شـاخ، شـار ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەف دەهڤانی، چاپی شاخ
١٩- مەسەلەی کورد لە عێراقدا، عزیز شەریف
٢٠- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا، یەك چاپ
٢١- خـەباتی چـەکداری هـەم تاکتیکـە هـەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمـەد زادە، چاپی شاخ
٢٢- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی شێیەم ٢٠٠٤ دەزگای ئاراس
٢٣- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان
٢٤- گوزارشتی مۆسیقا، د. فۆاد زەکەریا.
٢٥- دەربارەی شیعر و شاعیری، رەزا بەراهەنی.
٢٦- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٢٧- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٢٨- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە، مالرۆ.
٢٩- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٣٠-بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٣١- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)
٣٢- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.
٣٣- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری.
٣٤- کورد لـە ئەنسکلۆپیدیای ئیسلام دا، چاپی یەکـەم ١٩٩٨ وەزارەتـی رۆشنبیری.

٣٥- هونەر و ژیانی کۆمەڵایەتی، پلیخانۆڤ، چاپی یەکەم ٢٠٠٥ دەزگای موکریانی

٣٦- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت، ئیڤلین رىید.

٣٧- لێکدانەوەیەك لە مەڕ نامۆ، لویس ریی.

٣٨- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.

٣٩- فاشیزم چیی؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای

٤٠- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان

٤١- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)

٤٢- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە.

٤٣- کۆمەڵێك ئەفسانەی جیهانی (٢٣ ئەفسانە)

٤٤- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆکی چیخوف، چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای موکریانی

٤٥- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

٤٦- جێ پێ، کۆمەڵێك چیرۆکی فارسی چیرۆکنووسان:(سادقی هیدایەت، جەلال ئال ئەحمەد، بوزرگی عەلەوی، سادقی چوبەك، مەنسوری یاقوتی)

٤٧- چیرۆکستان، کۆمەڵێك دەق و رەخنە، چاپی یەکەم ٢٠٠٥ نووسەرانی کەرکووك

٤٨- چۆنیەتی فێر بوونی زمانی فارسی، چاپی یەکەم (٢٠٠٠) حەمە کەریم عارف

٤٩- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی - کوردی) حەمە کەریم عارف

٥٠- پەلکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) وەزارەتی رۆشنبیری

٥١- کۆمەڵێك چیرۆکی بێگانە

٥٢- چزیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

٥٣- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٤- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٥- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی

٥٦- گوگول، نووسەری ریالیست

٥٧- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

٥٨- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

٥٩- خافرو غ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

٦٠- رێبازە هونەرییەکانی جیهان

٦١- ریالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبیات دا، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) دەزگای سپیرێز

٦٢- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان

٦٣- راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف

٦٤- دیدار و دەق و رەخنە.

٦٥- دیداری چیرۆکڤانی.

٦٦- قوتابخانە ئەدەبییەکان، رەزا سەید حسەینی.

٦٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف

٦٨- هەزار تۆپی شیعری نوێخوازی و چەند باسێکی دی، حەمە کەریم عارف.

٦٩- کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، کریس کۆچرا، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران

* لە راپەڕینەوە تا نهوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی دەکات و بەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاو دەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن، ئامادەیە بە خۆڕایی پێشکەشیان بکات

لە چاپکراوەکانی پڕۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم

ناوی کتێب	نوسینی	وەرگێڕانی
١- فریوو خۆحەشاردان	عەتا محەمەد	
٢- ئایین (هزر سیاسەت)	چەند نوسەرێك	یاسین عومەر
٣-بەیەکداکێشانی شارستانێتییەکان	سامویل هانتینگتۆن	ئاوات ئەحمەد
٤- سوەیلا	شارام قەوامی	
٥-رۆژی هاتنەکەی عودەی	ئاوات عەبدوڵڵا	
٦-سیماکانی عەقڵانیەت و	فالح عەبدولجەبار	ئاوات ئەحمەد
٧- وەنەوشەکەی چوارشەممان		شیرین.ك
٨- نەبەهەشت لەسەر زەویدایە و		ئومێد عوسمان
٩-فیمینیزم		عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
١٠-لە روانگەی خۆرئاواوە		ئومێد عوسمان
١١- منداڵباز	فەرهاد پیربال	
١٢-کیمیاگەرانی وشە	چەند نوسەرێك	یاسین عومەر
١٣-گوزارشتی مۆسیقا	د. فوئاد زەکەریا	حەمە کەریم عارف
١٤-خەمەکانی رۆشنگەری	هاشم ساڵح	ئاوات ئەحمەد
١٥-یەڵماز گۆنەی		حەمە کەریم عارف
١٦-هەناسەی پێخەفە داخراوە ئەبەدییەکان		چنوور سەعیدی

نرخ(٢٠٠٠) دینار